WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو
RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (332) دووشەممە 2014/11/3 12ی گەلاڕێزان 27 (50)

## 14 ملیار دۆلاری داهاتی نەوتی عێراق دیار نییە

**ڕووداو- هەولێر**

پەرلەمانتارێکی کورد ئاشکرای دەکات کە بڕێکی زۆر پارە لە عێراق دیار نەماوەو کەسیش نازانێ ئەو پارەیە چۆن خەرجکراوە. ئەوە لەکاتێکدایە کە حکومەتی عێراق دەڵێت هیچ پارەیەکیان لەبەردەست نییە بۆ هەرێمی کوردستانی بنێرن.

نەجیبە نەجیب، پەرلەمانتاری پارتی لە پەرلەمانی عێراق کە ئەندامی لیژنەی داراییە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە 2013/12/31 داهاتی عێراق لە سندووقی گەشەپێدانی عێراق DFI کە سندووقی داهاتی نەوتە لە ئەمریکا 18 ملیار و 500 ملیۆن دۆلاری تێدابووە، ئەم پارەیە نابێت دەستکاری بکرێ و خەرج بکرێ، بەڵام لە 2013/12/31 پارەکە دابەزیوە بۆ 6 ملیار و 500 ملیۆن دۆلار".

بەپێی دوایین ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی عێراقیش، ئەو پارەیە لە جیاتی ئەوەی زیاد بکات، بۆ شەش ملیار و 500 ملیۆن دۆلار دابەزیوە. واتە ئێستا 14 ملیار دۆلاری عێراق دیار نییە.

« 3




## سەرکۆمار حەرامەکانی مالیکی حەڵاڵ دەکات

4

## شیعە و سوننە لە کوردستان تۆڵە لە یەکدی دەکەنەوە

5



بەرپرسی لقی چواری پارتی:

## یەکێتی لە ڕووی ئیدارییەوە لە سلێمانی شکستی هێناوە

7



# بەغدا هێزێکی میلیشیایی لە کوردستان دروست دەکات

« 3



**4000**
کەس ناوی خۆیان نووسیوە

ئاسیاسێڵ
کۆماندەکانەوە







٥٠٠٠ دینار باڵانس + 250MB ئینتەرنێت
تەنها بە ٥٠٠٠ دینار

بۆ یەکەم جار لە عیراق و لە ئاسیاسێڵەوە لەگەڵ پاکێجی «خەڵاتی 250MB» هەفتەیەک ٥٠٠٠ دینار بدە و ٥٠٠٠ دینار باڵانس وەربگرە لەگەڵ 250MB ئینتەرنێت کە دەتوانیت بۆ ماوەی هەفتەیەک بەکاریبهێنیت.
بۆ بەشداریکردن پەیوەندی بکە بە #٢٨٢*

هێڵی خەڵاتی نوێ
ئۆفەرێکی بەردەوام
لە هەولێر و دهۆک

/AsiacellConnect

www.asiacell.com ١٣١/١١١ خزمەتگوزاریی بەشداربووان

ڕووداو
ژمارە (332) دووشەممە 2014/11/3

## هاووڵاتییەک ئامۆزایەکی خۆی دەکوژێت

**ڕووداو- هەولێر**

پێش نیوەڕۆی ڕۆژی 2014/11/2 لە کۆمەڵگەی مەلا ئۆمەری سەر بە هەولێر، شەڕ دەکەوێتە نێوان بنەماڵەیەک و لە ئەنجامدا کەسێکیان لێ دەکوژرێت. بەپێی زانیاری پەیامنێری تۆڕی میدیایی ڕووداو لەو ناوچەیە، شەڕ و پێکدادان بە چەک لە نێوان دوو خێزانی سەر بە بنەماڵەیەک لەسەر زەوی وزار دروستبوو و لە ئەنجامدا یەکێک لە شەڕکەرەکان ئامۆزایەکی خۆی بریندار دەکات، کە بە هۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەستدا.



بەنیازبوون داوای 400 هەزار دۆلار بکەن

# ڕفێنراوێک یەک کاژێر بەپێ بەناو سلێمانیدا دەسووڕێنرێتەوە

**نەوزاد مەحموود و چۆمان مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

کاتێک چاودێری تەمەن 13 ساڵان لە شەقامێکی سلێمانی هاوڕێیەکی دەبینێت، هاوڕێکەی لێی دەپرسێت "ئەوە کێیە لەگەڵت"، ئەو دەڵێت "ئەوە برادەرمە"، بەڵام ئەو کەسە کە جلی پۆلیسی لەبەردابووە برادەری نەبوو، بەڵکو ڕفێنەری چاودێر بوو. چاودێر فایەق دەڵێت "ئەو کەسە پێیگوتم ئەگەر پرسیاریان لێکردم، بڵێم برادەرمە".

شەوی 2014/11/1 حاڵەتێکی ڕفاندنی سەیر لە سلێمانی ڕوویدا. چەند کەسێک پلان دادەنێن بۆ ئەوەی مێرمنداڵێک بڕفێنن و دواتر لەبەرامبەر ئازادکردنیدا داوای 400 هەزار دۆلار بکەن. بەڵام بەهۆی بینینی ئۆتۆمبێلێکی پۆلیسەوە سەریان لێدەشێوێ و پلانەکەیان سەرناگرێت، هەرچەندە ئۆتۆمبیلەکەی پۆلیس هیچ زانیارییەکی لەبارەی ئەوانەوە نەبووە.

چاودێر فایەق ڕەشید، لەو باوەڕەدا نەبوو ئەو کوڕەی کە ماوەی مانگێک بوو ببووە برادەری، پلان بۆ ڕفاندنی دادەنێ. چاودێر دەڵێت "ئەو برادەرەم تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی با شەو پێکەوە بچینە دەرەوە و لەفەیەک بخۆین".



گەنجە ڕفێنراوەکە (فۆتۆ: ڕووداو)

دوای خواردنی لەفەکە، ئەو کەسە هەر بە فرت و فێڵ چاودێر دەبات بۆ کافتریایەک بە بیانووی ئەوەی کارتێکی مۆبایل بۆ براکەی ببات، دواتر تەکسییەک لەبەردەمیان دەوەستێت و کەسێک کە جلی پۆلیسی لەبەردابووە لە تاکسییەکە دادەبەزێت.

ئەو کەسە تەنانەت داری کارەبایی و دەمانچە و کەلەپچەشی پێبووە و بە چاودێری گوتووە "لە بنکەی پۆلیسی ڕزگاری فەرمانی دەستگیرکردنت بۆ هاتووە و دەبێت بچینە بنکەی پۆلیس".

ئەو مێرمنداڵە کە هێشتا ترس و شڵەژان بە ڕوخسارییەوە دیاربوو، وردەکاریی زیاتر دەگێڕێتەوە و دەڵێ "من و کوڕەکەی هاوڕێمیان سواری ئۆتۆمبیلەکە کرد و ڕۆشتین، لە ڕێگا تەلەفۆنێکی بۆهات و گوتی بەڵێ گەورەم، گوێم لێبوو پێیگوت ئەو کەسەی کە کراسە قاوەیییەکەی لەبەردایە دایبەزێنە، ئیدی برادەرەکەمیان دابەزاند و منیان برد، بەرەو لای بنکەی ئاگرکوژێنەوەی چوارباخ ڕۆشتین".

لەو کاتەدا ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس بە ناوچەکەدا تێدەپەڕێت، وەک چاودێر دەڵێ ڕفێنەرەکان وایانزانی پۆلیس بەدوای ئەوانەوەیە، بۆیە شڵەژان "منیان لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزاند و ئەو کەسەی جلی پۆلیسی لەبەردابوو گوتی با بەپێ بڕۆین".

ڕفێنەرەکە زیاتر لە کاژێرێک چاودێر بەناو کوچە و کۆڵانەکانی سلێمانیدا دەسووڕێنێتەوە "زۆر ڕۆیشتین، لە ڕێگا بە ڕێککەوت تووشی هاوڕێیەکی خۆم بووم، گوتی ئەوە کێیە لەگەڵت، گوتم ئەوە برادەرمە، بەڵام دواتر لامکردەوە و بەئیشارەت پێمگوت کە دوامان بکەوێت، ئەویش دوامان کەوت".

هاوڕێکەی چاودێر تەلەفۆنی بۆ یەکێک لە براکانی کردووە و پێیگوتووە "کەسێک جلوبەرگی پۆلیسی لەبەردایە و چاودێری برات لەگەڵ خۆی دەبات". بەو شێوەیە ماڵی چاودێر دەکەونە خۆیان.

فایەق ڕەشید، باوکی چاودێر دەڵێ کاتێک تەلەفۆن بۆ یەکێک لە کوڕەکانم کرا و هەواڵەکەیان پێدا، ئەوان یەکسەر دەزگا ئەمنییەکانیان ئاگادارکردەوە، پاشان بە ئۆتۆمبێلێک چووبوونە ئەو شوێنەی چاودێری لێبوو.

چاودێر دەڵێ "کاتێک براکانم بە ئۆتۆمبیلەکەی خۆمانەوە گەیشتنە نزیکمان و ئێمەیان بینی، لە تەنیشتمان وەستان و دابەزین، ڕفێنەرەکە دەستی برد بۆ دەمانچەکەی، من ترسام، بەڵام دواتر برایەکم دەمانچەکەی لەدەست وەرگرت و گوتی: تۆ سەر بە چ بنکەیەکی پۆلیسی؟ وەڵامی نەبوو. دواتر لێی پرسی تۆ کێ لێپرسراوتە؟ گوتی: ئەو کارەیان پێکردووم. ئیدی قسەی نەما".

فازڵ فایەق، برای چاودێر، سوپاسی هێزە ئەمنییەکانی کرد، هەرچەندە بۆخۆیان ڕزگارکەری براکەیان بوون، بەڵام گوتیشی "ئەوەی لای ئێمە وەک گرێکوێرە ماوەتەوە ئەوەیە، ئایا ئەوانە باند بوون یان گرووپێک بوون و بۆ پەیداکردنی پارە ئەوەیان کردووە".

باوکی چاودێر، هەندێک لەو وردەکارییانە ئاشکرا دەکات کە پۆلیس ئاشکرای ناکەن و دەڵێ "ڕفێنەرەکەم بینی، هەموو پێویستییەکی پۆلیسی پێبوو. گوتم پۆلیسی؟ گوتی: نەخێر. گوتم ئەو جل و دەمانچە و کەلەپچەیە چییە پێت؟ گوتی بۆ عەمەلییەکە بەکارم هێناوە. گوتم: خەڵکی کوێیت؟ گوتی: قەڵادزێ، بەڵام ماڵمان لە ڕاپەڕینە".

فایەق ڕەشید، هەروەها دەڵێ ڕفێنەرەکە گوتوویەتی زانیارییان هەبووە ئەوان بڕی 400 هەزار دۆلاریان هەیە، بۆیە ئەو کوڕەیان ڕفاندووە تاوەکو لەبەرامبەر ئازادکردنیدا داوای ئەو پارەیە بکەن "لێم پرسی باشە بۆ بەو تەکسییە هاتووی، یەکەمجار گوتی بەکرێ هێناومە، دواتر دەرکەوت شۆفێری تاکسییەکە پورزای خۆیەتی".

بەپێی قسەی باوکی چاودێر، سێ کەس دەستیان لە ڕفاندنی کوڕەکەیدا هەبووە. ئەو گوتی "هیوادارم واسیتە و واسیتەکاری تێنەکەوێت و بە سزای خۆیان بگەن".

# کاکەییەکان لە هەڵەبجە داوای کۆتا دەکەن



**ڕێبین یارئەحمەد**
**ڕووداو- هەڵەبجەی شەهید**

دابەشکردنی بەشی زۆری پۆستەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا و دیوانی پارێزگای هەڵەبجە و دانەنانی کورسیی کۆتا بۆ کاکەییەکان، ناڕەزایی تاکە کەمینە ئاینییەکەی هەڵەبجەی لێکەوتەوە. کاکەییەکان داوادەکەن دوو کورسی کۆتای ئەنجوومەنی پارێزگا و چەند پۆستێکی دیکەی ناو دیوان و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پارێزگاکە بۆ ئەوان بێت.

یەکێتی و گۆڕان بڕیاریانداوە لە کورسییەکانی خۆیان کورسییەک بدەنە کاکەییەکان و پارتیش بە ڕەسمی کورسییەکی پێداون، بەڵام کاکەییەکان دەڵێن پۆستێکیان دەوێت لەسەر بنەمای ئەوەی کە کاکەیین وەریبگرن نەک لەسەر بنەمای حیزبی.

لایەنە سیاسییەکانی هەڵەبجە لە دوا کۆبوونەوەیاندا لە ڕۆژی 2014/10/29 بەشی زۆری پۆستەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا و دیوانی پارێزگای هەڵەبجەیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد و کورسی کۆتایان نەدایە کاکەییەکان، ئەوە لەکاتێکدا ئەوان داوای دوو کورسی کۆتای ئەنجوومەنی پارێزگایان دەکرد.

نەوزاد فایەق، یەکێکە لەو کاکەییانەی لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی پۆستەکانەوە نیگەرانی خۆی دەربڕیوە و بەردەوام لەگەڵ کاکەییەکانی دیکە لە گفتوگۆدایە بۆ ئەوەی هەڵوێستێکیان هەبێت. ئەو هەرچەندە یەکێتیشە، بەڵام پێداگری لەسەر کورسی کۆتا بۆ کاکەییەکان دەکات "کەمینە ئاینی و نەتەوەکانی دیکە لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک چۆن کورسی کۆتایان هەیە، ئێمەش پێمانخۆشە وەک کاکەیی کورسی کۆتامان هەبێت. سوپاسی هەر حیزبێکیش دەکەین کە لە بەشە کورسی حیزبەکەی خۆی کورسی بداتە کاکەییەکان، بەڵام ئێمە دەمانەوێت پۆستی تایبەت بە کاکەییەکانمان پێبدرێت".

ئێستا لە هەڵەبجە، لە 40 بەڕێوەبەری فەرمانگە حکومییەکان، تاکە کەمینە ئاینییەکەی ناوچەکە تەنیا یەک بەڕێوەبەریان هەیە، ئەویش بەڕێوەبەری بانکی خانووبەرەی هەڵەبجەیە، کاکەییەکان لە هەڵەبجە 400 ماڵ دەبن و خەڵکی گوندەکانی هاوار و هاوارە کۆن و دەرەتفێن.

کاوان عەلوان، کە کاکەییە و ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانە، هاوڕایە لەگەڵ نەوزاد و داوای پۆستی زیاتریش دەکات "تەنیا کورسی کۆتای ئەنجومەن بەس نییە، داوای پۆست دەکەین لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و ناو دیوانی پارێزگاش، بۆ ئەوەی بتوانین ئیشوکاری کاکەییەکان ڕاپەڕێنین، ئێمە نامانەوێت ئەم جیاخوازییە لە ناو هەڵەبجەدا بکەین. ئێمە جیانین، بەڵام وەک ئاین جیاین".

لایەنە سیاسییەکان ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە جێگری یەکەمی پارێزگا بۆ یەکگرتوو بێت و جێگری دووەمیش بۆ کۆمەڵ بێت و پۆستی قایمقامی قەزای ناوەندیش بدرێتە پارتی و پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگاش بۆ یەکێتی و گۆڕان بێت، بۆ ئەوەش چاویان لەسەر یەکلاکردنەوەی ئەو دوو پۆستەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەبێت کە ئەگەر پارێزگاری سلێمانی بۆ گۆڕان بێت و سەرۆکی ئەنجوومەن بۆ یەکێتی، ئەوا لە هەڵەبجە پێچەوانە دەبێتەوە. بزووتنەوە و سۆشیالیست و شیوعی و ئایندەش، لێپرسراوی بەشەکانی ناو دیوانی پارێزگایان پێدەدرێت کە پلەی بەڕێوەبەری گشتییان هەیە.

لە 25 کورسییەکەی ئەنجوومەنی کاتی پارێزگای هەڵەبجە، پێنج لایەنە سەرەکییەکە (یەکێتی و گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ و پارتی) هەر یەکەیان چوار کورسییان بەرکەوت، بزووتنەوەی ئیسلامی دوو کورسی، سۆشیالیست و شیوعی و ئایندەش هەریەکەیان کورسییەکیان بەرکەوت.

کامیل مەحموود، ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیسلامی لە دوای کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکان گوتی "70%ی پۆستەکانمان یەکلایی کردووەتەوە و 30%ی پۆستەکان ماوە، کە دابەشکردنی پۆستی بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکانە، لە 2014/11/15 کۆبوونەوەیەکی دیکە دەکەین و ئەو پۆستانەش بە فەرمی یەکلا دەکەینەوە".

یەکێتی و گۆڕان بڕیاریانداوە لە بەشی خۆیان کورسییەک بدەنە کاکەییەکان و پارتیش بە فەرمی کورسییەکی داوەتە کاکەییەکان. فازڵ بەشارەتی، لێپرسراوی لقی 12ی پارتی لە هەڵەبجە، باسی گفتوگۆی ئەو کاتە دەکات کە لە کۆبوونەوەکەدا باسی دانانی کورسییەکی کۆتا بۆ کاکەییەکان کرا "پێشنیاز کرا کە کورسییەکی کۆتا بدرێتە کاکەییەکان، بەڵام لە هەمانکاتدا هەموو لایەنەکان موناقەشەیان لەسەر ئەوە دەکرد کە کورسییەک زیاتر ببەن بۆ لایەنەکەی خۆیان".

بەشارەتی زۆر پۆستی دیکەش بە شایەنی کاکەییەکان دەزانێت "تەنیا بیر لەوە نەکەینەوە کورسی کۆتا یان کورسییەکی ئەنجومەنی پارێزگا بدەینە کاکەییەکان، من هیوادارم لە پۆستە باڵاکانیشدا کورسی بدەینە کاکەییەکان، بۆ زیاتر چەسپاندنی گیانی پێکەوە ژیانی هەموو نەتەوەکان و هەموو ئاین و مەزهەبەکان".

کاکەییەکان لیژنەیەکیان پێکهێناوە و بڕیاریانداوە سەردانی سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی هەڵەبجە بکەن و بە فەرمی داواکارییەکانیان پێشکەش بکەن، یەکێتی و گۆڕان و پارتیش دەڵێن دەکرێت ئەو ڕێککەوتنەی پێشوو دەستکاریی بکرێت و کورسی کۆتایان پێبدرێت.

# UN بە نهێنی خەڵک دەنێرێتە ناوچەکانی داعش

**شارمێلا دیڤی**
**ڕووداو- هەولێر**

دکتۆر سەید جەعفەر حوسێن، سەرۆکی ڕێکخراوێکی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق دەڵێت داوودەرمان دەگاتە ئەو کەسانەی بەزۆر ناچارکراون لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لە باکووری عێراق بژین، بەپێی سیستمێک کە لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیەوە چاودێری دەکرێت.

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی تاوەکو ئێستا 15 کەسی دۆزیوەتەوە کە ڕازیبوون لە چەند شارۆچکەیەکی ژێر کۆنترۆڵی داعش کاربکەن بۆ هاوکاریکردنی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ئاگادارکردنەوەیان لە پێداویستی ئەو ناوچانە.

ڕێکخراوەکە بەردەوام بووە لەم پڕۆژەیە سەرەڕای مەترسیی هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان و دواکەوتن لەچەندین خاڵی پشکنین و کەمیی ستاف.

حوسێن گوتی "هیچ جۆرە پەیوەندییەکمان لەگەڵ داعش و هاوکارەکانیان نییە. ئەرکی ئێمە تەنیا هاوکاریی خەڵکە". گوتیشی "هەندێک لەو کەسانەی هاوکاری دارایی پڕۆژەکە دەکەن، نیگەرانیی خۆیان نیشانداوە، چونکە خاوەن بارهەڵگرەکان باج بە داعش دەدەن و ئەوان بە ناڕاستەوخۆ سوود لە پڕۆژەکە وەردەگرن. ڕێککەوتووین لەسەر ئەوەی کە باج نەدەین، بەگوێرەی ئەو پێداویستیانە دەگوازینەوە داو و دەرمانەکانیان دەدەینێ".

پاش پێشڕەوییەکانی داعش لە مانگی حوزەیران لە عێراق و سووریا، تاوەکو ئێستا مووسڵ لەژێر حوکمی توندوتیژی داعشدا ماوەتەوە. هەرچەندە هێزە کوردی و عێراقییەکان توانیویانە چەند شارۆچکەیەکی دەوروبەری مووسڵ کۆنترۆڵ بکەنەوە، بەڵام بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکا دەڵێن هەر هەوڵێک بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی تەواوی مووسڵ چەند مانگێکی پێدەچێت.

نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارەی ئەو کەسانەی لەدەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی دەژین بە 1.7 ملیۆن کەس مەزەندە دەکات. لەلایەکی دیکەوە هەرێمی کوردستان نیوەی ئەو کەسانەی لەخۆگرتووە کە لە ناوخۆی عێراق ئاوارەبوون و ژمارەیان نزیکەی 900 هەزار کەس دەبێت.

حوسێن ستایشی ئازایەتی ئەو کەسانەی کرد کە لەناوچەکانی ژێردەسەڵاتی داعش کاردەکەن سەرەڕای مەترسی لەسەر ژیانیان. ئەو کەسانە زۆر بە وریاییەوە دەستنیشانکراون و زۆربەیان شارەزایی تەندروستییان هەیە، وەک ناسینەوەی ئەو نەخۆشیانەی بڵاون.

حوسێن گوتی "مەشقمان پێکردوون و ئەوەی پێویست بێت بۆمان دابینکردوون، تاوەکو بتوانن کارەکانیان بکەن". گوتیشی "زۆر نیگەرانی سەلامەتییانین. نازانین داعش ناسنامەی ئەم کەسانە دەزانێ یان نا، بەڵام دەزانین کە دەگەڕێن لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە".

لە هەندێک لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی داعش لە پارێزگای نەینەوا وەک مووسڵ و شنگال و تەلەعفەر، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ڕێکخراوە مرۆیییەکانی دیکە توانیویانە داوودەرمانیان بگەیەننە زیاتر لە 40 هەزار نەخۆش.

لە پارێزگای کەرکوک و ئەنبار زیاتر لە 250 هەزار نەخۆش هاوکارییان کراوە. لە پارێزگای ئەنبار کە بەم دوایییە توندوتیژی و شەڕی زۆری تێدابوو، سەنتەرەکانی تەندروستی و نەخۆشخانەکان داوودەرمانیان پێگەیشتووە.

حوسێن کە ماوەی چوار ساڵە لە عێراق کاردەکات، گوتی بودجەی داو و دەرمان بۆ ئاوارەکانی ناوخۆی وڵات لە مانگی کانوونی دووەمی داهاتوو تەواو دەبێت. لەگەڵ هاتنی وەرزی زستان، پێداویستی داوودەرمان زۆر زیاتر دەبێت، چونکە نەخۆشییەکانی سنگ و سی و کۆئەندامی هەناسە زیاد دەکات.

پێشتر UN گوتبووی نزیکەی 2.2 ملیار دۆلار پێویستە بۆ دابینکردنی هاوکاری بۆ 2.5 ملیۆن ئاوارە لەسەرتاسەری عێراق.

هەندێک لەو کەسانەی بە پارە هاوکاری ڕێکخراوەکە دەکەن، دوودڵن لە ناردنی بودجە بۆ وڵاتێک کە خاوەنی نەوتێکی زۆرە. بەڵام گەندەڵی و بێتوانایی لە بەڕێوەبردن بەڕێژەیەکی بەرچاو لە بەغدا بەرزبووەتەوە. لەهەمانکاتدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان کەموکورتییەکی زۆری لە بودجە هەیە بەهۆی ناکۆکییەکانی لەگەڵ بەغدا لەسەر هەناردەکردنی نەوتی کوردستان.

بەغدا دەڵێ 500 ملیۆن دۆلاری ناردووە بۆ دابینکردنی 650 دۆلار بۆ هەر خێزانێکی ئاوارە، بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ زانیاری نییە کە هیچ کەس و لە هیچ شوێنێک کەس ئەو پارەیەی وەرگرتبێت.

"دڵنیایان کردووینەتەوە لەسەر ئەوەی کە ئەو پارەیە دابەشکراوە بەسەر هەموو ئاوارەکاندا بەبێ ڕەچاوکردنی باکگراوەند و نەتەوەی جیاواز. گومانمان لە نیازیان نییە، بەڵام هیچ زانیارییەکمان لەو بارەیەوە نییە". دکتۆر حوسێن وایگوت.

حوسێن لە چەندین شوێنی جیهان کاری کردووە، بەڵام هیچیان بەراورد ناکرێت بەو قەیرانەی داعش لە ڕووی ئاڵۆزی سیاسی و مەترسی ئاسایشەوە. حوسێن گوتی "ئەمە زیاتر وڵاتی دابەش کردووە. داعش دابەشبوونێکی سیاسی دیکەی دروست کردووە، نازانن کەی کۆتایی بەمە دێت و کۆتاییەکەی چۆن دەبێت".



ڕووداو
ڕاپۆرت
ژماره (332) دووشه‌ممه 2014/11/3



## نێچیرڤان بارزانی: سیاسه‌تی بڕینی مووچه سیاسه‌تێکی دۆڕاوه

**ڕووداو – هه‌ولێر**

نێچیرڤان بارزانی، سه‌رۆکی حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان ڕایگه‌یاند، حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان له هه‌وڵی به‌رده‌وامدایه بۆ ئه‌وه‌ی له داهاتوویه‌کی نزیکدا قه‌یرانی دارایی چاره‌سه‌ر بکات. نێچیرڤان بارزانی یه‌کشه‌ممه 2014/11/2 به‌شداریکرد له مه‌راسیمی به‌جیهانی ناساندنی قه‌ڵای هه‌ولێر له‌لایه‌ن ڕێکخراوی یونسکۆ و له‌وێ وتارێکی پێشکه‌شکرد. بارزانی له‌باره‌ی کێشه‌کانی نێوان هه‌ولێر و به‌غدا گوتی له سه‌ره‌تای ئه‌مساڵه‌وه حکومه‌تی عێراق به‌هۆی ناکۆکی سیاسییه‌وه مووچه و بودجه‌ی هه‌رێمی کوردستانی بڕیوه. ئه‌و هه‌نگاوه‌ی به‌غداشی به ئه‌نجامی "سیاسه‌تی دۆڕاو" وه‌سفکرد.

### تاوه‌کو ئێستا 4 هه‌زار که‌س ناوی خۆیان نووسیوه

# به‌غدا هێزێکی میلیشیایی له کوردستان دروست ده‌کات

**وه‌زاره‌تی پێشمه‌رگه:**

**هه‌ر پێشمه‌رگه‌یه‌ک کار بۆ ئه‌و هێزه بکات ئیجرائاتی توندی له‌گه‌ڵ ده‌که‌ین**



**فه‌رمان چۆمانی**
**ڕووداو – ڕانیه**

وه‌زاره‌تی به‌رگریی عێراق، سه‌رقاڵی دروستکردنی هێزێکه له کوردستان، ته‌نیا له سنووری ئیداره‌ی ڕاپه‌ڕین نزیکه‌ی 4000 که‌س ناوی خۆیان تۆمارکردووه بۆ ئه‌وه‌ی بچنه ناو ئه‌و هێزه له‌کاتێکدا هه‌ندێکیان ئێستا پێشمه‌رگه‌ن. به‌رپرسێکی وه‌زاره‌تی پێشمه‌رگه ده‌ڵێت "ئیجرائاتی توند" له‌گه‌ڵ ئه‌و پێشمه‌رگانه ده‌که‌ن.

ئێستا چه‌ند که‌سێک له سنووری ئیداره‌ی ڕاپه‌ڕین سه‌رقاڵی تۆمارکردنی ناوی خه‌ڵکن بۆ ئه‌و لیوایه و تاوه‌کو ئێستاش نزیکه‌ی چوار هه‌زار که‌س ناوی خۆیان تۆمار کردووه.

یه‌کێک له‌و که‌سانه‌ی ناوی خۆی و دوو براکه‌ی و ئامۆزایه‌کی له‌و هێزه تازه‌یه تۆمارکردووه به پله‌ی ملازم و موقه‌ده‌م به (ڕووداو)ی گوت "تاوه‌کو ئێستا نزیکه‌ی 4000 که‌س ناوی خۆیان بۆ ئه‌و لیوایه تۆمار کردووه. ته‌نیا له ڕێگه‌ی منه‌وه 120 که‌س ناوی خۆیان نووسیوه".

ئه‌و که‌سه که نه‌یویست ناوی بڵاوبکرێته‌وه، زانیاری زیاتری ئاشکرا کرد و گوتی "ئه‌و هێزه ڕاسته‌وخۆ له‌لایه‌ن وه‌زاره‌تی به‌رگری و سه‌رۆک وه‌زیرانی عێراقه‌وه سه‌رپه‌رشتی ده‌کرێ، ته‌نانه‌ت گومانیان هه‌بوو که ئه‌وه‌نده که‌سه خۆیان ناونووس کردووه، بۆیه له کۆتایی هه‌فته‌ی ڕابردوو نوێنه‌ری وه‌زاره‌تی به‌رگری و سه‌رۆک وه‌زیرانی عێراق هاتن و له‌گه‌ڵ ئه‌و خه‌ڵکه کۆبوونه‌وه".

یه‌کێکی دیکه که به‌ڵێنی پێدراوه بکرێته ئامر فه‌وج له‌و لیوایه، به‌و مه‌رجه قسه‌ی کرد که ناوی بڵاونه‌کرێته‌وه و گوتی "ئه‌م لیوایه لیوایه‌کی تایبه‌ت ده‌بێت و ڕاسته‌وخۆ سه‌ر به وه‌زاره‌تی به‌رگریی حکومه‌تی عێراقه و له چوار فه‌وج پێکدێت، زیاتر له 3600 که‌س ناویان تۆمار کراوه بۆ ئه‌وه‌ی ببنه سه‌رباز له‌و لیوایه".

ئه‌و که‌سه له‌درێژه‌ی قسه‌کانیدا بۆ (ڕووداو) گوتیشی "ڕۆژی 2014/10/29 وه‌فدێکی وه‌زاره‌تی به‌رگریی عێراق که له چوار که‌س پێکهاتبوون، سه‌ردانی سنووری ئیداره‌ی ڕاپه‌ڕینیان کرد، له گوندی بانوه‌خه‌لی سه‌ر به شارۆچکه‌ی سه‌نگه‌سه‌ر له‌گه‌ڵ چه‌ند که‌سێک کۆبوونه‌وه که ناوی خۆیان له‌و لیوایه تۆمار کردووه، له‌وێ زانیاری و پێداویستییه‌کانی وه‌ک (کۆپی ڕه‌گه‌زنامه و باری شارستانی و کارتی زانیاری و چوار وێنه‌یان به جلی سه‌ربازی) لێوه‌رگرتین، ئه‌وان ئه‌م پێداویستیانه‌یان له‌گه‌ڵ خۆیان برد، ئێستا چاوه‌ڕێی وه‌ڵامی ئه‌وان ده‌که‌ین بۆ ئه‌وه‌ی ده‌ستبه‌کار بین".

هه‌ر به‌پێی قسه‌ی ئه‌و که‌سه "ئه‌م لیوایه فه‌رمانی دامه‌زراندنی ده‌رچووه و به‌رپرسی یه‌که‌می لیواکه ئه‌فسه‌رێکی ناسراوی پۆلیسی ڕاپه‌ڕینه به‌ناوی (ع.چاوڕه‌ش)". گوتیشی "له‌ناو ئه‌و که‌سانه‌ی ناوی خۆیان نووسیوه که‌سانی دانه‌مه‌زراو و پێشمه‌رگه‌ش هه‌ن".

جه‌بار یاوه‌ر، ئه‌میندراری وه‌زاره‌تی پێشمه‌رگه له‌باره‌ی پێکهێنانی ئه‌و هێزه ده‌ڵێ "ئاگاداری ئه‌و هه‌نگاوه‌ین و له‌به‌رئه‌وه‌ی ئه‌و که‌سه‌ی سه‌رپه‌رشتی ئه‌و هێزه ده‌کات سه‌ر به وه‌زاره‌تی ناوخۆیه، بۆیه وه‌زیری ناوخۆ ئیجرائات ده‌کات".

جه‌بار یاوه‌ر بێ ئاگایی خۆی له‌وه ده‌ربڕی که خه‌ڵکانێک پێشمه‌رگه بن و په‌یوه‌ندییان به‌و هێزه‌وه کردبێ "هه‌ر کاتێک بۆمان ده‌رکه‌وت یان ناوی که‌سێکمان بۆ هات که سه‌ر به وه‌زاره‌تی پێشمه‌رگه بێت و خه‌ڵک بۆ ئه‌و هێزه کۆده‌کاته‌وه، ئیجرائاتی یاسایی توندی به‌رامبه‌ر ده‌گرینه‌به‌ر".

یه‌کێک له‌وانه‌ی په‌یوه‌ندی به‌و لیوایه‌وه کردووه، له تۆڕی کۆمه‌ڵایه‌تی فه‌یسبووک پۆستێکی داناوه و نووسیویه‌تی "هه‌رکه‌سێک ده‌یه‌وێت دابمه‌زرێت له سوپای عێراق، له‌ماوه‌ی 10 ڕۆژدا با په‌یوه‌ندیمان پێوه‌بکات، به‌مه‌به‌ستی ناونووسین. به‌پێی شاره‌زایی که‌سه‌که پله‌ی پێده‌درێت. له دایکبووی 1970 تاوه‌کو 1996 ده‌توانێ ناوی خۆی بنووسێت. 10 ڕۆژ له ده‌وام ده‌بێت و 20 ڕۆژیش له ماڵه‌وه".

یه‌کێک له‌و هۆکارانه‌ی خه‌ڵکێکی زۆر ناوی خۆیان نووسیوه له‌و هێزه‌ی سه‌ر به حکومه‌تی عێراق بوونی ئیمتیازاتی زۆره، ئه‌و که‌سه‌ی ناوی خۆی نووسیوه و بڕیاره ببێ به ئامر فه‌وج، گوتی "پله‌کان له‌و لیوایه له‌لایه‌ن خۆمانه‌وه دیاری کراون و هه‌ندێ که‌س له پێناو وه‌رگرتنی پله‌و پۆست و باشتربوونی مووچه‌یان ناوی خۆیان تۆمار کردووه، چونکه مووچه‌که له‌وێ وه‌ک سه‌ربازی عێراقی ده‌بێت، به‌گشتی له پێناو باشتربوونی ژیانمان ده‌چینه ئه‌و لیوایه". گوتیشی "مووچه‌یان له ملیۆنێک و 250 هه‌زار دیناره‌وه ده‌ستپێده‌کات و تاوه‌کو نزیکه‌ی سێ ملیۆن دینار ده‌ڕوات".

ئه‌و که‌سه ئاشکرای کرد که له سنووری پارێزگای هه‌ولێریش هه‌وڵدراوه لیوایه‌کی له‌مشێوه‌یه بکرێته‌وه، به‌ڵام سه‌ری نه‌گرتووه. گوتیشی "جگه له خه‌ڵکی ده‌ڤه‌ری ڕاپه‌ڕین، خه‌ڵکی دیکه‌ش له شار و شارۆچکه‌کانی باشووری کوردستان ناوی خۆیان له‌م لیوایه نووسیوه".

سه‌باره‌ت به سنووری کار و چالاکی ئه‌و لیوایه. ئه‌و که‌سه گوتی "پێده‌چێت له که‌رکووک یان دیاله جێگیر بکرێین". ئه‌و که‌سه ڕه‌تیکرده‌وه ئه‌م کاره‌ی ئه‌وان "خیانه‌ت" بێت و ده‌ڵێت "ئێمه خیانه‌ت ناکه‌ین، کوردایه‌تی ده‌که‌ین و هه‌رکات زانیمان ئه‌م لیوایه دژی کورده قه‌بوڵی ناکه‌ین و دژ به نه‌ته‌وه‌که‌مان کار ناکه‌ین".

فه‌رمانده‌یه‌کی باڵا له وه‌زاره‌تی به‌رگریی عێراق ده‌ڵێ "داواکراوه ئه‌و سه‌ربازانه‌ی له‌م دواییه‌دا به‌هۆی هاتنی داعش له مووسڵ و که‌رکووک و دیاله گه‌ڕاونه‌ته‌وه ماڵ، بگه‌ڕێنه‌وه نێو وه‌زاره‌تی به‌رگریی عێراق که ژماره‌یان 10 هه‌زار که‌س ده‌بێ و 60% له‌وانه کوردن". گوتیشی "ئێستا ناویان تۆمار ده‌کرێ و دواتر له‌لایه‌ن ئه‌مریکا و هاوپه‌یمانانه‌وه مه‌شقیان پێده‌کرێ و ده‌برێن بۆ مووسڵ و که‌رکووک و دیاله".

### عه‌بادی به ئه‌مریکای گوتووه پاره نییه

# هه‌وڵی ئه‌مریکا بۆ خه‌رجکردنی مووچه‌ی کوردستان شکستی هێنا

**نه‌جیبه نه‌جیب: عه‌بادی ڕاست ناکات که ده‌ڵێ عێراق پاره‌ی نییه**

**14 ملیار دۆلار له سندووقی داهاتی نه‌وتی عێراق دیار نییه**



په‌رله‌مانتارێکی پارتی : ده‌بێ یه‌کێتی ڕوونکردنه‌وه بدات که بۆچی سه‌ردانی مالیکیان کرد

**ڕووداو – هه‌ولێر**

ئه‌ندامێکی پارتی له په‌رله‌مانی عێراق داوا له یه‌کێتی ده‌کات ڕوونکردنه‌وه بدات له‌باره‌ی کۆبوونه‌وه‌یان له‌گه‌ڵ نووری مالیکی، جێگری سه‌رۆک کۆماری عێراق که بڕیاری بڕینی مووچه‌ی کوردستانی دا. حه‌یده‌ر عه‌بادی، سه‌رۆک وه‌زیرانی عێراقیش به ئه‌مریکای گوتووه "پاره نییه" بۆ هه‌رێمی کوردستانی خه‌رج بکات.

### یه‌کێتی ده‌بێ ڕوونکردنه‌وه بدات

کۆتایی هه‌فته‌ی ڕابردوو شاندێکی باڵای یه‌کێتی نیشتیمانی کوردستان به‌سه‌رۆکایه‌تی کۆسره‌ت ڕه‌سول و مه‌لا به‌ختیار کۆبوونه‌وه‌ی گه‌رموگوڕیان هه‌بووه له‌به‌غدا. به‌رپرسانی ئه‌و حیزبه ده‌ڵێن، سه‌ردانی شاندی یه‌کێتی وه‌کو وه‌ڵامدانه‌وه بووه بۆ ئه‌و که‌سانه‌ی سه‌ردانی سلێمانیان کردووه.

ئه‌رده‌لان نووره‌دین، په‌رله‌مانتاری فراکسیۆنی پارتی له په‌رله‌مانی عێراق، نیگه‌رانی خۆی بۆ ئه‌و سه‌ردانه‌ی یه‌کێتی بۆ به‌غدا نه‌شارده‌وه‌و داوا له یه‌کێتی ده‌کات که "ڕوونکردنه‌وه" بدات "ده‌بێ یه‌کێتی ڕوونکردنه‌وه بدات که بۆ سه‌ردانی مالیکیان کردووه و له‌گه‌ڵی کۆبوونه‌ته‌وه". چونکه به قسه‌ی ئه‌و په‌رله‌مانتاره‌ی پارتی "مالیکی موچه‌ی فه‌رمانبه‌رانی کوردستانی بڕیوه، چۆن ده‌بێ له‌گه‌ڵ که‌سێک کۆببیته‌وه سزای خه‌ڵکی کوردستانی دابێ".

حکومه‌تی عێراق به بڕیاری نووری مالیکی، که سه‌رۆک وه‌زیرانی پێشووی عێراق بووه، 10 مانگه نه بودجه و نه مووچه‌ی مانگانه‌ی فه‌رمانبه‌رانی هه‌رێمی کوردستان خه‌رج نه‌کردووه.

### "عه‌بادی ده‌ڵێ نییه"

به‌ڵام ئالا تاڵه‌بانی، سه‌رۆکی فراکسیۆنی یه‌کێتی له په‌رله‌مانی عێراق له‌سه‌ر کۆبوونه‌وه‌ی حیزبه‌که‌ی له‌گه‌ڵ مالیکی ده‌ڵێ "مالیکی تاوه‌کو ئێستاش ئه‌میندراری گشتی حیزبی ده‌عوه‌یه و به سیفه‌تی حیزبیش له‌گه‌ڵ مالیکی کۆبووینه‌وه نه‌ک وه‌کو جێگری سه‌رۆک کۆمار".

ئالا تاڵه‌بانی پێیوایه بڕینی موچه‌ی فه‌رمانبه‌رانی کوردستان "100%" بڕیارێکی سیاسییه "مووچه‌ی هه‌رێمی کوردستان به‌بڕیار بڕدراوه‌و ده‌بێ به بڕیار خه‌رجبکرێ، ئه‌وه‌ی ڕاستیش بێ بابه‌تی مووچه بووه‌ته مه‌سه‌له‌یه‌کی سیاسی و به‌ستراوه‌ته‌وه به کێشه‌ی نه‌وت".

سه‌رۆکی فراکسیۆنی یه‌کێتی له په‌رله‌مانی عێراق هه‌وڵێکی ئه‌مریکا بۆ خه‌رجکردنی بودجه‌ی کوردستان ئاشکرا ده‌کات "باڵیۆزی ئه‌مریکا له عێراق به‌فه‌رمی به ئێمه‌ی گوت حه‌یده‌ر عه‌بادی، سه‌رۆک وه‌زیرانی عێراقمان ئاگادار کردووه‌ته‌وه که ده‌بێ مووچه‌ی کوردستان خه‌رج بکرێ". به‌ڵام "عه‌بادی به باڵیۆزی ئه‌مریکای گوتووه عێراق پاره‌ی نییه مووچه‌ی خه‌ڵکی کوردستان خه‌رج بکات".

به‌پێی دوایین ڕاپۆرتی وه‌زاره‌تی دارایی عێراق که بۆ په‌رله‌مانی عێراق به‌رزی کردووه‌ته‌وه، به‌غدا 16 ترلیۆن دینار قه‌رزداری هه‌رێمی کوردستانه و ده‌بێ ئه‌نجوومه‌نی وه‌زیرانی عێراق له کۆبوونه‌وه‌ی داهاتوو بڕیاری له‌سه‌ر بدات.

### میلادینۆڤ گوتی به بارمته بمگرن

(ڕووداو) زانیویه‌تی له‌کاتی کۆبوونه‌وه‌ی پێنج هێزه سیاسییه‌کانی باشووری کوردستان بۆ ڕه‌وانه‌کردنی وه‌زیره‌کانی کورد بۆ به‌غدا تاوه‌کو له حکومه‌تی عێراقدا به‌شداربن. نیکۆلای میلادینۆڤ، نوێنه‌ری تایبه‌تی UN له عێراق به لایه‌نه سیاسییه‌کانی کوردستانی گوتووه، هه‌رکاتێ وه‌زیره کورده‌کان گه‌یشتنه به‌غدا ئه‌وا حه‌یده‌ر عه‌بادی، سه‌رۆک وه‌زیرانی عێراق موچه‌ی کوردستان خه‌رج ده‌کات. ته‌نانه‌ت میلادینۆڤ گوتوویه‌تی ئه‌گه‌ر بڕواش نه‌که‌ن ئه‌وا من به "بارمته" بگرن تاوه‌کو به‌غدا موچه‌که ڕه‌وانه ده‌کات.

به‌ڵام نزیکه‌ی دوو هه‌فته‌یه وه‌زیرانی کورد له به‌غدا ده‌ستبه‌کاربوون و تاوه‌کو ئێستا حکومه‌تی عێراق پاره‌ی خه‌رج نه‌کردووه. ئه‌رده‌لان نووره‌دین ده‌ڵێ "تاوه‌کو ئێستا حه‌یده‌ر عه‌بادی گڵۆپی سه‌وزی بۆ هۆشیار زێباری، وه‌زیری دارایی پێنه‌کردووه، مووچه‌ی فه‌رمانبه‌رانی هه‌رێمی کوردستان خه‌رج بکات".

**پاره‌یه‌کی "خه‌یاڵی" دیار نه‌ماوه**

په‌رله‌مانتارێکی کورد ئاشکرای ده‌کات که بڕێکی زۆر پاره له عێراق دیار نه‌ماوه‌و که‌سیش نازانێ ئه‌و پاره‌یه چۆن خه‌رجکراوه.

نه‌جیبه نه‌جیب، په‌رله‌مانتاری پارتی له په‌رله‌مانی عێراق که ئه‌ندامی لێژنه‌ی داراییه ڕه‌خنه‌ی توند له عه‌بادی ده‌گرێ و ده‌ڵێ "ئه‌وه بیانوو نییه که عه‌بادی ده‌ڵێ پاره نییه، بۆیه موچه‌ی کوردستان خه‌رج ناکه‌م". گوتیشی "چۆن حکومه‌تی عێراق مانگانه پاره‌ی هه‌یه موچه‌ی ئه‌و هه‌موو فه‌رمانبه‌رانه‌ی عێراق بدات و موچه‌ی فه‌رمانبه‌رانی کوردستانی پێ دابین ناکرێ".

ئه‌و په‌رله‌مانتاره ئه‌وه‌شیگوت که "عێراق 77 ملیار دۆلاری یه‌ده‌گی له بانکی ناوه‌ندیدا هه‌یه و ئه‌گه‌ر بڵێ پاره‌م نییه ڕاست ناکات"

نه‌جیبه نه‌جیب باسی دیارنه‌مانی پاره‌یه‌کی "خه‌یاڵی" ده‌کات له عێراق "وه‌زیری نه‌وتی عێراق عادل عه‌بدولمه‌هدی هاته په‌رله‌مان و گوتی له ئه‌نجامی هه‌ڵه‌کانی خه‌رجکردنی بودجه‌ی ساڵانی ڕابردوو و بوونی گه‌نده‌ڵی گه‌وره له بۆنده‌کانی نه‌وت، عێراق هیچ سوودێکی له داهاتی خۆی وه‌رنه‌گرتووه". گوتیشی "له 2013/12/31 داهاتی عێراق له سندووقی DFI که سندووقی داهاتی نه‌وتی عێراقه له ئه‌مریکا 18 ملیار و 500 ملیۆن دۆلاری تێدابووه، ئه‌م پاره‌یه نابێت ده‌ستکاری بکرێ و خه‌رج بکرێ، به‌ڵام ئه‌و پاره‌یه له 2013/12/31 دابه‌زیوه بۆ 6 ملیار و 500 ملیۆن دۆلار. به‌پێی دوایین ڕاپۆرتی وه‌زاره‌تی دارایی عێراقیش ئه‌و پاره‌یه له جیاتی ئه‌وه‌ی زیادببێ بۆ چوار ملیار و 500 ملیۆن دۆلار دابه‌زیوه. واته 14 ملیار دۆلاری عێراق دیارنییه".

### قسه‌ی په‌رله‌مانتاران له‌سه‌ر سه‌ردانی وه‌فده‌که‌ی یه‌کێتی بۆ به‌غدا

**سیروان سیرینی :**

– کاک کۆسره‌ت گوتی، هاتووین ڕێزخۆش بکه‌ین بۆ سه‌ردانی نێچیرڤان بارزانی بۆ به‌غدا

– خۆشترده‌بوو شانده‌که ته‌نیا یه‌کیتی نه‌بووایه

**ئه‌رده‌لان نووره‌دین..**

– سه‌ردانی یه‌کێتی بۆ به‌غدا سه‌ردانێکی حیزبی بووه و بۆ چاره‌سه‌رکردنی کێشه‌کانیش نه‌بووه

**ئالا تاڵه‌بانی..**

– سه‌ردانی شاندی یه‌کێتی زیاتر وه‌ڵامدانه‌وه بوو بۆ سه‌ردانی لایه‌نه‌کان بۆ سلێمانی.

– ئه‌و سه‌ردانه به‌شێکه له زه‌مینه‌سازی بۆ سه‌ردانی شاندی باڵای حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان بۆ به‌غدا.

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (332) دووشەممە 2014/11/3

## "80%ی چەکدارانی داعش ماددەی هۆشبەر بەکاردەهێنن"



**ڕووداو- هەولێر**

پۆلیسی عێراقی دەست بەسەر سەدان پارچە حەبی هۆشبەردا دەگرێت کە لە چەکدارانی داعش بەجێماون. فەریق جەمیل شەمەری، فەرماندەی پۆلیسی پارێزگای دیالە لە بەیاننامەیەکدا ئاشکرای کرد "80%ی چەکدارانی داعش لە کاتی شەڕو ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی ماددەی هۆشبەرو سڕکەر بەکاردێنن". شەمەری ئاماژەی بە سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنی هێزێکی تایبەتی پۆلیس کرد، لە زنجیرە چیاکانی حەمرین و گوتی "لە چەند ئەشکەوتێک دەستمان بەسەر بڕێکی زۆر مادەی سڕکەر و حەبی هۆشبەردا گرتووە، بەشێکی زۆریش لەو ماددانە زۆر کاریگەرن".

# سەرکردە زویرەکانی گۆڕان ڕێککەوتننامەیەک لەگەڵ نەوشیروان مستەفا واژۆ دەکەن

**ئەرکان عەلی**
**ڕووداو- سلێمانی**

چەند سەت مەترێک لە دووری گردی زەرگەتە کە بە مەکۆی سەرەکی بزووتنەوەی گۆڕان ناسراوە، ماڵی سەرکردە و یەکێک لە دامەزرێنەرانی گۆڕانی لێیە، لەوێ بەردەوام کۆبوونەوە و گفتوگۆ سیاسییەکان جمەیان دێت. زۆرجار دەیانەوێت لەوێوە نەخشەڕێیەکی نوێ بۆ کار و بەرنامەی ئایندەی ئەو بزووتنەوەیە دابڕێژن کە خۆیان بەشێک بوون لە دروستکەرانی و ئێستاش هەر خۆیان بوون بە بەشێک لە ڕەخنەگرەکانی.

ئەوێ ماڵی عوسمانی حاجی مەحموود، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و وەزیری پێشووی وەزارەتی ناوخۆی ئیدارەی سلێمانییە کە دەگوترێ زۆربەی دەنگی هەودارانی سنووری ئیدارەی گەرمیانی بزووتنەوەکەی لەگەڵدایە، ئەو ماڵە بووەتە مەنزڵی هەموو ئەو سەرکردە و هەڵسوڕاوانەی بەهۆی ڕەخنەگرتن و ناڕەزاییەوە کەمتر لە نیو کیلۆمەتر لەگردەکە دوورکەوتوونەتەوە.

لە دوو مانگی ڕابردوودا پێنج کۆبوونەوەی دوو قۆڵی لە نێوان لیژنەیەکی هاوبەشی بزووتنەوەی گۆڕان و پێنج هەڵسوڕاوی زویربووی گۆڕان کراوە، هەردوولا نزیکبوونەتەوە لەوەی کە ئەنجامی کۆتایی ڕابگەیەنن.

یەکێک لە ئەندامانی شاندە هاوبەشەکەی گۆڕان کە نەیویست ناوی بڵاو بکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە دوو کۆبوونەوەی ڕابردووی شاندەکەیان بە ئەنجامی باشی گەیاندوون و هەردوولا نزیکبوونەتەوە لەوەی مەرج و داخوازیی یەکدی قبووڵ بکەن و بەیەکجاری سەرکردە تۆراوەکان بگەڕێنەوە نێو بزووتنەوەکە و دەستبەکار ببنەوە.



لیژنە هاوبەشەکەی گۆڕان، عومەری سەید عەلی سەرۆکایەتی نوێنەرەکانی نەوشیروان مستەفا ڕێکخەری گشتی دەکات، هەریەک لە شەماڵ عەبدولوەفا ڕێکخەری ژووری پەیجووری بزووتنەوەی گۆڕان، ئاواتی شێخ جەناب ڕێکخەری ژووری دارایی و کارگێڕی، ئاکۆ حەمەکەریم ڕێکخەری ژووری توێژینەوەی سیاسی ئەندامن تێیدا، لە بەرەی سەرکردە و هەڵسوڕاوە ناڕازییەکانیش عوسمانی حاجی مەحموود سەرۆکایەتی دەکات و هەریەک لە سەردار عەبدوڵڵا و سەلاح ڕەشید و ئاوات قارەمانی و سەرهەنگ فەرەج ئەندامن.

(ڕووداو) لە زیاتر لە سەرچاوەیەکەوە نێوەڕۆکی کۆبوونەوەکانی هەردوولای دەستکەوتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەنێو خۆیاندا وەها ڕێکەوتوون کە هیچ زانیارییەک نەدەنە ڕاگەیاندن تاوەکو ئەنجامی کۆتایی، بۆیە کەسیان ئامادە نەبوون ناویان بهێنرێ.

سەرەتای تەقینەوەی دەنگی ناڕەزایی کە نەیارەکانی گۆڕان بە دووباڵی ناوی دەبەن، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2010، کاتێک جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەکە لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە دروستکرا، لەبەرامبەر گوێنەگرتن لێیان لەبارەی شێوازی هەڵبژاردن و ئیدارەی جڤاتەکەوە، عوسمانی حاجی مەحموود و قادری حاجی عەلی و سالار عەزیز چوونەوە ماڵەوە، دواتریش سەلاح ڕەشید و ئاوات قارەمانی و عەمید هوشیار و هەندێک پەرلەمانتاری خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق و کوردستان، لەوانەش سەردار عەبدوڵڵا، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە بەغدا و سەرهەنگ فەرەج، ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان پاڵپشتی خۆیان بۆ سەرکردە ناڕازییەکان دەربڕی، دواتریش مام ڕۆستەم وازی لە گۆڕان هێنا و ئێستا هەموویان لە بەرەی عوسمانی حاجی مەحموودن.

شەماڵ عەبدولوەفا ئەندامی ئەو شاندە هاوبەشەی کە بۆ ڕێککەوتنی هەردوولای گۆڕان پێکهێنراوە و نوێنەری دەستەکەی نەوشیروان مستەفایە، تەنیا ئەوەندەی بە ( ڕووداو) گوت "کۆبوونەوەکان بە ئاقارێکی باشدا دەڕۆن و نزیک بووینەتەوە لەوەی بگەینە ئەنجامی کۆتایی، بەڵام جارێ قسەی کۆتایی بۆ ڕاگەیاندن ناکەین".

ڕۆژی 23ی مانگی ڕابردوو دانیشتنی چوارەمی لیژنە هاوبەشەکەی گۆڕان لە گردی زەرگەتە بەڕێوەچوو، شەممەی ڕابردووش جارێکی دیکە هەردوولا کۆبوونەوە، ئەوە سێیەم کۆبوونەوەیە کە لەماوەی یەک مانگدا بەڕێوەدەچێت.

(ڕووداو) زانیویەتی لەکۆبوونەوەی پێشووتردا هەردوولا ڕێککەوتبوون لەسەر ئەوەی کۆی داواکارییەکانیان بکەنە یاداشتێک و لەکۆبوونەوەی داهاتوودا بیخەنەڕوو. لەو کۆبوونەوەیەشدا هەردوولا بەتەواوی نزیک بوونەتەوە لەوەی ڕێککەوتننامەیەک بەشێوەی نووسراو واژۆ بکەن، بەڵام هەڵیانگرتووە بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو کە چاوەڕوان دەکرێت سەرەتای هەفتەی ئایندە بێت.

سەرکردە و هەڵسووڕاوە زویربووەکانی گۆڕان کە خۆیان بەخاوەنی ڕاستەقینەی گۆڕان دەزانن و پێیان خۆش نییە بە زویربوو ناویان ببرێ، لەبەرامبەر گەڕانەوەیان بۆ نێو بزووتنەوەکە هەندێک مەرج و داواکارییان هەیە. لە گرنگترینیان: "پێکهێنانی دەستەیەکی باڵای هاوبەش بۆ بڕیاردان لە پرسە سیاسییەکان، کاراکردن و گۆڕینی شێوازی ئیداری و دەستنیشانکردنی ئەندامانی جڤاتی نیشتیمانی، پرس و ڕاوێژکردن بە هەڵسوڕاوەکانی گۆڕان لەکاتی دیاریکردنی نوێنەر و پلەدارەکانی بزووتنەوەکە لەنێو پەرلەمان و حکومەت، پێدانی کار و ئەرک و بەرپرسیارێتی هاوبەش بە سەرکردە دیارەکانی گۆڕان بەبێ جیاوازی".

ئەوەی لە کۆبوونەوەکاندا ڕۆڵی نییە، قادری حاجی عەلی و مام ڕۆستەم و هەندێک هەڵسوڕاوی دیاری دیکەی گۆڕانە، هەرچەندە پێشتر دەنگۆی ئەوە بڵاو بووەوە کە مام ڕۆستەم بەیەکجاری وازی لە گۆڕان هێناوە، بەڵام خۆی گوتی کە مەرج و داواکارییەکانی ئەو دوو سەرکردەیە دراوەتە دەست عوسمانی حاجی مەحموود و ڕۆژانەش سەردانی ئەو دەکەن.

وا بڕیارە هەفتەی ئایندە لیژنە هاوبەشەکە دواکۆبوونەوە بکەن. هەڵسوڕاوێکی گۆڕان دەڵێ "لەو کۆبوونەوەیەدا دەگەینە ئەنجامی کۆتایی و ڕێککەوتننامەیەکیش بە نووسراو واژۆ دەکەین".

# سەرکۆمار حەرامەکانی مالیکی حەڵاڵ دەکات

**فازڵ نەجیب**
**ڕووداو- بەغدا**

جاری یەکەم کە چوومە بەغدا، ساڵی 2009 بوو، تەقینەوەیەکی گەورە لەشوێنی کارەکەمان ڕوویدا و زیاتر لە 250 کەسی کوشت و خودا ئێمەی لە مردن گەڕاندەوە. جاری دووەم 26/10/2014 و لەسەر داوەتی نووسینگەی بەڕێز دکتۆر فوئاد مەعسوم، سەرکۆماری عێراق لەڕێی فڕۆکەخانەی بەغدا و بە ئۆتۆمبیلی گوللەنەبڕ گەیشتمە میوانخانەی سەرۆکایەتی کۆمار.

بۆچی لەبەغدا بەرپرسەکان ناکوژرێن؟

ئەو پێنج ڕۆژەی لە بەغدا بووم، تەنیا لەنێوان دیوارە کۆنکرێتییەکاندا هاتوچۆم کرد و لە هەندێ شوێن پاش چەند مەترێک تێپەڕبوون لە بازگەیەک، دەگەیشتینە بازگەیەکی دیکە. بوونی ئەو هەموو بازگەیە، بۆ ڕێگری بووە لە خیانەت و کۆنترۆڵکردنی ئاسایشی ناوچەکە. لە بینینی دیوارە کۆنکرێتییەکان و سەدان بازگەی توندوتۆڵەوە، تێگەیشتم کە هیچ گرووپێکی تیرۆریستی بەئاسانی دەستی ناگاتە کاربەدەستانی گەورەی دەوڵەت، هەر بۆیە لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەدەگمەن نەبێ، تەنیا خەڵکی ئاسایی بوونەتە قوربانیی تەقینەوەکان. پێدەچێت ئەو دیوارە کۆنکرێتی و هەزاران بازگە توندوتۆڵەی دەزگا ئەمنییەکان، ئامانج و سیاسەتی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی عێراقی گۆڕیبێت و تەقینەوەکانی ئەم دواییەش، زیاتر بە دەرهاویشتەی ململانێی ناوخۆی شیعەکان لەلایەک و شیعە و سوننە لەلایەکی دیکە دادەنرێت.

کاتێک باسی تەقینەوەی نێو شەقامەکانم دەکرد، یەکێک لە ڕاوێژکارەکانی سەرۆکایەتی کۆمار گوتی "لەم کۆشکەی ئێمە بەدەگمەن فەرمانبەرێک هەیە ئەندامێکی خێزانەکەی یان بنەماڵەکەی لە تەقینەوە هەڕەمەکیەکاندا نەکوژرابێت".

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە 27/10/2014 کاتێک بۆ داوەتێک چووینە دەرەوە، لەنزیک ئەو شوێنەی ئێمەی لێبووین، تەقینەوەیەک لەبەردەم دوو هۆتێل و لەنێو خەڵکی مەدەنیدا ڕوویدا و بەهۆیەوە 8 کەس کوژراون و زیاتر لە 20 کەسی دیکە بریندار بوون. ئەستەمە بتوانیت چێژ لە میوانداری و خواردنێک ببینی کە دووکەڵی تەقینەوەیەکی گەورە لە نزیکتدا بەرز بێتەوە و دەنگی ئەمبولانس بێت و دڵنیاش بیت ئەو تەقینەوەیە خەڵکی کوشتووە.



لە بەغدا هیچ شتێک تامی ڕاستەقینەی خۆی نادات، نە دەوڵەتداری و سیاسەت، نە ژیانی ڕۆژانە، نە هونەر و سینەما و پیاسەی کەناری دیجلە، ئەوەی تامی ڕاستەقینەی خۆی هەیە، ئازاری کوشتنە کە خاڵی هاوبەشی زۆربەی دانیشتووانەکەیەتی.

## ئاشتەوایی نیشتمانی لە ژووری تاریکدا

دیداری یەکەمی بەڕێز سەرکۆماری عێراق بە ئامادەبوونی زۆربەی دەزگا عێراقییەکان بەڕێوەچوو، سەرکۆمار باسی ئەوەی کرد لە چەند مانگی داهاتوودا سوپاکەیان باشتر دەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و زۆر وڵاتیش ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ کۆمەکی ئەو سوپایە. ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا لە ناوهێنانی ئەو سەرۆک و دەوڵەتانەی دەستی هاوکاری بۆ عێراق درێژ دەکەن، ناوی عەبدولفەتاح سیسی، سەرکۆماری میسر بوو، کە ئامادەیی هاوکاری دەربڕیوە بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی سوپای عێراق و کۆمەکی دەزگا ئەمنیەکان، ئەوە لەکاتێکدایە ئەو دەوڵەتە گەورەیە لەدوای بەهاری عەرەبییەوە ئارامی لەبەر بڕاوە.

سەرکۆمار باسی ئەوەی کرد کە دوای تەواوبوونی یادی موحەڕەم، سێ سەرۆکایەتییەکە (کۆمار- وەزیران- نوێنەران) کۆدەبنەوە بۆ تاوتوێکردنی کۆنگرەی ئاشتەوای نیشتمانی و پاشان لەگەڵ هەموو لایەنەکانی لەسەر هەمان پرس، کۆبوونەوە دەکەن. ئەو گوتی "ئەگەر بمانەوێت ئاشتبوونەوەی نیشتمانی سەرکەوتوو بێت، دەبێت هەموو بە ڕۆحی ئاشتبوونەوە بەشداری کۆبوونەوەکان بین، ئەوەش ئالیەتی ئاشتبوونەوەیە، نەوەک لایەنێک بۆچوونەکانی خۆی لەچوارچێوەی ئەو پرۆسەیەدا بسەپێنێ".

سەرکۆمار ڕایگەیاند، لە چەند ڕۆژی داهاتوودا لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان لەسەر دیاریکردنی ئالیەتی ئاشتبوونەوەکە کۆدەبینەوەو کۆبوونەوەکەش تەنها یەک ڕۆژ دەخایەنێت، بەیانییەکەی لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان و ئێوارەکەشی سێ سەرۆکایەتییەکە و گوتی "پرۆسەکە بە شەفافی بەڕێوەدەبەین و نایخەینە ژوورە تاریکەکان، ئەگەر شەفاف نەبێت، سەرکەوتوو نابێت".

کێشەی ڕۆژنامەنووسانی عێراقی زۆر لە کێشەکانی ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان زیاتر بوون، هەڵبەت ئەوەش ڕەنگدانەوەی کێشەی قووڵی تایفی و سیاسیی عێراقە کە چارەسەری ئاسان نییە. یەکێک لەو کەناڵانەی لە عێراقدا قەدەغە کرا (البغدادیە) بوو، سەرۆک مەعسوم لە کۆبوونەوەکەدا بەڵێنی پێدان چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنییان لەگەڵ بکات، ئەو بڕیارەش دوای ئەوە دێت کە سەرۆک مەعسوم، نوری مالیکی ڕانەسپارد بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق و ئێستاش حەرامەکانی ئەو حەڵاڵ دەکات.

لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا "هەندێک پێیانوایە ئەوەی هەیە پرۆسەی سیاسی نییە، بەڵکو کەڵەگایی سیاسییە و کێ دەستی بڕوات، دەستی ئەوانی دیکە دەبڕێت". هەست بە هیچ جۆرە هاوسەنگییەک ناکرێت، تەنانەت لە کۆبوونەوەی سەرۆک مەعسوم لەگەڵ بەڕێوەبەری دەزگاکانی عێراقیشدا هەستی پێدەکرا، یەکێک بە وشەی فەخامەت بانگی دەکرد ئەگەرچی گوتی ئەو وشەیە بەکارمەهێنن، گەنجێکی دەنگبەرزیش بە وشەی"تۆ"و پەنجە ڕاوەشاندنەوە قسەی کرد کە نەدەگونجا لەگەڵ ئەدەب و ئەتەکێتی کۆبوونەوەکە. بەقسەکانیدا دیاربوو لەسەردەمی سەرۆکایەتی مالیکیدا زۆر ئازاریان دابوو. تێبینی ئەوەم دەکرد بەشێکی زۆری ئەو ڕۆژنامەنووسانە لەکاتی قسەکردنیاندا لەبری ئەوەی تەنیا سەیری بەڕێز سەرۆک مەعسوم بکەن، سەیری برادەرەکانی خۆیان دەکرد، وەک ئەوەی بیانەوێت پەیامێک بەوان بگەیەنن.

## کەمێک بێدەنگی پێویستە

لە کۆبوونەوەی دووەم لەگەڵ سەرکۆماری عێراق، کە کۆبوونەوەیەکی بچووک و دۆستانە بوو، پێشنیازی ئەوەم بۆ سەرۆک کرد لەگەڵ هەموو فراکسیۆن و نوێنەرانی کورد لە بەغدا کۆببێتەوە و داوای کەمێک بێدەنگییان لێبکات، چونکە هێشتا گەمەی سەرەکی لەگەڵ حکومەتی بەغدا دەستی پێنەکردووە، بەشێک لەو نوێنەرانە لە میدیای کوردییەوە ئاڵای سپی و دۆڕانیان هەڵکردووە و باسی ئەوە دەکەن کە کورد ناتوانێت لەو یارییەدا براوە بێت. ئەم قۆناغە هی کارەو چوار ساڵی کارکردن لەپێش هەموو ئەو نوێنەرانەدایە، پێویست ناکات هەر لە ئێستاوە سەنگەری کار چۆڵ بکەن و بچنە سەنگەری قسەو قسەکەش نوقڵانە لێدانی دۆڕان بێت.

بەڕێز سەرکۆمار گوتی لەگەڵ هەموو لایەنەکان کۆدەبمەوە و لەوبارەوە قسەیان لەگەڵ دەکەم. داوای لە میدیاکارانیش کرد نەبنە هۆکاری زیاتر ئاڵۆزبوونی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و پشتیوانی ئاشتەوایی نیشتمانی بکەن و گیانی خۆشەیستی بڵاوبکەنەوە، ئەو گوتی"هەموو لایەنە عێراقییەکان لە کوردستان خەڵکی تایبەتیان هەیە و ڕۆژانە زانیارییان بۆ دەگوازنەوە".

سەرکۆمار ڕەخنەی لە هەندێک لە پەرلەمانتارەکان گرت کە لەبری ئەوەی تێکەڵی لایەنەکانی دیکە بن و زانیاری کۆبکەنەوە، لەنێو خۆیاندا سەردەکەن بەیەکداو گوتی"نوێنەرانی خولی یەکەم باشترین نوێنەر بوون، زۆر جار ئەوەندە زانیاریمان لەسەر بەرامبەرەکانمان کۆدەکردەوە کاتێک دەچووینە کۆبوونەوەکان، پێش ئەوەی قسە بکەن، دەمانزانی چی دەڵێن و چ پلانێکیان هەیە".

## نوێنەرایەتی بە عەقڵی پەیامنێر

بەغدا پایتەختی عێراق، هەزاران بارەگای دەوڵەتداری لێیە، حکومەتەکەی حەیدەر عەبادی پشتیوانییەکی گەورەی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لەگەڵە، کورد بە پشکێکی کەم بەشداری ئەو دەوڵەتەی کردووە، خۆ ئەگەر ئەو نوێنەرانەش بە عەقڵی پەیامنێرەوە کار بکەن، کورد لە چوار ساڵی داهاتوودا دەستی لەبنی هەمانەکە بە بەتاڵی دەردەچێت.

لەوەی تا ئێستا یەک کێشەی سەرەکی کورد لە بەغدا چارەسەر نەکراوەو شەو و ڕۆژ نوێنەرانی کوردیش خەریکی لێدوان بوون، تێدەگەین لەماوەی ڕابردوودا کورد بە عەقڵی پەیامنێرێک ئیشی کردووەو ئامانجی گەیاندنی هەواڵەکان بووە، هەڵبەت هەواڵەکانیش وەک هەواڵی میدیای حیزبی کە تەنیا چیرۆکە خۆش و باشەکانی خۆیان دەگوازنەوە.

یەکێک لە وەزیرە کوردەکان قسەیەکی سەرنجڕاکێشی کرد و گوتی "لە کوردستان وادەزانن ئێمە شاندی دانوستانکاری کوردین و دەبێت لەسەر هەموو شتێک قیرەقیڕ بکەین، بیریان چووە ئێمە وەزیری دەوڵەتێکی وەک عێراقین کە کوردستان بەشێکە لێی و دەبێت ئیش بۆ عێراق بکەین".

دکتۆر فوئاد مەعسوم گوتی ئەم حکومەتە دەرفەتێکی باشی تێدایە بۆ کورد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی، چونکە ئەو وەزارەتانەی کێشەیان بۆ هەرێمی کوردستان دروست دەکرد، ئێستا یان بەدەست کوردەوەن یان لەدەستی دۆستی کوردن. گوتیشی "شەڕی داعش بەغدا و هەولێری لەیەکتری نزیک کردەوە".

## عەبادی: رۆژی رزگارکردنی مووسڵ نزیکە



**رووداو- بەغدا**

بۆ گرتنەوەی مووسڵ داوای چەکی قورس لە حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق کراوە و عەبادیش، لەکاتی پێشوازیکردنی شاندی پارێزگای نەینەوا، پێی راگەیاندوون "رزگارکردنی موسڵ، رزگارکردنی هەموو عێراقە و رۆژی رزگاری یەکجاریش نزیکە". بەشار کیکی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا، کە بەشـداری کۆبوونەوەکەی عەبادی بووە، بە (رووداو)ی راگەیاند "عەبادی لە پلانی حکومەت بۆ گرتنەوەی موسـڵ دڵنیای کردوونەتەوە". بەڵام بەگوێرەی زانیارییەکانی رووداو، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان گرتنەوەی شنگالی کردووەتە پێش مەرجی گرتنەوەی موسڵ و گوتوویەتی "تاوەکو شنگال نەگیرێتەوە باسی گرتنەوەی موسڵ مەکەن".

# شیعە و سوننە لە کوردستان تۆڵە لە یەکدی دەکەنەوە

## میلیشیای خوراسانی
## پێشمەرگەکانی خورماتوو رادەستی ئاسایش دەکات

## ئۆباما باسی ئەو میلیشیایەی
## کردووە کە کێشەی لەگەڵ پێشمەرگەدا هەیە



**هێمن عەبدوڵڵا**
**رووداو- خورماتوو**

هیچیەک لەو هەشت پێشمەرگانەی هەفتەی رابـردوو میلیشـیا شـیعەکان لـە خورماتـوو گرتبوویانـن، لەلای ئەو میلیشـیایانە نەماون. قایمقامـی خورماتوو دەڵێت ئەوانە رادەسـتی هیـچ لایەنێـک ناکرێـن و لەلایـەن ئاسایشـی کوردسـتانەوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت. شەلال عەبدول باسی دوایین رووداوی پێکدادانی نێوان پێشمەرگە و میلیشیا شیعەکان دەکات کە لە خاڵێکی پشکنیندا لە دەوروبەری خورماتوو روویدا و بەهۆیەوە ئەفسـەرێکی میلیشـیاکان کـوژرا. لەدوای ئـەو رووداوە میلیشـیاکان 10 پێشـمەرگەیان دەسـتگیرکرد و تەنیـا دوو کەسـیان لێ ئازادکردن. بەڵام ئێسـتا هەشـت پێشـمەرگەکەی دیکەش رادەسـتی ئاسـایش کراون.

عەبدول لە ماڵەکەی خۆی لەنێو شارۆچکەی خورماتـوو ئاشـکرای دەکات کـە ئەفسـەرە کوژراوەکە سەر بە میلیشیای خوراسانی بووە: "زۆربەی کێشەکانی نێوان پێشمەرگە و میلیشیای شـیعەش لە ناوچەکەی ئێمەدا لەگەڵ سەرایای خوراسانی بووە". مانگی رابردوو، باراک ئۆباما، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە وتارێکدا باسـی میلیشـیای خوراسانیی کرد و گوتی: "مەترسیی ئەو میلیشیایە لە مەترسیی رێکخـراوی تیرۆریسـتیی داعـش گەورەتـرە". هەروەها کۆماری ئیسلامیی ئێرانی تۆمەتبارکرد بـە هاوکاریکردنی ئەو میلیشـیایە لە عێراق و سـووریا. ئەمریکییەکان میلیشیای خوراسانی بەوە تۆمەتبار دەکەن کە راستەوخۆ فەرمان لە قاسم سولەیمانی، فەرماندەی لەشکری قودس-ی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران وەردەگرێت و لە پارێزگاکانی دیالە و سەلاحەدین و دەوروبەری بەغـدا کردەوەی رفاندن و کوشـتن و تۆقاندن ئەنجامـدەدات. قایمقامی خورماتووش لەبارەی کێشـەکەی ئەم دواییەوە دەڵێـت: "بەداخەوە کێشەکە لەسەر تالانی بوو". ئەو روونیدەکاتەوە کە تەنیا میلیشیا شیعەکان نا، بەڵکو هەندێک کوردیش بەناوی پێشـمەرگەوە خەریکی تالانی و دزیـن: "بێگومـان ئەوانە پێشـمەرگە نین و پێشمەرگە ئەو کارانە ناکات".

### تەقینەوە بە مۆدێلی نوێ

قایمقامی خورماتوو، هەروەها دانیشـتووانی شـارۆچکەکەش دەڵێن دوای هاتنی پێشمەرگە و ئاسـایش بـۆ ناوچەکەیان، رەوشـی ئەمنی باشتر بووە. بەڵام لە قسەکانیاندا دەردەکەوێت کـە باشـتربوون بـەو مانایەیە چیـدی رۆژانە چەندیـن تەقینـەوە روونادەن و رەنگـە رۆژانە یـەک تەقینەوە رووبـدات. دار و دیواری ماڵ و دووکانەکانی شارۆچکەکە ئاسەواری تەقینەوەی پێـوە دیـارە. باڵەخانەی بـارەگای مەڵبەندی یەکێتـی ئاسـەواری تەقینەوەی پێـوە دیارە. لەبـەردەم ئاسایشـی پارتی لـە خورماتووش هێشتا ئاسەواری تەقینەوەیەک هەر ماوە.

چیرۆکێکی بەنێوبانگ کە لە خورماتوو هەیە، چیرۆکی ئەو خێزانە تورکمانیە شـیعەیە کە ساڵی پار چەند کەسێکیان بەهۆی تەقینەوەوە گیانیان لەدەستدا، کاتێک پرسەیان بۆ دانرا لەناو پرسەکەشـدا تەقینەوەیەکی گەورەتـر روویدا. یەکێک لەو کەسانەی لە پرسەکەدا بەشداربووە دەڵێت: "دوای ئەوە بیرمانکردەوە چیدی لەدوای تەقینەوەکان پرسە دانەنێین، چونکە دەترساین ناچاربین پرسە بۆ پرسەگێڕانیش دابنێین".

لـە خورماتـوو تەکنیکەکانـی ئەنجامدانـی تەقینـەوە گۆڕانیـان بەسـەردا هاتـووە. بۆنموونە چیـدی تەنیا ئۆتۆمبێلی بۆمبرێژکراو ناتەقێندرێتـەوە، بەڵکـو ماتۆڕ و پایسـکلیش بۆمبرێـژ دەکرێـن. هـەردوو سـەری زۆر لـە کۆڵانەکانـی خورماتـوو دەرگای گەورەیـان لێدانراوە، تاوەکو ئۆتۆمبێلی بۆمبرێژکراو نەتوانێ پێیدا تێپەڕێت و بە ماڵی هاووڵاتیاندا بتەقێتەوە. ئەو ماڵانە زۆرتر ماڵە تورکمانییە شـیعەکانن. یەکێک لەو ماڵانە نزیکەی 100 مەتر لە بارەگای ئاسایشی پارتییەوە دوورە و لەماوەی رابردوودا تەقینەوەیەکی هێندە بەهێز تێیدا روویداوە کە دیوی پێشەوەی ماڵەکە بەتەواوەتی وێران بووە و ئەندامانـی خێزانەکـەش بریندار بـوون. ئەو ماڵە ئێسـتا چۆڵە و چیدی کەسی تێدا ناژیت. لەجیاتـی دیوار پەڕۆیـەک دانراوە و پەنجەرەی ژوورەکانیش بە پەردەی ئەسـتوور داپۆشراون. لەناو حەوشەی ماڵەکەدا هێشتاش تەباخی غاز و کەرەستەی دیکەی ناوماڵ بە پەرش و بڵاوی کەوتوون و کەس دەسـتی بـۆ نەبردوون. وەک بڵێی هەمووان چاوەڕێ بن ئەندامانی ئەو خێزانە دیسان بگەڕێنەوە سەر ماڵە وێرانەکەیان.

### تەقینەوەی تۆڵە

ئەو تەقینەوانەی لەناو خورماتوودا روودەدەن، زۆرتر تورکمانە شیعەکان و عەرەبە سوننەکان دەکەنە ئامانج. بەرپرسێکی ئەمنی کە نەیویست نـاوی ئاشـکرا بکرێـت، بـە (رووداو)ی گوت: "ئامانجـی تەقینەوەکانی ئێـرە تەنیا تێکدانی رەوشـی ئەمنی نییە، بەڵکو تۆڵە سەندنەوەی شـیعە و سوننەیە لە یەکدی". ئەو باسی ئەوە دەکات کە بەر لە دەسـتپێکردنی شەڕی داعش لەم ناوچەیەدا، زۆرتر شیعەکان دەکرانە ئامانجی تەقینەوەکان: "ئێستا کە میلیشیا شیعەکان لەم ناوچەیەن، رەوشەکە پێچەوانە بووەتەوە و زۆرتر عەرەبـە سـوننەکان دەکرێنە ئامانج". شـەلال عەبدولیش ئەو زانیارییانە پشتڕاسـتدەکاتەوە و دەڵێـت: "ئـەو بۆمبانەی لـە تەقینەوەکاندا بەکاردێـن دوو جـۆرن، جۆرێکیـان ئێرانیـن و جۆرەکەی دیکەش دەستکردی خۆماڵین".

هەفتـەی رابردوو تەقینەوەیـەک لەناو ماڵی ئەندامێکی میلیشیای بەدر لە خورماتوو روویدا. تەقینەوەکـە لە ژووری نووسـتنی کەسـەکەدا بووە. بەرپرسـە ئەمنییەکە لەوبـارەوە گوتی: "وا راگەیەنـدرا کـە عەرەبـی سـوننە دزەیان کردووەتە ناو ئەو ماڵە و توانیویانە بۆمبی تێدا دابنێن، بەڵام هێندەی ئێمە لێی تێگەیشـتبین لەو ژوورەدا بۆمب دروستکراوە و بە کەسەکەدا تەقیوەتەوە". هەروەها کەس ئەو زانیارییەی بۆ (رووداو) پشتڕاست نەکردەوە.

### سوننە ناچنەوە

ژمارەیەکـی زۆر عەرەبـی سـوننە بەهـۆی شـەڕی داعشەوە لە دیالە و ناوچەکانی دیکەی پارێزگای سـەلاحەدین روویـان لە خورماتوو و دەوروبـەری کردووە. دانیشـتووانی شـارەدێی سلێمان بەگ-ی سـەر بە قەزای خورماتووش، کـە زۆرینەیان عەرەبی سـوننەن، ناوچەکەیان چۆڵکردووە و هاتوونەتە خورماتوو. هەرچەندە ئێستا سلێمان بەگ شەڕی لێنەماوە و لەدەست داعـش دەرهێنراوە، بـەڵام دانیشـتووانی ئەو شـارۆچکەیە ناتوانـن بگەڕێنەوە بـۆی. ئەوان دەڵێـن میلیشـیا شـیعەکان رێگەیـان نادەن بگەڕێنـەوە. بەڵام مەهدی تەقـی، فەرماندەی هێـزە خۆبەخشـە شـیعەکانی ئامرلـی، ئەوە رەتدەکاتەوە و دەڵێت: "ماڵەکانی ئەو ناوچەیە لەلایەن داعشەوە بۆمبرێژکراون و مەترسیدارە بۆ خەڵک بگەڕێنەوە ناوی".

### "ئاسایش ژمارەیان زیاد بکرێت"

شـەلال عەبـدول بۆ باشـترکردنی رەوشـی ئەمنـی لـە خورماتـوو داوا لـە حکومەتـی کوردسـتان دەکات هێزی ئاسایشـی ناوچەکە ژمارەیان زیادبکرێت. ئەو دەڵێت: "ئەوەی ئێستا لێرە هەیە باشە و ژمارەیان نزیکەی 100 کەسە، بـەڵام گرنگـە ژمارەیان زیاتـر بکرێت. چونکە ئێستا نزیکەی 90%ی رەوشی ئەمنی لەلایەن ئاسایشـەوە کۆنترۆڵ کراوە". بەڵام پرسیارەکە ئەوەیـە کە کاتێـک زۆرتر لە حـەوت گرووپی میلیشـیایی جیاواز لە قەزای خورماتوو هەبن، زۆرکردنی ژمارەی هێزەکانی ئاسایش کێشەکان چارەسـەر دەکات یان چانسی پێکدادانی نێوان ئەو میلیشیایانە و ئاسایش زیاتر دەکات؟

### قەزای خورماتوو

قەزای خورماتوو دەکەوێتە داوێنی زنجیرە چیاکانی حەمرین، کە بە سنووری سرووشتیی باشـووری کوردسـتان لەگەڵ عێراق دادەنرێت. دانیشـتووانی خورماتوو کورد و تورکمان و عەرەبن. پەیرەوانی هەردوو مەزهەبی سوننە و شیعەش لە ناوچەکەدا دەژین. جاران خورماتوو سەر بە پارێزگای کەرکووک بوو، بەڵام لە ساڵانی حەفتای سەدەی رابردوودا، لە چوارچێوەی سیاسـەتی تەعریبدا خرایە سەر پارێزگای سـەلاحەددین. بەپێی گێڕانەوە کوردییەکان ناوی خورماتـوو لـەوەوە هاتووە کـە داری توو لەو ناوچەیەدا هـەن و تووەکانیان هێندەی خورما گەورەن. بەڵام تورکمانەکانی ناوچەکە دەڵێن ناوە راستەکە تووز خورماتووە. تووز بە تورکی واتـە خـوێ. تورکمانەکان دەڵێن ناوچەکەیان بە خوێ و خورما و توو بەناوبانگ بووە و ئەو ناوەش لەوەوە هاتووە.

## بە ناسنامەی ساختەوە دێنە ناو کەرکووک

# سوننەکانی کەرکووک لە داعش هەڵدەگەڕێنەوە



**هیوا حوسامەدین**
**رووداو- کەرکووک**

چەکدارانـی دەوڵـەتـی ئیسـلامی ناسـراو بـە (داعش)، لە سـنووری حەویجـە و ریاز و رەشـاد و بێجـی دەکەونـە بـەر شـاڵاوی تووڕەیـی سـەرۆک هـۆزە عەرەبەکانـی ئەو سنوورە، بەو هۆیەشـەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە چەکدارەکانیان لەدەستداوە. ئەمەش دوای کوشـتن و لە سێدارەدانی ئەو عەرەبانە دێت کە سـەرانە بە داعش نادەن و پابەندی یاسا و رێساکانیان نابن.

دەزگا ئەمنییەکانی کەرکووک دەڵێن چەند هۆزێکی عەرەبی لە سنووری حەویجە و رەشاد گرووپی چەکداریان لە دژی داعش پێکهێناوە و رۆژانـە رووبەڕووی یەکـدی دەبنەوە و ئەم کێشـەیەش دوای لـە سـێدارەدانی ئەحمەد عاسـی، حاکمی شـەرعی حەویجـە گەورەتر بـووە، ئەو چەکدارانەی لـە ریزەکانی داعش شـەڕیان دەکرد ناچار بوونـە دزە بکەنە نێو شاری کەرکووک.

### بە ناسنامەی ساختەوە دێنە کەرکووک

عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قـەزا و ناحیەکانـی کەرکـووک بـە (رووداو) ی راگەیاند"لـەم ماوەیـەدا ژمارەیەکی زۆری چەکـداری سـوننە مەزهـەب، کـە شـەڕیان بـۆ داعـش دەکرد لـە باشـووری کەرکووک، دزەیان کردووەتە نێو شـاری کەرکووک و بۆ ئەو کارەش ناسـنامەی سـەربازی و مەدەنی سـاختەیان دروسـتکردووە و لـە بازگـەکان تێپەڕبوون.

سـەرحەد قـادر ئاشـکرای کـرد، لـەو مـاوەی رابردوودا چەنـد کەسـێکیان لەوانە دەسـتگیرکردووە، کە ناسـنامەی ساختەیان دروسـت کردووە، هەندێکیان ناسنامەکانیان لـە شـارۆچکەی حەویجـە دروسـتکردووە، هەندێکشـیان ناسنامەی ئەفسەرانی پێشووی سـوپای عێراقیـان بەکارهێنـاوە و لە کاتی لێکۆڵینەوەدا دانیان بەوەدا ناوە کە لەدەستی داعش هەڵهاتوون، تەنانەت شوێنەواری برینی گوللە بە جەستەیانەوە دیار بووە.

### جلی ئافرەت لەبەر دەکەن

بەشـێک لـەو چەکدارانـەی بەناسـنامەی سـاختەوە هەڵهاتوون لە نێو نەخۆشخانەکان قۆڵبەسـت کـراون و تەنانەت بۆ سـەرگرتنی پلانەکەیـان چەندین جۆر حەبیـان خواردووە تاوەکو نەخش بکەون و بکەونە نەخۆشخانە.

عەقید ئیدریس رەفعەت، بەرپرسـی بەشی جموجۆڵـی ئاسایشـی کەرکـووک دەلێت"ئەو چەکدارانـە بـۆ هەڵهاتـن و گەیشـتنیان بـۆ نێو شـاری کەرکـووک چەنـد بیانووییەکیان هەیە، هەندێکیان نووسـراوی نەخۆشخانەیان دروسـتکردووە گوایـە بـاری تەندروسـتیان ناجێگیـرە، هەندێکی دیکەشـیان جلوبەرگی ئافـرەت دەپۆشـن، هەندێکشـیان بەنـاوەی خوێندنـەوە دەیانەوێت دەربازی ناوشـار ببن، بـەڵام بەردەوامـی ئۆپراسـیۆنە ئەمنییەکانی کەرکووک کاری ئەوانی پوچەڵکردووەتەوە".

ئەو بەرپرسە ئەمنییە ئاماژەی بەوەشدا کە لەو ماوەیەدا چەندین کەس لە نێو نەخۆشخانە، لـە بازگەکان و هۆتیل و بازاردا دەستبەسـەر کـراون. گوتیشـی "زانیاری تەواومان لەسـەر ئـەو کەسـانە کۆکردووەتـەوە کـە بەنیـازی هاتنن بۆ نێو کەرکووک و ئەو زانیاریانەش لە دەروازەکانی پێشـمەرگە و پۆلیس و ئاسایش هەڵواسراون، بۆ ئەوەی ئەو چەکدارانە نەتوانن دزە بکەنە نێو شاری کەرکووک.

### هاتوچۆ لە نێوان کەرکووک و حەویجە بە مەرجە

پێشتر لە دەروازەی مەکتەب خالید لە نێوان کەرکـووک و حەویجـە، هاتوچۆی ئۆتۆمبیلیش هەبـووە، بەڵام دوای چەند تەقینەوەیەک لە نێو شاری کەرکووک، ئەو رێگایە جارێکی دیکە داخرا و تەنیا رێگە بەهاتوچۆی پیادە دەدرێت.

عەمید هیـوا عەبدوڵڵا، وتەبێـژی میحوەری کەرکووکـی هێـزی پێشـمەرگە بـە (رووداو) ی راگەیانـد "بەبڕیاری ئیـدارەی کەرکووک ئەو دەروازەیە کراوەتەوە و هاتوچۆ تێیدا ئاسـاییە، بـەڵام بە چەنـد مەرجێک: ئەوانـەی هاتوچۆی شـاری کەرکووک دەکـەن دەبێت ناسـنامەیان کەرکووک بێت و کەسێکی کەرکووکی پشتگیریان بـکات. چوونی بۆ ناوشـار دەبێت بۆ ماوەیەکی کاتـی بێت، یاخود هەڵگری نووسـراوی فەرمی نەخۆشـخانە بـن و بەمەبەسـتی وەرگرتنـی چارەسەری پزیشکی بێتە شارەکەوە".

ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە بەهیچ شـێوەیەک رێـگا بە گەنـج نادرێت بێنە کەرکـووک، تەنیا ئەو کەسـانە نەبێت کە ناویان لە لیستی لایەنە ئەمنییەکان هەیە و پێشـتر پۆلیس یان سەرباز بوونـە و دەیانەوێـت خۆیان رادەسـت بکەنەوە "بەڵام ئەوانەش دەستبەسـەردەکرێن و دەدرێنە لایەنی پەیوەندیدار بۆ لێکۆڵینەوە". عەمید هیوا وادەڵێت.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) لە ماوەی یەک مانگدا 165 ئەفسەر و 200 پۆلیس و سەربازی سـوپای عێراقـی لـە سـنووری دەروازەکانـی کەرکووکـەوە خۆیـان رادەسـتی پێشـمەرگە و ئاسایش کردووەتەوە.

عەمید عەدنان تەهـا، بەڕێوەبەری کاروباری پۆلیسـی کەرکـووک دەڵێـت "ئەو ئەفسـەر و سـەربازانە هەموویان دەستبەسەرن و متمانەی سـەربازیان لێوەرگیراوەتەوە و بەمـاددەی 4ی تیـرۆر خراونەتـە زیندانـەوە تاوەکـو دادگایی دەکرێن".

## 4 هاووڵاتی لە زیندانی ورمێ لەسێدارە دەدرێن

**ڕووداو- کوردپا**

چوار هاووڵاتی دانیشتووی شاری ورمێ، کە سێیان کورد بوون، لەلایەن ڕێکخراوی زیندانەکانی حکومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە، لە زیندانی "دەریا"ی ورمێ لە سـێدارە دران. ئەو چوار هاووڵاتییە لەلایەن دەزگای قەزایی حکومەتی ئیسـلامیی ئێرانەوە بە "بارزگانی کردن بە ماددە هۆشبەرەکان" تۆمەتبارکرابوون. هاوکات زیندانییەکی دیکەی خەڵکی کەرەج، کە فارس بووە، هاوڕێ لەگەڵ ئەو سێ گیراوە کوردە لە زیندانی ورمێ لەسەر هەمان بابەت لە سێدارە درا.





## مینەکانی کۆماری ئیسلامی تادێ کارەسات زیاد دەکەن

# "بە بابم دەڵێم مینەکەتان بۆ بکرێتەوە"

**ئومێد بەرین**
**ڕووداو- هەولێر**

سـاڵێک لەمەوبەر لە ڕووداوێکدا 7 منداڵی گوندی نشکاشـی سەر بە شـاری مەریوان لە پارێزگای سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەکاتی یاریکردندا مینیان پێدا تەقییەوە و بە سەختی بریندار بوون.

ئەوکات منداڵە برینـدارەکان گوازرانەوە بۆ نەخۆشـخانەی مەریوان و نەشـتەرگەرییان بۆ کـرا، بەڵام ئەو منداڵانە کە هێشـتا پریشـکی مینەکان لەنێو جەستەیاندا ماوە، زۆر بە زوویی لەبیرکران.

سـاڵێک بەسـەر ڕووداوەکـەدا تێپەڕیـوە، بـە گوتـەی کەسـوکاری منداڵانی نشـکاش، لەمـاوەی ڕابـردوودا تەنیا قایمقامـی مەریوان و چەند بەرپرسـێکی ناوچەکە سەردانی ماڵی منداڵەکانیان کردووە و چەند کیلۆیەک قەند و ڕۆن و برنجیان بە دیاری بۆ بردوون.

حوسێن ئەحمەدی نیاز، پارێزەری منداڵانی نشـکاش بـە (تـۆڕی میدیایـی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی ماددە 2ی دەستووری ئێران، حکومەت بەرپرسی یەکەمە لە قەرەبووکردنەوە و لەئەسـتۆگرتنی هەمـوو تێچوویەکـی چارەسـەرکردنیان، بـەڵام تـا ئێسـتا ئـەوە نەکراوە و بەرپرسـانی ناوچەییش لە مەریوان کەمتەرخەم بوون".

ڕۆژی 2014/10/29 بـە هەوڵـی چەنـد چالاکڤانێکـی مەدەنـی و پارێـزەری منداڵانی نشـکاش، تیمێکی پزیشـکی نەخۆشـخانەی نووری ئەفشـاری تـاران و چەند ڕێکخراوێکی خێرخوازیـی دیکە، تێچووی نەشـتەرگەری و تیماری ئەو منداڵانەیان گرتەئەستۆ، تا ئێستا شـەش لەو منداڵانە نەشتەرگەری و پشکنینی پزیشکییان بۆ کراوە.

بـەڵام هەواڵـەکان هیـچ خـۆش نەبـوون، یەکێـک لـە منداڵانی نشـکاش بە نـاوی ئاڵا بەهۆی نزیکبوونەوەی پریشکی مین لە دەماری چاوەکانـی، سـۆمای یەکێـک لـە چاوەکانی لەدەسـتدا، ئێسـتا مەترسـی ئـەوە هەیە کە چاوەکـەی دیکەشـی لەدەسـتبدات، هەروەها گەشـین کە لە ڕووداوەکـەدا لاقێکی پەڕیبوو، ئێسـتا لاقی لەجیاتی درێژبوون، بە ئاراستەی پانابیدا گەورە دەبێت.

تیمی پزیشکی نەخۆشـخانەی ئەفشار لەو ڕووەوە بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)یان ڕاگەیاند "چـاوی ئاڵا و لاقی گەشـین بەهـۆی هەڵەی پزیشکی نەخۆشخانەی مەریوان و ئەنجامنەدانی نەشتەرگەری لەکاتی پێویسـتدا وایان بەسەر هاتووە".

حوسـێن ئەحمـەدی نیـاز سـەبارەت بـە تەندروسـتی گەشـین بـە (ڕووداو)ی گـوت "گەشـین ئێسـتاش خووی بەوەوە نەگرتووە کە لاقی پەڕیوە، شەوانە کە دەخەوێت لەناکاو هەڵدەستێتە سەرپێی و بەردەبێتەوە و دەست بە گریان دەکات".

یەکێکـی دیکـە لـە منداڵـەکان بـە ناوی مەتین کە باوکی کارمەندی شارەوانییە، خۆی پاراستووە لەوەی منداڵەکەی بۆ نەخۆشخانەی ئەفشار بنێرێ.

پەرویـن زەبیحی چالاکـی مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان بە (ڕووداو)ی گوت "باوکی ئەو منداڵە لەوە ترساوە کە ئەگەر ئەو کارە بکات حکومەت لەسەر کار دەریبکات".

بـە هەوڵی پارێـزەری منداڵانی نشـکاش، حەسەن قازی زادە هاشمی وەزیری تەندروستی لـە کابینەی حەسـەن ڕووحانی بە هاوڕێیەتی جێگـری خۆی و چەنـد ئەنـدام پارلەمانێکی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، ڕۆژی هەینی ڕابردوو لە نەخۆشخانەی ئەفشـاری تارانی پایتەخت، سەردانی ئەو شەش منداڵەی کردووە.

کەمال حوسـەینی چالاکڤانـی مافی مرۆڤ لە نەخۆشخانەی ئەفشارەوە لە پەیوەندییەکدا لەگەڵ (ڕووداو) گوتی "وەزیری تەندروستی لە میانەی سـەردانیدا بۆ نەخۆشـخانەی ئەفشار هەمـوو منداڵانـی گوندی نشکاشـی بەسـەر کـردەوە و لەڕێی تیمی پزیشـکی و پارێزەری ئەو منداڵانەوە لە ڕەوشی تەندروستییان ئاگادار بووە".

بـە گوتـەی کەمـال حوسـەینی، وەزیری تەندروسـتی بەڵێنـی داوە لە نەخۆشـخانەی تایبەتیـی خۆی (نـوری تاران) پشـکنین بۆ چاوی ئاڵا و یەکێکی دیکە لە منداڵەکان بکات و ئەگەر پێویستی کرد، نەشتەرگەری بۆ چاوی هەردووکیان بکات.

حوسـێن ئەحمەدی نیاز پارێزەری منداڵانی نشـکاش سـەبارەت بـە سـەردانی وەزیـری تەندروستی گوتی "سەردانی وەزیری تەندروستی سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ منداڵانی نشکاش و هەموو ئەو هاونیشتمانیانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژانە دەبنە قوربانی مین و هەڵەی پزیشـکی ، ئێمە وەزیرمان ئاگادار کردەوە لە دۆخـی خراپی ئەو منداڵانە و پرسـی هەڵەی پزیشـکی لـە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان، ئەویش بەڵێنی پێداین کە بە زووترین کات سـەردانی کوردستان بکات".

بە گوتەی حوسێن ئەحمەدی نیاز، جێگری وەزیـری تەندروسـتی ئێـران دوای بینینـی منداڵانی نشـکاش و ئاگادار بوونەوە لە دۆخی خراپـی قوتابخانەکەیـان، هەر لـەوێ بەڵێنی ئەوەی بەو منداڵانـە داوە کە بە زووترین کات قوتابخانەیەکـی پێشـکەوتوویان لـە گونـدی نشکاش بۆ دروسبکات.

لـەو سـەردانەدا لینگە پێڵاوێکی گەشـین سـەرنجی وەزیری تەندروستی ئێرانی ڕاکێشا، ئەگەرچی گەشـین ئێستا تەنیا لاقێک و تاکە پێڵاوێکـی هەیـە، بەڵام ئەو تاکە پێڵاوەشـی دڕابوو، لـەو گرتانەی کە تایبەت بە (ڕووداو) لـە نەخۆشـخانەی ئەفشـارەوە نێـردراون، دەردەکەوێـت کـە وەزیـری تەندروسـتی پێڵاوەکـەی گەشـینی گرتووەتـە دەسـت و لـە گەشـین دەپرسـێت "لە مەریوان ئێسـتا کەشـوهەوا دەبـێ سـارد بێـت، لاقەکانـت سـەرمایان نابێـت؟". پاشـان داوا دەکات کە پێڵاوی نوێی بۆ بکڕدرێ.

حوسێن ئەحمەدی نیاز پارێزەری منداڵانی نشکاش دەڵێت پێشتر کەس سەرنجی منداڵانی نشکاشی نەدەدا و ئەوان بە تەواوی کەوتبوونە پەراوێزەوە، بەڵام دوای ئەوەی ئەو پرسـە لە ڕاگەیاندنەکاندا باسـکرا، وەزیری تەندروستی سەردانی منداڵانی نشکاشی کرد".

وەزیری تەندروسـتی ئێران خۆی پزیشکی چاوە، بەر لەوەی ببێتە وەزیری تەندروسـتی لـە نەخۆشـخانەی نـووری تایبـەت بەچـاو نەشتەرگەری دەکرد.

ئەحمـەدی نیـاز کـە پارێـزەری چەنـد قوربانییەکی دیکەی پرسی مینە لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان، دەڵێت سـاڵانە دەیـان کەس لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان دەبنـە قوربانیی ئەو مینانـەی کـە حکومەت لەسـەردەمی شـەڕ چاندوونی.

ئەحمەدی نیاز بەسـەرهاتێک دەگێڕێتەوە و دەڵێـت "لـە یەکێک لە گوندەکانی شـاری سنە، منداڵێک لە نزیکی بنکەیەکی سەربازیی حکومەت سەرقاڵی یاریکردن دەبێت، لەناکاو مینێکـی پێـدا دەتەقێتەوە، سـەربازەکان بە بینینـی ئەو ڕووداوە هەوڵـدەدەن ئەو منداڵە لـە مەیدانی مینەکە ڕزگار بکەن، منداڵەکە لە کاتێکـدا کە لاقێکی پەڕیبوو، هـاواری دەکرد توخوا لێم مـەدەن، بە بابم دەڵێم مینەکەتان بۆ بکرێتەوە".

بەپێی ئامارە فەرمییەکانی ئێران، کۆماری ئیسـلامی دووەمین وڵاتە لـەڕووی زۆریی ئەو مینانـەی لە خاکەکەیـدا چێندراون. سـاڵانە زیاتـر لـە 500 کـەس لـە چـوار پارێـزگای ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان کە هاوسنووری عێراق و باشووری کوردستانن، دەبنە قوربانیی مینە چێندراوەکانی سەردەمی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران.



# پارتە نوێیەکەی باکوور تەنیا بۆ "دیموکراسی" باشە

**دەنیز سەرینجی**
**ڕووداو – ئەنقەرە**

زۆر کەس دەڵێن پارتە کوردییە نوێیەکەی باکـووری کوردسـتان کـە بـۆ ڕاگەیاندنـی دەوڵەتی سـەربەخۆی کوردستان دامەزراوە، بـە ئەنجامێکی ئەوتۆ ناگات، چونکە زۆربەی کـورد لـە باکـووری کوردسـتان لـە جیاتی سـەربەخۆیی، قەوارەیەکـی ئۆتۆنۆمـی بـە باشتر دەزانن.

مسـتەفا ئۆزچەلیـک، سـەرۆکی پارتـی ئازادیـی کوردسـتان (PAK) بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد، پارتەکـەی لـە ڕێگـەی "کاری سیاسی و یاسـایی"یەوە هەوڵی سەربەخۆیی یان فیدراڵی بۆ کوردی باکووری کوردسـتان دەدات.

دوای پرۆسـەی ئاشـتی لـە تورکیا، ئەوە دووەمیـن حیزبـە لـە تورکیـا و باکـووری کوردستان دادەمەزرێت کە ناوی کوردستانیان هەڵگرتووە. پارتەکەی دیکە پارتی دیموکراتی کوردستان – تورکیا بوو.

پارتەکـەی ئۆزچەلیـک لە کاتێکـدا داوای سـەربەخۆیی بۆ باکووری کوردستان دەکات کـە منداڵانـی تورکیـا بـە کورد و تـورک و نەتەوەکانـی دیکـەوە هەمـوو بەیانییەک لە قوتابخانـەدا دەبێت دروشـمی "یەک نەتەوە، یەک زمان و یەک ئاڵا" بڵێنەوە.

مسـتەفا دەڵێـت "ئەگـەر ئایدۆلۆژیـای دەوڵەتی تـورک، یەک نەتـەوە، یەک زمان، یـەک ئـاڵا بەردەوام بێـت، ئـەوا ئێمە مافی ئەوەمـان هەیـە خۆمـان جیا بکەینـەوە لە تورکیـا و هەوڵـی دامەزراندنـی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بدەین".

کـورد لە تورکیـا گەورەتریـن و لەهەمان کاتیشدا چالاکترین پێکهاتەن لەڕووی سیاسی و نزیکەی یەک لەسـەر پێنجی دانیشـتووانی ئەو وڵاتە پێکدەهێنن.

تـا ئێسـتاش بەکارهێنانـی زمانی کوردی ڕووبەڕووی ئاسـتەنگ دەبێتـەوە و منداڵانی کـورد ناتوانـن لـە خوێندنگەکانـدا بەزمانی دایکیـان بخوێنن "ئەو چاکسـازیانەی کە لەم سـاڵانەی دواییدا لەلایەن حکومەتی تورکیاوە کـران جێـی دەستخۆشـین، بـەڵام بەپێـی پێویست نین" ئۆزچەلیک وایگوت.

ئێسـتا پارتی دیموکراتـی گەلان (HDP) گەورەتریـن پارتـی کوردییـە لـە گۆڕەپانی سیاسـی تورکیـادا. ئـەو پارتـە هەوڵـی دەسـتەبەرکردنی ئۆتۆنۆمـی دەدات بۆ کورد لـە چوارچێـوەی دەوڵەتی تورکیـادا. HDP لـە هاوپەیمانـی نێـوان پارتـی دیموکراتـی هەرێمـەکان DBP (کـە پێشـتر بـە BDP دەناسـرا) لەگـەڵ پارتـی دیموکراتـی گەل، پێکهاتووە.

بـەڵام پارتی ئازادیی کوردسـتان پێیوایە ئۆتۆنۆمییەکی لەو شـێوەیە بەپێی پێویست نابێـت. سـەرۆکی ئەو پارتـە دەڵێت "بوونی دەوڵەتی سـەربەخۆ واتە پاراستنی خەڵک لە چەوساندنەوە و کۆمەڵکوژی".

ئۆزچەلیک دەڵێت پارتەکەی ئەو مەبەستی نییە لـە دەنگـی پارتـە کوردییەکانی وەکو HDP کەم بکاتەوە "بوونی سیستەمێکی یەک پارتـی دیموکراتـی نییە و دژی پرەنسـیپی فرەیـی و مافی دەربڕینە". ئۆزچەلیک دەڵێت "BDP زۆر جار نزیکەی 2 بۆ 3 ملیۆن دەنگ دەباتـەوە لەنێو کوردی باکووری کوردسـتان و تورکیـا. ئامانـج و فۆکەسـی ئێمـە ئـەو دەنگانەی دیکەیە کە بۆ BDP ناچن".

چاودێـران گومانیـان لـە سـەرکەوتنی پارتـی ئازادیی کوردسـتان هەیە. حوسـێن سـەیهانۆغلو، یاریـدەدەری پرۆفیسـۆر لـە زانکـۆی دیجلـە لە دیاربەکـر دەڵێت زۆربەی کـوردی باکـووری کوردسـتان و تورکیـا دەیانەوێت وەکو بەشێک لە تورکیا بمێننەوە. لەم سـاڵانەی دواییـدا، ڕاپرسـییەکان ئەوە نیشـان دەدەن کە لـە 15 – 20%ی کورد سـەربەخۆییان دەوێـت، هەمـان ژمـارەش لەگـەڵ ئەوەدان کە لە فیدراسـیۆنێکدا بژین، BDP بـەو فیدراسـیۆنە دەڵێت "خۆسـەری دیموکراتی".

"لە ڕاپرسـیەکانەوە دەرکەوتووە زۆرینەی کـورد دەیانەوێـت مافـە کەلتـووری و زمانەوانیەکانیان زیاد بکرێت".

ئێستا ژمارەیەکی زۆری کورد لە ڕۆژئاوای تورکیادا دەژین، بە وتەی سـەیهانۆغلو زیاتر لـە نیوەی کـوردی تورکیا لـە ڕۆژئاوای ئەو وڵاتـە دەژیـن، لەبەرئـەوە پشـتگیری لـە دەوڵەتی سـەربەخۆ لـە ڕۆژهەڵاتـی تورکیا ئەستەمە دەنگی ئەوتۆ کۆبکاتەوە.

چەنـد پارتێکی بچووکی دیکەی کوردی لە تورکیادا هەن، لەوانەش پارتی ماف و ئازادی (هـاک پار)، پارتی بەشـداری دیموکراسـی (کادەپ) و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان- تورکیـا. سـەیهانۆغلو دەڵێـت ئـەو پارتانە نەیانتوانیـوە دەنگـی پێویسـت بـۆ خۆیان ڕاکێشـن، زۆرینەی دەنگدەران BDP و HDP پەسەند دەکەن.

بەڵام سـەیهانۆغلو پێیوایە دروسـتبوونی ئـەو پارتـە پێشـڤەچوونێکی باشـە بـۆ کۆمەڵگـەی کوردی لـە تورکیا، بـە تایبەت کە پارتـی ناسیۆنالیسـتی کـوردی (پارتی کرێکارانـی کوردسـتان- پەکەکـە) وەکـو پارتێکـی "تیرۆریسـتی" ناسـێنراوە لەلایەن تورکیا و یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکاوە.

"بەدەپـە/ هـادەپ مەیلی ئەوەیـان هەیە کـە خۆیـان تەنیـا نوێنـەری کـورد بـن لە تورکیا" سـەیهانۆغلو دەڵێت "دروسـتبوونی پاک شـتێکی باشە و پێویسـتە بۆ فرەیی و دیموکراسی و هەمەجۆری".

پاک لە دەستپێشخەری پارتی کوردستانی- یەوە سەرچاوەی گرتووە. پارتی کوردستانی دوو سـاڵ لەمەوبـەر و لـە کۆبوونەوەیەکـی دیاربەکـردا کە لەلایەن 400 کەسـەوە کە لە ئەڵمانیا، فەرەنسا، دانیمارک، سوید، نەرویج و ناوچـە کوردییەکانـی دیکـەی تورکیـاوە هاتبوون، دامەزرا.

پـاک بـە نیـازە داواکاری تۆمارکردنـی پارتەکـە پێشکەشـی وەزارەتـی ناوخـۆی حکومەتـی تورکیا بکات.



سەعید سەلیم: بەرپرسی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی:

# یەکێتی لە ڕووی ئیدارییەوە لە سلێمانی شکستی هێناوە



کەمتر لە هەفتەیەکە دەستبەکاربووە، هێشتا زیاتر بە بەخێرهاتن و سوپاسکردنی ئەو میوانانەوە سەرقاڵە کە بەمەبەستی پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی دێنە لای. سەعید سەلیم (سەعید پشدەری) کە وەک بەرپرسی نوێی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی دەستبەکاربووە، زۆر گلەیی لە یەکێتی هەیە و دەڵێت دەرفەت بە کادیرانی پارتی نادات لە سنووری پارێزگای سلێمانی کاربکەن.

لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) بەرپرسە نوێیەکەی لقی چواری پارتی دەڵێ "هێشتا سوورن لەسەر بڕیاری پشتیوانیکردنی گۆڕان بۆ ئەوەی پۆستی پارێزگاری سلێمانی وەربگرێ".

هەڤپەیڤین: سامان بەشارەتی

**کارێکی ئەوەندە گەورە بۆ سلێمانی دەکەین لە تەوەقوعی کەسدا نەبێت**

**لە هەولێر و دهۆک وەک هاووڵاتی پلە دوو مامەڵە لەگەڵ یەکێتییەکان کراوە**

**ئەگەر گۆڕان سلێمانی وەربگرێت گۆڕانکاریی باش دەکرێ**

**پارتی لە سلێمانی زوڵمی زۆری لێکراوە**

**من یەکێکم لە دەموچاوە نوێیەکانی پارتی**

**چیدی ڕێگە نادەم وەک هاووڵاتی پلە دوو سەیر بکرێین**

**ڕووداو: ئەم گۆڕانکارییانەی پارتی دەیکات لە پارێزگای سلێمانی ئەنجامی دەنگەکانی پارتییە لەم پارێزگایە؟**

**سەعید سەلیم:** نەخێر، گۆڕانکاری لە کاری حیزبیدا یەکێکە لە سوننەتەکانی ژیانی حیزبی. ئەمە یەکەم و دوا گۆڕانکاری نابێت، تەنانەت مرۆڤیش پێویستی بە گۆڕانە و دەبێت قۆناغ بە قۆناغ دیراسەی ژیانی ڕابردووی بکات. ئەمە بۆ کاری حیزبیش هەر دروستە، بەپێی گۆڕانکاریی سیاسی و کاتی، حیزب ناچارە گۆڕانکاری لە کاری حیزبیدا بکات، دەبێت بۆ قۆناغی نوێ خۆی ئامادە بکات.

**ڕووداو: پارتی لە ساڵی 2004 وە لە سنووری پارێزگای سلێمانی گۆڕانکارییەکانی تەنیا بریتی بوون لە گۆڕینی دەموچاوەکان، ئایا ئەوە چارەسەرێکی گونجاوە؟**

**سەعید سەلیم:** ئەگەر گۆڕانکاری لە دەموچاوەکانیش بێت من یەکێکم لە دەموچاوە نوێیەکان، من چەند ساڵێکە بەرپرسیارێتیم لە ناو حیزب وەرگرتووە.

**ڕووداو: تۆ بەرپرسی لقی 12 بوویت لە پارێزگای هەڵەبجەی شەهید، بۆچی هێنرایتە سلێمانی؟**

**سەعید سەلیم:** پارتی بڕوای وایە بەرپرسیارێتی دەبێت تەمەنی کورت بێت. من نزیکەی سێ ساڵ بەرپرسی لقی 12 بووم و ئەوەی پێمکرابێت کردوومە و ئەوەشی پێم نەکرابێت دیارە نەمتوانیوە بیکەم.

**ڕووداو: ئەو کارانە چی بوون کە نەتانتوانی بیکەن، ڕێگرییەکان چی بوون؟**

**سەعید سەلیم:** من ناتوانم بە وردی باسیان بکەم، بەڵام ئەو کێشانەی لە سنووری لقی 4 و 21 هەبوون لە لقی 12ش بەهەمانشێوە هەبوون، لە سنووری گەرمیان و کەرکووکیش هەمانە، گەورەترین گرفتی ئێمە دوو شتی ئەساسییە، یەکەمیان پارتی بۆ ماوەیەکی زۆر لەم پارێزگایە بەهۆی شەڕی ناوخۆوە دابڕابوو، ئەوەش کاریگەریی گەورەی لەسەر پێگەی ئێمە هەبووە. خاڵی دووەم بەڕێوەبردنی ئیدارە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی ڕێژەی دەنگدەر لە خۆت کۆبکەیتەوە، ئێمە لە سلێمانی نەک ئیدارەمان بە دەستەوە نەبووە، وەک هاووڵاتی پلە دووش مامەڵەمان لەگەڵ کراوە، ئەوە کێشەی سەرەکی ئێمەیە لە پارێزگای سلێمانی.

**ڕووداو: هەموو بەرپرسەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی دەڵێن یەکێتی ڕێگرە لە بەردەم کارەکانمان و وەک هاووڵاتی پلە دوو مامەڵەمان لەگەڵ دەکات، ئایا ئێوە ئیرادەی ئەوەتان نییە بتوانن خۆتان بکەنە هاووڵاتی پلە یەک، ئایا یەکێتی ئەوەندە باڵادەستە ڕێگە لە ئێوە بگرێت؟**

**سەعید سەلیم:** ئێمە کە دەڵێین وەک هاووڵاتی پلە دوو مامەڵەمان لەگەڵ کراوە، مەبەستمان ئەوەیە نەمانتوانیوە وەک هەولێر بەرگری لە ئەندامەکانمان بکەین لە ناو ئیدارەی پارێزگای سلێمانی. ئەندامەکانی پارتی لە ماوەی ڕابردوودا باجی پارتیبوونی خۆیان داوە، تا ئێستاش بەو شێوەیە، کاری من ئەوەیە لە داهاتوودا ئەو واقیعە بگۆڕم و ڕێگە نەدەم وەک هاووڵاتی پلە دوو مامەڵەمان لەگەڵ بکرێت. ئێستاش لە دوای هەڵبژاردنەکەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، دۆخی سیاسی و باڵانسی هێز لەم پارێزگایەدا گۆڕاوە، بە دڵنیاییشەوە گۆڕانکاری لە ئۆرگانەکانی حکومەتی خۆجێیی پارێزگای سلێمانی دەکرێت، ڕەنگە ئەوەش ببێتە سەرەتای گۆڕانکاریی کاری سیاسی و ئیداری لەم پارێزگایەدا.

**ڕووداو: هەستناکەن لەو کاتەوەی گوتووتانە دەنگ بە گۆڕان دەدەن بۆ پارێزگاری سلێمانی، یەکێتی لە ڕووی مامەڵەکردنەوە لەگەڵ پارتی گۆڕاوە لە سلێمانی، ڕەنگە پارتی لە داهاتووشدا باجەکەی بدات؟**

**سەعید سەلیم:** ئێمە حیزبێکین تێڕوانین و بیرکردنەوەی خۆمان هەیە و ئازادین چۆن کاری سیاسی دەکەین. هەر کارێک لە بەرژەوەندی پرۆسەی سیاسی بزانین دەیکەین، سەرەتا ئێمە هیوامان وابوو بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی ڕێکبکەوتنایە لەسەر پارێزگاری سلێمانی، بەڵام تا ئێستاش ڕێکنەکەوتوون. بۆیە ئەگەر هەروابێت ئێمە دەنگ بە بزووتنەوەی گۆڕان دەدەین.

ئەوەش دەرفەتێکی نوێیە بۆ گۆڕان کە ئیدارەی ئەم شارە ببات بەڕێوە، یەکێتی ئەوەی پێی کرابێت تا ئێستا کردوویەتی و دەرفەتیشیان زۆر بوو، بۆیە ئێستا دەمانەوێت ئەو دەرفەتە بدەین بە برایانی گۆڕان بۆ ئەوەی گۆڕانکاریی ئیداری لەم پارێزگایەدا بکرێت.

**ڕووداو: هەست دەکەن گۆڕان ئیدارەی ئەم شارە بگرێتە دەست پارتی دەتوانێت لە هاووڵاتی پلە دووەوە ببێتە پلە یەک؟**

**سەعید سەلیم:** بەڵێ، گۆڕانکاریی باش ڕوودەدات، چونکە یەکێتی لە ماوەی ڕابردوودا سەرکەوتوو نەبوو لە ئیدارەکردنی ئەم شارە و شکستی هێنا، بۆیە ئەگەر ئەم ئیدارەیە لایەنێکی دیکە وەریبگرێت، گۆڕانکاری سیاسی و ئیداریش لەم شارەدا ڕوودەدات و پارتیش ڕەنگە کاری زۆر باشتری پێبکرێت، چونکە لە ڕابردوودا پارتی نەیتوانیوە ئەگەر ئەندامێکی لە فەرمانگەیەکی حکومی کێشەیەکی هەبێت بەرگری لێبکات تەنیا لەبەر ئەوەی پارتی بووە، بەڵام هاو پیشەکەی کە ئەندامی لایەنێکی دیکەی سیاسی بووە نەک کاری بۆ کراوە، بەڵکو فەزڵیشی دراوە بەسەر ئەندامەکەی دیکەی پارتیدا و پلەشی بەرز کراوەتەوە.

**ڕووداو: بەڵام یەکێتیش دەڵێت لە هەولێر و دهۆک، ئێمە هاووڵاتی پلە دووین؟**

**سەعید سەلیم:** ئەوانیش ڕاست دەکەن، ناتوانم نکوڵی لەوە بکەم کە ئەندامانی یەکێتی لە هەولێر و دهۆک وەک هاووڵاتی پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵ کراوە، بەڵام کێشە و پابەند نەبوون بە ڕێککەوتننامەی ستراتیژییەوە لە پارێزگای سلێمانی زۆرتر بووە و یەکێتی پابەند نەبووە و زوڵمی زۆری لە پارتی کردووە، لە مەودوا کار دەکەین بۆ ئەوەی چیدی زوڵم لە پارتی نەکرێت و ئەندام و لایەنگرانیشمان وەک هاووڵاتی پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵ نەکرێت.

**ڕووداو: بۆچی دەتانەوێت ئیدارەی سلێمانی ڕادەستی بزووتنەوەی گۆڕان بکرێت؟**

**سەعید سەلیم:** لەبەر ئەوەی لە ڕووی ئیدارییەوە یەکێتیمان بە سەرکەوتوو نەبینیوە لە پارێزگای سلێمانیدا و لە ڕووی مامەڵەکردنیان لەگەڵ پارتیش ئەوە نەبووە کە لە ئاست داخوازیی پارتی بووبێت، بۆیە دەمانەوێت دەرفەت بە گۆڕان بدەین بۆ ئەوەی ئیدارەیەکی باشی ئەم شارە بکەین هاوشێوەی هەولێر و دهۆک.

**ڕووداو: هەست ناکەن لە دوای ڕووداوەکانی 17ی شوبات تێڕوانینی خەڵکی سلێمانی بەرامبەر پارتی گۆڕا؟**

**سەعید سەلیم:** لە سیاسەت هیچ شتێک نامومکین نییە، ڕەنگە هەوڵ هەبووبێت بۆ ئەوەی تێڕوانینی خەڵکی سلێمانی بەرامبەر پارتی بگۆڕێت، ئەوەش کرا، بەڵام ئێستا بوار زۆرە بۆ ئەوەی ئەو تێڕوانینانە چاک بکرێنەوە، ئێستا ئەو دەنگانەی پارتی لەم پارێزگایە هێناویەتی لەئاستی تموحی پارتی نەبووە و دەبێت پارتی لەم شارە دەنگی زیاتر بهێنێت.

**ڕووداو: هەست ناکەن تا لە ئێران نزیک نەبنەوە ڕەوشی پارتی لە سلێمانی هەر بەم شێوەیە دەبێت؟**

**سەعید سەلیم:** ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ زۆر باشە و کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لەسەر ئەم ناوچەیە کاریگەریی زۆرە، بەڵام ڕەنگە ئەو پەیوەندییەی یەکێتی هەیەتی پارتی بەو شێوەیە نەبێت، پەیوەندییەکانی پارتی لەسەر بنەمای نەتەوەیی دروست دەبن، ئێمە هەوڵیش دەدەین هەر بەردەوام بین. پارتی پەیوەندی حیزبی دروست ناکات، هیواداریین لایەنە سیاسییەکانیش پەیوەندییەکانیان لە سەر پەیوەندی خاک و بەرژەوەندی نەتەوەیی بێت.

**ڕووداو: هەمیشە ئەندامان و لایەنگرانی پارتی ڕەخنەی ئەوە دەگرن کە پارتی گرنگی زۆر بەم ناوچەیە نادات و وەک هەولێر و دهۆک، هاوکاریی ئەندامانی ناکات؟**

**سەعید سەلیم:** ڕەنگە جیاوازی هەبێت، بەڵام پارتی بەپێی مەجال هاوکاریی ئەندامانی خۆی دەکات و هیچ جیاوازییەک لە نێوان شارەکاندا ناکات، لە لای سەرکردایەتی پارتی ڕێز لە وەفا و بەرخودانی پارتییەکانی سلێمانی دەگیرێت و ڕێز لەو خۆڕاگرییەیان دەگرێت کە بۆ پارتی لەم سنوورەدا کردوویانە، پارتیش زۆر مەبەستێتی لە داهاتوودا زۆر خزمەت بەم شارە و ئەندامانی پارتی لەم شارەدا بکات.

**ڕووداو: ئەو کارە گەورەیە چییە کە پارتی دەیەوێت خەڵکی سلێمانی و ئەندامانی ئاشت بکاتەوە و خزمەتی ئەم شارە بکات؟**

**سەعید سەلیم:** پارتی لە بەرنامەیدایە لە ساڵی 2015 گەورەترین کار لەم شارەدا بکات، کە تاوەکە ئێستا نەکراوە و کەسیش بیری لێ نەکردووەتەوە، خزمەتێکی گەورەی وەها پێشکەشی سلێمانی دەکەین کە لە تەوەقوعی کەسدا نەبێت، تاوەکو کارەکەش ئەنجام نەدەین، بیرۆکەکە باس ناکەین.

**ڕووداو: خۆپیشاندانەکەی ڕۆژی 1/11 بۆ پاڵپشتی لە کۆبانێ، بۆچی بە حیزبی کرا؟ بۆ هەموو لایەنەکان بە ئاڵای کوردستانەوە نەهاتنە سەر شەقام، خەڵک پێیانوابوو پرسی نەتەوەیی بە حیزبی دەکرێت؟**

**سەعید سەلیم:** بەداخەوە وای لێکرا، لیژنەیەک دروست کرا و نوێنەری هەموو لایەنە سیاسییەکانی تێدا بوون. یەکێک لە بڕیارەکە ئەوە بوو کە ئەو خۆپیشاندانە نابێت مۆرکی حیزبی پێوە بێت، بەڵام بەپێی ئەزموونی خۆمان پێشبینیمان دەکرد وای لێبێت، چونکە لە خۆپیشاندانەکانی دیکە ئەوەمان بینیوە. لە کۆبوونەوەکەدا هەموو لایەنەکان ڕێککەوتین کە ئەگەر خۆپیشاندانەکە بە حیزبی کرا، دەبێت هەموو لایەنەکان هەڵوێستیان هەبێت، بەڵام بە داخەوە خۆپیشاندانەکە کراو هەموو لایەنە سیاسییەکان بە ئاڵای حیزبەکانیانەوە دەرکەوتن و بووە خۆنمایشکردنی حیزبەکان.



رووداو
ئابووری
ژمارە (332) دووشەممە 2014/11/3

## "نووسینگەی سۆمۆ لە هەولێر ناکرێتەوە"



**رووداو- هەولێر**

وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی کوردستان رەتیدەکاتەوە نووسینگەی سۆمۆ لە هەولێر بکرێتەوە. ئاشتی هەورامی بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند: "بە هیچ شێوەیەک باسی کردنەوەی نووسینگەی سۆمۆ لە هەرێمی کوردستان نەکراوە و ئەو هەواڵانە راست نین کە دەڵێن بڕیار لەو بارەوە دراوە".سۆمۆ کۆمپانیای بازاڕسازیی نەوتی عێراقە و خاوەنەکەی دەوڵەتی عێراقە. یەکێک لە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر شێوازی هەناردەکردنی نەوتی باشووری کوردستانە. حکومەتی عێراق پێداگیری دەکات کە نەوتی کوردستان لەڕێگەی سۆمۆوە هەناردە بکرێت، بەڵام هەولێر ئەمە رەتدەکاتەوە.

## پەرلەمانتارێک دەڵێت هیچیان ستراتیژی نین

# وەزارەتی پیشەسازی:
# تەنیا 30%ی پڕۆژەکانمان ستراتیژین

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

پەرلەمانتارێکی کوردستان دەڵێ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە سێکتەری پیشەسازیدا، لەڕووی چەندێتی و جۆرێتییەوە پڕۆژەی بچووکن و نەیانتوانیوە رۆڵی کاریگەر ببینن لە بەرەوپێشبردنی ژێرخانی ئابووری کوردستان و گەشەپێدانی بەرهەمی ناوخۆ "چونکە هیچیان ستراتیژی نین". بەڵام بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت 30% پڕۆژەکانیان ستراتیژین.

بەپێی ئاماری دەستەی وەبەرهێنان لەماوەی هەشت ساڵی رابردوودا 181 پڕۆژەی پیشەسازی (57 پڕۆژە لە دهۆک، 50 پڕۆژە لە سلێمانی و 74 پڕۆژە لە هەولێر) بەسەرمایەی 12.773 ملیۆن دۆلار، لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە مۆڵەتیان پێدراوە.

عەلی حەمە سالح، جێگری سەرۆکی لێژنەی دارایی و کاروباری ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت "سەرجەم ئەو پڕۆژانەی تائێستا لەدەستەی وەبەرهێنان لە سێکتەری پیشەسازی مۆڵەتیان وەرگرتووە، لەڕووی چەندێتی و جۆرێتییەوە پڕۆژەی بچووکن و ناچنە چوارچێوەی پڕۆژە ستراتیژی". گوتیشی "ئەو پڕۆژانە نەیانتوانیوە رۆڵی کاریگەر ببینن لە بەرەوپێشبردنی ژێرخانی ئابووریی کوردستان و گەشەپێدانی بەرهەمی ناوخۆ".

ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان لە لێژنەی دارایی و کاروباری ئابووری داوایان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کردووە پلانێکی ستراتیژییان بۆ سێکتەری پیشەسازی هەبێت، بۆ نموونە لە 4 ساڵی داهاتوودا پێویستیان بەدامەزراندنی چەند کارگە هەیە؟ کارگەکان چ جۆرە تایبەتمەندییەکیان هەبێت؟ ئاستی بەرهەمیان چەند بێ و لەکوێ بن؟ دواتر ئەم پلانە لەدەستەی وەبەرهێنان رابگەیەندرێت و بخرێتە بەردەستی وەبەرهێنەران تا بیخەنە بواری جێبەجێکردنەوە.

بەڵام سروود ئەحمەد فەقێ، بەڕێوەبەری پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی پێیوایە سەرجەم ئەو پڕۆژە پیشەسازیانەی لەدەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتیان وەرگرتووە "پڕۆژەی باشن" و لە ئایندەدا کاریگەرییان لەسەر بەرەوپێشبردنی ژێرخانی ئابووری کوردستان دەبێت. گوتیشی "ئەو پڕۆژانەی کەوتوونەتە کار جێگای خۆیان لەبازاڕ کردووەتەوە، بەڵام بەهۆی کەمیی رێکلام خەڵک وەک پێویست ئاشنای بەرهەمەکانیان نین و وادەزانن بەرهەمی بیانین".

بەپێی قسەی ئەو بەرپرسەی وەزارەتی پیشەسازی، پێوەری ئەوان بۆ پڕۆژەی ستراتیژی سەرمایە و بەرهەمە، واتە ئەگەر پڕۆژەیەک سەرمایە و بەرهەمی زۆر بوو، ئەوە بە پڕۆژەی ستراتیژی هەژمار دەکرێت".

سروود ئاماژەی بەوەدا کە دەستەی وەبەرهێنان بۆ مۆڵەتدان بە پڕۆژەکانی سێکتەری پیشەسازی پشت بەپلانی ئەوان دەبەستێ، ئەوانیش ئەولەویەت دەدەنە ئەو پڕۆژانەی کەرەستەی خاویان لە کوردستان هەیە، وەکو کارگەی قوتووبەندی میوە "بەڵام لەبەرئەوەی وەبەرهێنەرانی ناوخۆ ناتوانن کێبڕکێ لەگەڵ بەرهەمی بیانی بکەن، بۆیە کەمتر داوای مۆڵەتی ئەو جۆرە پڕۆژانە دەکەن".



لەکۆی ئەو 181 پڕۆژەیەی لە سێکتەری پیشەسازی لەدەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتیان وەرگرتووە، پارێزگای هەولێر بە 74 پڕۆژە پشکی شێری بەرکەوتووە، جێبەجێکردنی پڕۆژەکانیش لەلایەن ئەندازیارانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی چاودێری دەکرێن.

جەنگی قادر محەممەد، بەڕێوەبەری ئەندازە و پڕۆژەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی کە سەرپەرشتی بەشێک لە پڕۆژەکان دەکات، گوتی "لەو 74 پڕۆژەیە ئێمە چاودێری 58 پڕۆژە دەکەین و ئەوانی دیکە ئێمە لێی ئاگادارنین".

ناوبراو گوتیشی "لەو 58 پڕۆژەیە 13 پڕۆژەیان کارەکانیان 100% تەواو بووە و ئێستا لە قۆناخی بەرهەمدان، 7 پڕۆژەشیان بەهۆکاری جیاواز بەتایبەتیش کێشەی زەوی تاوەکو ئێستا دەستبەکارنەبوون، 38 پڕۆژەشیان لە قۆناخی جێبەجێکردنن. ئەوانەی ماونەتەوەش لە ماوەی دیارکراوی خۆیان تێپەڕاندووە و دەستەمان لێ ئاگادارکردووەتەوە".

جەنگی قادر نەیشاردەوە کە کەموکوڕی لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکاندا هەیە "40%ی خاوەن پڕۆژەکان کارەکانیان وەک پێویست جێبەجێ ناکەن، هەیانە بەهۆی گرفتی بودجەیە، هەندێکی دیکەیان بەهۆی گرفتی هاوردەکردنی کەرەستەی خاو و رێگاوبان و کارەبا سستن لەکارەکانیان، هەشیانە پرۆفیشناڵ نین لەکارەکانیان، هەندێ پڕۆژەش هەن بەر لە مۆڵەت وەرگرتن دەستبەکاربوون".

سەبارەت بەجۆری پڕۆژەکانیش جەنگی قادر گوتی "بەشێوەیەکی گشتی سەرجەم پڕۆژەکان ئەگەر جێبەجێ بکرێن پڕۆژەی باشن، بەڵام دەتوانین بڵێین تەنیا 30%ی پڕۆژەکان پڕۆژەی ستراتیژین و لەداهاتوودا کاریگەریان لەسەر بەرەوپێشبردنی ژێرخانی ئابووری دەبێت".

یاسای وەبەرهێنان لەسەر هیچ وەبەرهێنەرێکی فەرز نەکردووە لە چ سێکتەرێک کار بکات، بەڵام سامان عارەب، بەڕێوەبەری گشتی کاروباری یاسایی و کارگێڕی و دارایی لەدەستەی وەبەرهێنان دەڵێت، لە ساڵی 2012 بەفەرمانی سەرۆکی حکومەت زیاتر پاڵپشتی لە سێکتەرەکانی پیشەسازی، گەشتیاری و کشتوکاڵ دەکەن "ئەمەش سەرنجی وەبەرهێنەرانی راکێشاوە بۆ لای ئەو سێکتەرانە". سامان وایگوت.

عەلی حەمە سالح، پێیوایە یاسای وەبەرهێنان کەموکوڕی زۆری تێدایە "لە خزمەتی وەبەرهێن دارێژراوە نەک خەڵک، بۆیە لەڕێگەی ئەم یاسایەوە خەڵکێکی زۆر بووەتە خاوەنی دەیان ملیۆن دۆلار بێ ئەوەی خزمەتێکی ئەوتۆ بە وڵات و کۆمەڵگا بکات". بۆیە ئەو پەرلەمانتارە دەڵێت یاساکە پێویستی بەپێداچوونەوە و هەموارکردن هەیە، گوتیشی "پڕۆژە یاسایەک لەلایەن حکومەت و پڕۆژەیاسایەکی دیکەش لەلایەن لێژنەکەمانەوە بۆ هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان ئامادەکراوە".

### وەبەرهێنان بەپێی سێکتەری پیشەسازی

| مۆڵەتدەر | پارێزگا | سێکتەر | خۆماڵی | هاوبەش | بیانی | سەرمایە (ملیۆن دۆلار) | رووبەر (دۆنم) | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دەستە | دهۆک | پیشەسازی | 14 | 1 | 1 | 118.07 | 1.934.37 | 16 |
| ب.گ.پ.دهۆک | دهۆک | پیشەسازی | 34 | 4 | 3 | 1.133.46 | 451.21 | 41 |
| کۆ | | | 48 | 5 | 4 | 1.251.52 | 2.385.6 | 57 |
| دەستە | سلێمانی | پیشەسازی | 23 | - | - | 2.251.8 | 1.199.45 | 23 |
| ب.گ.پ.سلێمانی | سلێمانی | پیشەسازی | 24 | 2 | 1 | 5.176.87 | 3.326.44 | 27 |
| کۆ | | | 47 | 2 | 1 | 7.427.95 | 4.525.9 | 50 |
| دەستە | هەولێر | پیشەسازی | 27 | 2 | 3 | 877.08 | 1.355.91 | 32 |
| ب.گ.پ.هەولێر | هەولێر | پیشەسازی | 37 | 2 | 3 | 3.217.16 | 1.818.71 | 42 |
| کۆ | | | 64 | 4 | 6 | 4.094.25 | 3.174.6 | 74 |
| کۆی گشتی | | | 159 | 11 | 11 | 12.773.72 | 10.086.1 | 181 |

# کوردستان بەشی یەک ساڵ یەدەگی گەنمی هەیە

**محەممەد هادی**
**رووداو- هەولێر**

ئەمساڵ هەرێمی کوردستان زیاتر لە 140 هەزار تۆن گەنم زیاتری لە پێداویستیی خۆی بەرهەمهێناوە، بەهۆی ئەوەش کە رێگای نێوان هە ولێر و بەغدا بەهۆی شەڕی داعشەوە نائارامە، ئەمساڵ هەرێمی کوردستان خۆی بەرهەمی گەنمی خۆی هەڵدەگرێت.

وەزارەتی بازرگانی هەرێمی کوردستان بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی بازرگانیی عێراق سەرپەرشتی پرۆسەی وەرگرتنی گەنمی جوتیاران دەکات. ئەمساڵ هەرێمی کوردستان زیاتر لە 740 هەزار تۆن گەنمی بەرهەمهێناوە کە لە سایلۆکان هەڵگیراون.



# 24 حیزب دەڵێن گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو نانبڕاویان کردوون



نەوزاد مەحموود
رووداو- سلێمانی

ئەو حیزبانەی لەسایەی پەسەندکردنی یاسای یارمەتیی دارایی حیزبەکانەوە بودجەیان بڕا و هیوای درێژەدانیان بە کاری سیاسی لاواز بووە، دەڵێن چاوەڕوانی یەکلابوونەوەی شەڕی داعش دەکەن بۆ ئەوەی هەڵوێستی توندی خۆیان پێشانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و 5 حیزبە سەرەکییەکەی نێو پەرلەمان بدەن. پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی یەکگرتووش دەڵێ "ئەوان بە دەنگی هەر 5 حیزبەکەی نێو حکومەت بودجەیان بڕاوە".

مانگی تەمموزی 2014 بۆ ئەو حیزبانەی ماوەیەکی زۆرە نەیانتوانیوە بگەنە نێو پەرلەمان، مانگێکی ناخۆش بوو لە ژیانی ئەواندا، چونکە یاسای بودجەی حیزبەکانی تێدا پەسەند کرا و بەپێی ئەو یاسایەش ئەوان ناتوانن چیدی پارە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەربگرن. چونکە یاساکە کورسی پەرلەمانی کردە بنەما و پێوەری سەرەکی دیاریکردنی بودجەی حیزب.

سەرۆکی حیزبی رزگاری کوردستان پێیوایە بەهۆی ئەوەی لە ساڵانی پێشتریشدا ئەوان بڕێکی کەم پارەیان وەرگرتووە، هەرزوو خۆیان راهێناوە لەسەر ئەوەی بە پارەیەکی کەم بژین "تەنانەت مووچەخۆر و بینا و بارەگاشمان کەم کردبووەوە".

رێکار ئەحمەد، باسی بڕینی قووتی ئەو 24 حیزبە دەکات و بە ئەستەمی دەزانێ کە بتوانن بەردەوام بن لەسەر خۆژیێنی سیاسی و دەڵێ "دوور نییە ئەنجامی مەترسیداریش بەدوای خۆیدا بێنێت"، گوتیشی "بە دووری مەزانە ئیدی حیزب هەبێت پەنا بۆ هێزی دەرەکی ببات، تاوەکو پارەی دەستبکەوێت بۆ ئەوەی حیزبەکەی هەڵنەوەشێتەوە".

دەمێک بوو ئەو پارەیەی بۆ ئەو حیزبانە تەرخان دەکرا ببووە مایەی نارەزایی خەڵک، هەندێکجار بە "دووکانی سیاسی" و هەندێکجاریش بە "حیزبی سێبەر" نێودەبران. بەڵام لە کۆتایی مانگی تەممووزی ئەمساڵدا ئەو ناو و ناتۆرە سیاسییانە کۆتاییان هات، کاتێک بە دەرکردنی یاسایەک ناویان لە نێو لیستی مووچەخۆرانی حکومەتدا سڕایەوە، هەرچەندە هێشتا هیچ حیزبێک هەڵوەشاندنەوەی خۆی رانەگەیاندووە.

"وەک کوردەواریی دەڵێ مەمرە و مەژی ماوین" عەبدوڵڵا نازەنینی، سکرتێری بزووتنەوەی رزگاری دیموکراتی کوردستان دەڵێ لەم دواییە بە هەوڵێکی جددییەوە سەرقاڵبوون بۆ ئەوەی چارەسەرێک بۆ ئەو دۆخە بدۆزنەوە، بەڵام شەڕی داعش جارێ بێدەنگی کردوون.

ناوبراو هەروەها دەڵێ بەهۆی شەڕی داعش و شەهیدبوونی پێشمەرگە لەبەرەکانی شەڕ "ئێستا پێمان عەیبە باسی بودجە بکەین، بەڵام کە بودجەی کوردستان لەلایەن بەغداوە رەوانە کرایەوە، هیوامان هەیە بودجەکەی ئێمەش بدەنەوە".

بەپێی یاسای بودجەی حیزبەکان، تەنیا ئەو حیزبانە بودجەیان پێدەدرێ کە کورسی پەرلەمانیان هەیە، لەگەڵ رەچاوکردنی ساڵانی خەبات و هەندێک وردەکاریی دیکە. بۆ هەر کورسییەکی پەرلەمان بڕی 60 ملیۆن دینار دیاریکراوە و نرخێکی کەمتر بۆ کورسی کۆتاکان دانراوە بەو پێیەی کەمە نەتەوەکان رەنجی زۆر بەو کورسییانەوە ناکێشن.

رێکار ئەحمەد، رەخنە لە پێوەری کورسیی پەرلەمان دەگرێت و پێیوایە تەنیا ئەوانە دەتوانن بگەنە پەرلەمان کە پارەیان هەیە "حیزب هەبووە لە وڵاتانی دەرەکی هاوکاریی هەبووە و بودجەشی هەبووە و گەیشتووەتە پەرلەمان، بەڵام کێشەی ئێمە ئەوەیە کە دادپەروەریی نابینین".

سەرۆکی حیزبی رزگاری کوردستان دەڵێ ئەوان چیدی ناتوانن ململانێی گەیشتنە پەرلەمان بکەن "چونکە دەبێ بۆ هەر هەڵبژاردنێک 50 ملیۆن بدەیتە کۆمیسیۆن و بەپارەی زۆریش بانگەشەی هەڵبژاردن دەکرێت".

بەرپرسانی حیزبە بودجە بڕاوەکان پێیانوایە گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ، هۆکاری دەرچوواندنی ئەو یاسایە بوون و لە چوارساڵی رابردوودا کە ئۆپۆزسیۆن بوون، بەردەوام لەلایەن ئەو سێ حیزبەوە رەخنەیان لێگیراوە.

نەجات سوورچی، سەرۆکی پارتی پارێزگارانی کوردستان، روونتر لەو بارەیەوە قسە دەکات و دەڵێ "کاتێک خۆیان بوونە خاوەنی بودجە و پارە، ئیدی خەڵکانی دیکەیان رەتکردەوە".

بەپێی یاساکەی پەرلەمان، هەر حیزبێک بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کردبێت و کورسی بەدەستنەهێنابێت، بەڵام رێژەی 40% یان زیاتری دەنگی پێویستی کورسی بەدەستهێنابێت، بەهای 2 کورسی بۆ ئەژمار دەکرێت. هەر حیزبێک 20%ی دەنگی پێویستی کورسی هێنابێت، بەهای 1 کورسی بۆ ئەژمار دەکرێت. هەر حیزبێکیش پێش راپەڕین بەشداریی خەباتی رزگاریخوازی کوردستانی کردبێت و لە خولی بەردەوامی پەرلەماندا کورسی هەبێت، بڕی 300 ملیۆنی بۆ ئەژمار دەکرێت، کەچی هیچکام لەو پێوەرانە، هێشتا بەدەردی حیزبە بچووکەکان ناخوات.

هەندێک لە حیزبە بچووکەکان، خاوەنی بارەگا و کەناڵی راگەیاندنی لۆکاڵین و هێشتا بەردەوامن لە پەخش و کاری سیاسی خۆیان. نەجات سوورچی، سەرۆکی پارتی پارێزگارانی کوردستان دەڵێ هێشتا بڕیاریان نەداوە کەناڵەکانیان دابخەن "بەڵام هەرکاتێک دڵنیابووین رەوشەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە، پێداچوونەوە بەشێوازی کاری خۆماندا دەکەین".

شێرکۆ جەودەت، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی و ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان، رەتیدەکاتەوە ئەوان هۆکاری بودجە بڕینی حیزبە بچووکەکان بووبن "ئێمە وەک فراکسیۆنی یەکگرتوو لەگەڵ ئەوەبووین کە ئەوانیش بڕێک پاریان پێبدرێت".

ناوبراو هەروەها دەڵێ "بەدڵنیاییەوە، ئەو قەیرانە داراییەی رووی لە هەرێمی کوردستان کردووە، کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەرئەوەی کە یاسای بودجەی حیزبەکان بەوشێوەیە دەربچێت لە پەرلەمانی کوردستان".

بەبڕوای شێرکۆ جەودەت، هێشتا هیوایەک هەیە بۆ ئەو حیزبانەی بە هاوبەشی لەگەڵ حیزبی دیکە یەک کورسییان لە پەرلەمان هەیە "ئەگەر بە 3 حیزبیش یەک کورسییان لە پەرلەمان هەبێت، ئەوا هەر حیزبێک لەوانە پارەی کورسییەکیان پێدەدرێ و بە تەواوی بودجەیان نابڕێت".

---



## پەرلەمانتارێکی شیعە بۆ کورد:
# لە عەبادی بێ هیوا مەبن

### پەرلەمانتارێکی دەوڵەتی یاسا:
## ئەگەر کورد بڵێن عەبادی و مالیکی وەکو یەکن کەواتە هەموویان وەک یەک بیردەکەنەوە

نەوزاد مەحموود
رووداو- سلێمانی

پەرلەمانتارانی شیعە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، پێیانوایە هێشتا پەیوەندییە سیاسییەکەی نێوان کورد و شیعە لە گرێژنە دەرنەچووە و دەکرێ کێشەکان چارەسەر بکرێن، بەتایبەتی پرسی نەوت کە بووەتە گرێکوێرە و ئەمڕۆ خەریکە بۆرییە نەوتەکان رێگەی هاتوچۆی سیاسی هەولێر و بەغدا لەگەڵ دەرەوە جیادەکەنەوە.

سەلیم شەوقی، ئەندامی فراکسیۆنی مواتن لە پەرلەمانی عێراق، دەڵێ کابینەی پێشووی حکومەتی عێراق کە نووری مالیکی سەرۆکایەتی دەکرد، لەڕووی ئەمنی و خزمەتگوزارییەوە زۆر خراپ بووە و کێشەیەکی زۆری بۆ حکومەتەکەی عەبادی جێهێشتووە، بەڵام ئێستا کەسێکی وەک عادل عەبدولمەهدی، کە وەزیری نەوتە لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە زۆر شارەزایە و "پەیوەندی باشی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و دونیاش هەیە، بۆیە گەشبینم بتوانێ ئەو کێشانە چارەسەر بکات بە هاوکاری عەبادی".

ئەو پەرلەمانتارە بیری سەرکردە کوردەکانی دێنێتەوە "لە عەبادی بێ هیوا نەبن" و ئاماژە بە سەردانەکەی عەبادی دەکات بۆ سلێمانی "لەوێ گوتی بڕیاری قورس دەدەم بۆ چارەسەری کێشەکان لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا".

ئێستا زۆر کەم خەڵک گوێیان لە دەستەواژەی (عێراقی فیدراڵ) دەبێت لە زمانی سەرکردە و پەرلەمانتارانی عێراقەوە. ساردوسڕییەکی زۆر لەنێوان هەولێر و بەغدا هەیە و تەنانەت لە شەڕی داعشیشدا کە رووبەڕووی دوژمنێکی هاوبەش بوونەتەوە، ئەو بەستەڵەکە نەتوایەوە.

ئەحمەد رەشید، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق و سەرۆکی کاتی لیژنەی دارایی پەرلەمان، هەرچەندە بەرپرسیارێتی تێکچوونی پەیوەندی نێوان کورد و بەغدا دابەشدەکات لەنێوان سەرکردەکانی کورد و عەرەبی عێراق، بەڵام گلەییشی هەیە لە سەرکردایەتی سیاسی کورد "تەنانەت کۆبوونەوەیەکیشمان لەگەڵ نەکراوە تاوەکو بزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ بەغدا و کێشەکان بکەین، ئێمە وەک پەرلەمانتارانی کورد تاوەکوئێستاش نازانین دەبێ چی بڵێین و چی داوا بکەین".

لەبارەی پرسی نەوتیشەوە ئەحمەد رەشید گوتی "کورد بە درێژایی چەند ساڵی رابردوو چووەتە ژێر کۆمەڵێک بەڵێنی جۆراوجۆرەوە بۆ هەناردەکردنی نەوت و بەغداش ئەوەی کردووەتە بیانوو بۆ بڕینی بودجەی کوردستان".

بەڵام سەلیم شەوقی، ئەندامی فراکسیۆنی مواتن لە پەرلەمانی عێراق پێیوایە "کورد مافی خۆیەتی ئیدارەی نەوت بکات". ئەو نەبوونی گفتوگۆ بە هۆکاری درێژەکێشانی قەیرانەکە دەزانێ "جگە لە گفتوگۆ چارەسەری دیکەمان نییە، ئەگەر گفتوگۆ نەکەین هەموومان دەدۆڕێین".

ئەو سێ مانگەی کورد لەبەردەم حەیدەر عەبادی بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی دایینابوو، لە کۆتایی نزیک دەبێتەوە. ئێستا لەنێو شەقامی کوردستانیشدا ئەو بۆچوونە سەریهەڵداوە، کە کاراکتەری سیاسی عەبادی، هەمان کاراکتەری مالیکییە، بەڵام سەلیم شەوقی ئەوە رەتدەکاتەوە و دەڵێ "ئەوە راست نییە، عەبادی هەڵبژێردراوی هاوپەیمانی نیشتمانییە نەک دەوڵەتی یاسا".

سەلیم شەوقی، لە پەسنی حەیدەر عەبادیدا دەڵێت "کوڕی ئەنجوومەنی وەزیرانە و دوو خول لە پەرلەمان بووە، روئیایەکی زۆرباشی هەیە، باوەڕی بە وەکالەت نییە و پۆستەکان بە کەسانی شارەزا دەسپێرێ، کێشە لەسەر کێشە هەڵناچنێ".

بڕیار بوو شاندێکی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی بچنە بەغدا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ عەبادی، بەڵام تاوەکو ئێستا شاندە کوردییەکە بەڕێنەکەوتووە.

بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە مانگی شوباتی ئەمساڵەوە دەیان خۆپیشاندانی نارەزایەتی لە شەقامەکانەوە رووبەڕووی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردەوە. بڕینی ئەو بودجەیەش بەرئەنجامی کەڵەکەبوونی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر بوو.

عەبدولسەلام عەبدولرەحمان عرمش، پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسا باسی گەڕانەوە بۆ دەستوور دەکات و دەڵێ هەرێمی کوردستان داهاتی گومرگەکان بۆخۆی بەکاردەهێنێ و داهاتەکانی ناداتە بەغدا. گوتیشی "خۆ ئێستا وەزارەتی دارایی لەدەستی کوردە و دەتوانێ چارەسەری کێشەکان بکات".

بەبڕوای ئەو پەرلەمانتارەی دەوڵەتی یاسا جیاوازی لە نێوان مالیکی و عەبادی هەیە "ئەگەر کورد بڵێن وەک یەک کاردەکەن، کەواتە خەڵکیش لێرە دەڵێن هەموو کورد وەک یەک بیر دەکەنەوە".

پسپۆڕێکی سەربازی بۆ (ڕووداو):

# تێچووی مەشقکردنی هەر سەربازێک لە عێراق 25 هەزار دۆلارە

## پڕچەککردنەوەی چوار فیرقەکەی عێراق 75 ملیار دۆلاری دەوێ

هیڤیدار ئەحمەد
ڕووداو – هەولێر

ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پڕۆژەیەکی بۆ ڕێکخستنەوەی سوپای عێراق پێشکەشکردووە کە چوار فیرقە لەخۆدەگرێ و تێچووی پڕچەککردنی ئەو فیرقانەش 75 ملیار دۆلار لەسەر حکومەتی عێراق دەکەوێ.

دوای هێرشی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە 2014/8/3 ناوی "پێشمەرگە" بووە ناوێکی ناسراو لەسەر ئاستی جیهان. بەشێکی ئەم نێوبانگە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نە سوپای عێراقی پڕچەک بە چەکی پێشکەوتووی ئەمریکا و نە سوپای سووریا کە هەموو جۆرە چەکێکیان هەبوو، نەیانتوانی خۆیان لەبەردەم داعش ڕابگرن و تەنانەت چەک و جبەخانەکانیشیان کەوتنە دەستی ئەو هێزە لەناکاو هەڵتۆقیوە. بەڵام پێشمەرگە بە چەکێکی تەقلیدی توانی خۆی ڕابگرێ و هەندێ لەو شوێنانەش بگرێتەوە کە پێشتر لە دەستی دابوون.

### "پێشمەرگە هێزێکی نێودەوڵەتییە"

پسپۆڕێکی سەربازی چەند هۆکارێک بۆ ئەم نێوبانگ پەیداکردنەی پێشمەرگە دەخاتەڕوو.

عەقید ڕوکن مەسعود محەممەد ساڵح، مامۆستا لە ئەکادیمیای سەربازیی زاخۆ لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێ "پێشمەرگە وەکو هێزێکی نێودەوڵەتی ناسرا کە هێزێکی باش و ئازایە بەتایبەت لە بەرامبەر داعش". گوتیشی "پێشمەرگە توانی زانیاری ورد بداتە فڕۆکەکانی ئەمریکا بۆ لێدانی داعش و ئەمریکاش زۆر بە وردی ئامانجەکانیان لەسەر بنەمای زانیارییەکانی ئەوان دەپێکێ".

لەگەڵ هاتنی داعش هەرزوو فەرەنسا، ئەمریکا و بەریتانیا و چەند دەوڵەتی دیکە هاوکاری سەربازی هێزی پێشمەرگەیان کرد و تاڕادەیەک هەندێ چەک و تەقەمەنییان گەیاندە دەست پێشمەرگە. مەسعود محەممەد دەڵێت "ئەو چەکەی هاوپەیمانەکان بە پێشمەرگەیان دا، لە



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

بەرەکانی شەڕدا بە باشی بەکارهات و نەکەوتە دەستی داعش، وەکو چەکەکانی سوپای عێراق و سوپای سووریا".

مەسعود ساڵح، باسی هەندێ جیاوازیی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق دەکات کە ئەمەش وایکردووە متمانەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بە پێشمەرگە زیاتر بن "پێشمەرگە کەمە نەتەوەکانیش دەپارێزێ، جیاواز لە سوپای عێراق کە لەم شەڕەدا تەنیا شیعەیان دەپاراست، باشترین نموونەش تەلەعفەر و زلوعیەیە، بەڵام پێشمەرگە ئێزدی، مەسیحی، شەبەک، سوننە و شیعە هەموو وەکو یەک دەپارێزێ".

د.ڕۆژ نووری شاوەیس، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق پێشتر لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) لەبارەی هاتنی داعش و تواناکانی سوپای عێراق ڕایگەیاندبوو کە "هەر سوپایەک برووخێ یان تێکبشکێ 5 بۆ 10 ساڵی دەوێ تاوەکو دەکەوێتەوە سەرپێی خۆی".

لەگەڵ هاتنی داعش بۆ عێراق لە 2014/6/9، پێنج فیرقەی سەربازیی عێراق تێکشکان. کاتێکیش بەرەو شنگال دواتر بەرەو زوممار و بەنداوی مووسڵ و جەلەولا و داقوق هاتن، هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە پاشەکشەی کرد و تووشی زنجیرەیەک شکست هات. مەسعود ساڵح دەڵێ "کەم سوپا هەیە بتوانێ زوو خۆی ڕێکبخاتەوە، بەڵام هێزی پێشمەرگە توانی لە زووترین کاتدا خۆی ڕێکبخاتەوەو ڕووبەڕووی داعش ببێتەوە، لەهەر شەڕێکی دواتریدا لەگەڵ داعش توانیویەتی بەرەوپێش بڕوات". بەڵام ئەمە لەگەڵ سوپای عێراق ڕووینەدا کە تاوەکو ئێستا خۆی ڕێکنەخستووەتەوە".

دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی لە ساڵانی 2001 تاوەکو 2012 نزیکەی 500 ملیار دۆلاریان داوەتە چەک.

زۆربەی ئەو چەکانەی لە شەڕی داعش بەکاردێن، جا چ لەلایەن داعشەوە بێت، یان هاوپەیمانان، چەکی زۆر پێشکەوتوون.

عەقید ڕوکن مەسعود محەممەد دەڵێ "تەکنەلۆژیای سەربازیی پێشکەوتوو دروستکراوە و ئەو تەکنەلۆژیایەش بەسەر داعشدا تێست دەکرێ، بۆ نموونە نەرویژ ڕۆکێتێکی دروستکردووە کە توانای هەیە 4000 کیلۆمەتر ببڕێت، ئەمریکا ئەو ڕۆکێتەی بەکارهێناوە، سعودیە لەگەڵ فەرەنسا و ئەمریکا سەفقەی گەورەی کڕینی چەکی بەدەیان ملیار دۆلار مۆر کردووە". ئەو ڕوونی کردەوە کە فیشەک و تەقەمەنی بۆماوەی 10 ساڵ دروست دەکرێن، ئەگەر لەماوەی ئەو 10 ساڵە بەکارنەیەت، دەبێ خەرجی لێبکرێ بۆ لەنێوبردنی، بۆیە هەم ئەو زەخیرەیە لەم شەڕەدا بەکاردێت، هەمیش چەکی نوێ دەکڕدرێ".

بەپێی لێکدانەوەی ئەو پسپۆڕە سەربازییە "ئەمریکا دەیەوێ چەکەکەی لە ناوچەکەدا جێگیرببێ و شوێنی چەکی ڕووسی بگرێتەوە".

لەم هێرشانەدا نوێترین جۆری چەک و مووشەک و بۆمب بەکاردێن کە خەرجێکی زۆریان لێکراوە. بەپێی هەڵسەنگاندنی پێنتاگۆن، تێچووی ڕۆژانەی ئەو هێرشانە نزیکەی 7.7 ملیۆن دۆلارە و پێشبینی دەکرێ خەرجی ساڵێک بگاتە 20 ملیار دۆلار.

### مەشقی سەربازێک 25 هەزار دۆلاری تێدەچێت

لەگەڵ دەستبەکاربوونی حکومەتی نوێ لە عێراق بەسەرۆکایەتی حەیدەر عەبادی، ئەمریکا پێشنیازی پێکهاتەیەکی نوێی کردووە بۆ سوپای عێراق کە ئەویش دروستکردنی پاسەوانی نیشتیمانییە و بەگوێرەی ئەو پێشنیازەی ئەمریکا، عێراق بۆ بەرگریکردن لە سنووری خۆی چوار فیرقە دروست دەکات و هەر پارێزگایەکیش پاسەوانی نیشتیمانی تایبەت بەخۆی دەبێ کە ئەرکیان پاڵپشتیکردنی پۆلیسی نێوخۆییە و هەڵگری چەکی مامناوەندین.

مەسعود محەممەد، کە مەشق بە سەربازەکانی ئەکادیمیای زاخۆ دەکات، بە ژمارە باسی خەرجیی هەر سەرباز و فیرقەیەک دەکات کە ئەگەر مەشقیان پێبکرێ چەند خەرجیان دەوێت "هەر سەربازێک لە مەشقپێکردندا تاوەکو تەواو دەبێ لە کەسێکی مەدەنییەوە ببێ بە کەسێکی سەربازی 25 هەزار دۆلاری تێدەچێ، هەر فیرقەیەکیش کە مەشقی پێدەکرێ 250 ملیۆن دۆلاری دەوێ". دەربارەی پڕچەککردنی فیرقەکانیش دەڵێ "پڕچەککردنی ئەو چوار فیرقەیە 75 ملیار دۆلاری دەوێ".

---

## ئێستا گەنجانی کورد کەمتر دەچنە نێو داعش

# "چەکدارە کوردەکانی ئەنسار چوونە نێو لیوای ئیسلام"

نەوزاد مەحموود
ڕووداو– سلێمانی

بەگوێرەی زانیاری بەرپرسانی ئەمنی و پێشمەرگە، پەیوەندیکردنی گەنجانی کورد لە باشووری کوردستانەوە بە ڕیزەکانی داعش کەمیکردووە. بەرپرسێکی پێشووی بزووتنەوەی ئیسلامیش هۆکارەکەی بۆ ناڕاستیی ئەو بەڵێنانە دەگێڕێتەوە کە داعش بەخەڵکیان دابوو.

ڕۆژی 2014/6/9 چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، دەستیان بەسەر شاری موسڵدا گرت. بۆ ماوەیەک بەتەنیشت پێشمەرگە و سنوورەکانی باشووری کوردستانەوە بە بێدەنگی مانەوە و پێشڕەوییان بەرەو بەغدا و ناوچە سوننەنشینەکانی دیکە دەکرد، لەوماوەیەدا ژمارەیەک گەنج لە شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستانەوە پەیوەندییان پێوەکردن کە بە گوتەی بەڕێوەبەری پێشووی ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف "تاوەکو ئەو ماوەیە زیاتر لە 300 گەنج چوونەتە نێویانەوە". بەڵام کاتێک چەکدارانی ئەبوبەکر بەغدادی، ڕوویان بەرەو کوردستان وەرگێڕا، بارودۆخێکی نوێ لەشەڕی داعش و جەمسەرەکانی هاوپەیمانێتی دروستبوو. ئەوە بۆ پەیوەندیکردنی گەنجانیش بەو گرووپەوە هەروا بوو.

محەممەدی حاجی مەحموود، سەرپەرشتیاری میحوەری کەرکووکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەڵێ زانیارییان هەیە پەیوەندیکردنی گەنجان بە داعشەوە کەمتر بووەتەوە "هێشتا خەڵک دەچنە ناویانەوە، بەڵام کەمبووەتەوە. داعشیش بەرامبەر کورد و ئەوانەی لە کوردستانەوە دەچنە ناویانەوە متمانەیان زۆر نییە".

بەبڕوای محەممەدی حاجی مەحموود، داعش لەگەڵ پێشمەرگە و کورد شەڕدەکات و ئەوە کاریگەریی هەیە لەسەر کەمبوونەوەی چوونی گەنجانی کورد بۆ نێو ئەوان، بەڵام هۆکارێکی دیکەش باسدەکات کە پەیوەندی بە ئیسلامییەکانی کوردستانەوە هەیە و دەڵێت "ئێستا لەناو ئیسلامییەکانەوە وەک جاران خەڵک هان نادرێ بۆ چوونە ناویان".

ناوبراو پێیوایە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، بەهۆی داعشەوە دەنگی ئیسلامییەکانی کوردستان کورت دەهێنێ و دەڵێ "ئێستا ئیسلامییەکانی کوردستان هەڵبژاردنەکەی تونس و ئەنجامی دەنگەکانی نەهزەی ئیسلامی تونسیان لەبەرچاوە، بۆیە بەڕوونی داعش ڕەتدەکەنەوە".



هەندێک لەو دەنگە ڤیدیۆییانەی چەکدارانی داعش بڵاوی دەکردنەوە و هەڕەشەیان دەکرد، بە زمان کوردی بوون، هەروەک چۆن بڵاوبووەوە کە سەرپەرشتیاری شەڕی کۆبانی بەهەمانشێوە کوردێکی گەرمیانی بووە. دواپین چەکداری کوردیشیان کە هەواڵی کوژرانی بڵاوبووەوە، گەنجێکی هەڵەبجەیی بوو بەناوی گۆران کە پێش ئەوەی پەیوەندی بە داعشەوە بکات گۆڵچی یانەی شارەکە بووە. بەڵام ئێستا هەواڵەکانی کوشتنی چەکدارانی کورد لەلایەن خودی ڕێکخراوەکە خۆیەوە زۆر بڵاودەبنەوە.

سەرپەرشتیاری میحوەری کەرکووکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هۆکاری کوشتنی ئەو کوردانەی نێوداعش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە "زانیاری بە پێشمەرگە دەدەن لە بارەی جموجوڵ و چالاکییەکانیانەوە". گوتیشی "ئەو زانیارییانە لەڕێگەی برادەرەکانیان لەنێو پێشمەرگەوە دەنێرن، دواتر کە داعش پێیاندەزانێ دەیانکوژێ".

لە نوێترین ڕاپۆرتی خۆیدا، نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارەی چەکدارانی بیانی نێو داعشی بڵاوکردووەتەوە و لەڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە 15 هەزار چەکداری بیانی لە 80 وڵاتی جیاوازی جیهانەوە پەیوەندییان بەو گرووپەوە کردووە و ژمارەکەش لە زیادبووندایە.

ئەندامێکی پێشووی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیسلامی دەڵێ پەیوەندیکردن بە داعش لە کوردستانەوە گەرموگوڕییەکەی جارانی نەماوە و پێیوایە خەڵک بۆیان دەرکەوتووە ئەوەی ئێستا داعش دەیکات و پێڕەوی دەکات، جیاوازە لەوەی پێشتر بانگەشەی بۆ دەکرد "پێشتر بە خەڵکی سوننەیان دەگوت کە لەدەست ستەمی شیعە ڕزگاریان دەکەن، ئەوە جۆش و خرۆشێکی زۆری دروستکردبوو، بەڵام دەرکەوت بۆ خەڵک کە وانییە".

ئەبوبەکر تاماس هەروەها دەڵێ ئێستاش گرووپی ئیسلامی کورد هەن کە لە دەرەوەی کوردستان نیشتەجێن و پەیوەندیشیان بە داعشەوە نەکردووە "ئەنسارولئیسلام، ئەوانەی لە بزووتنەوەی ئیسلامی جیابوونەوە و پاشان چوونە ئێران، ئێستا لە سووریان و چوونەتە نێو هێزێک لە سووریا بەناوی لیوای ئیسلام و تێکەڵ بە داعش نەبوون".

تاماس دەڵێ بەپێی ئەو زانیارییانەی هەیەتی لەبارەی چەکدارانی ئە نسا ر و لئیسلا م ، پەیوەندییان بە داعش و قاعیدە و بەرەی نوسرەشەوە نەکردووە "چونکە بەرنامە و بیرکردنەوەیان جیاوازە لە داعش و قاعیدە و بەرەی نوسرە و ئێستا لەنێو (لیوای ئیسلام) شەڕ دەکەن".

نەقیب ئاراس محەممەد، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی ئاسایشی شارەزوور دەڵێ گەنجانی کورد ئێستا بە پێچەوانەوە بەرەو کۆبانێ و ڕۆژئاوای کوردستان و ڕیزەکانی پێشمەرگە و قەندیل دەچن نەک ناو داعش. گوتیشی "ئەوەندەی تێبینیمان کردووە، گەنجانی کورد بەکەمی پەیوەندی بە داعشەوە دەکەن و ئەوە زۆر کەمی کردووە".

بەڕێوەبەری پێشووی ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف پێیوایە کاتێک داعش لە سووریا بوو، زۆرترین گەنجی کورد پەیوەندییان پێوەکردوون لە باشووری کوردستانەوە "لەگەڵ شەڕی پێشمەرگەیان دەستپێکرد، ئەوە بەتەواوی کەم بووەوە".

مەریوان نەقشبەندی هەروەها دەڵێ "لە قۆناغی سەرەتادا نزیکەی 200 کەس پەیوەندییان پێوەکردن، دواتر ژمارەکە بەرز بووەوە و گەیشتە 500 کەس، بەڵام ئێستا بەتەواوی کەم بووە".

مەریوان نەقشبەندی باسی چەکدارە کوردەکانی نێو داعش دەکات و دەڵێ "ئەوەندەی من بزانم 70 کەسیان کوژراون و 50 کەسیشیان گەڕاونەتەوە".

ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (332) دووشەممە 2014/11/3

## ژنێکی کورد بۆ سەرۆکی ژنانی لیبراڵ کاندید دەکرێت



**ڕووداو- سوێد**

ژنێکی کورد لەلایەن لیبراڵەکانی سوێد کاندید دەکرێت بۆ سەرۆکی یەکێتی ژنانی لیبراڵ. وا بڕیارە 2014/11/29 کۆنگرەی یەکێتی ژنانی لیبراڵ ببەسترێت. گوڵان ئافچی، کە ژنە سیاسەتمەدارێکی کوردە و کادیرێکی دیاری پارتی لیبراڵی سوێدە، لەلایەن پارتی لیبراڵەوە بۆ سەرۆکی یەکێتی ژنانی لیبراڵ کاندید کراوە. لەبەر ئەوەی ناوبراو بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەکە پێشنیاز کراوە، پێدەچێت بە سەرۆکی یەکێتی ژنانی لیبراڵ لە سوێد هەڵبژێردرێت. گوڵان ئافچی دەڵێت چانسی زۆرە "سەربکەوێت".




# داعش ناهێڵێت بیرەی کوردی بگاتە کوردستان



**ڕووداو — ڕادیۆی سوێد**

خاوەنی کارگەی "ئاوی زێڕ" بۆ دروستکردنی بیرەی کوردی دەڵێت پڕۆژەکەی لەژێر هەڕەشەی ئیفلاسبووندایە، چونکە شوفێری کامیۆنەکان، لە ترسی داعش ناوێرن بیرەکە لە سوێدەوە بگوازنەوە بۆ باشووری کوردستان.

"ئاوی زێڕ" ناوی جۆرە بیرەیەکە لەلایەن دوو خاوەنکاری کوردەوە لە سوێد دروست دەکرێت، ئەو بیرەیە لە ماوەیەکی کەمدا لە سوێد ناوی دەرکرد، بەڵام بەهۆی ئاڵۆزییەکانی عێراق و کوردستان و سووریا و شەڕی داعش، ئێستا لەژێر هەڕەشەی داخستندایە.

لە فێستیڤاڵی بیرە و ویسکیدا کە ساڵانە لە ستۆکهۆڵم بەڕێوەدەچێت، چەندین جۆر مارکەی بیرە و وێسکی دەناسێنرێن، کە هەندێکیان تازەن و دەیانەوێت شوێنێک لە بازاڕی خواردنەوەکاندا بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. یەکێک لەو خواردنەوانەی لەو فێستیڤاڵەدا ناسێنرا، بیرەیەکی کوردی بوو بەناوی "ئاوی زێڕ".

جەسوور نۆژەن، خاوەنی کارگەی بیرەی "ئاوی زێڕە"، قوژبنێکی پێشانگاکەی بۆ خۆی بە کرێ گرتبوو بۆ ناساندنی بیرەی کوردی. خەڵکێکی زۆر لە بەردەم شوێنەکەی جەسوور کۆببوونەوە و تامی بیرەی کوردییان دەکرد.

ژیندار ئەسپار کە یەکێک بوو لەو کوردانەی هاتبووە پێشەنگاکە، دوای تامکردنی بیرەکە گوتی "زۆر حەزم لە ئاوی زێڕە، بەڕاستی بیرەیەکی زۆر بەتامە، ئەمەش لەبەر ئەوە نییە کە بیرەیەکی کوردییە و کورد دروستی کردووە".

بەڵام ئایا ئەو بیرەیە هەر بەڕاستی بیرەیەکی کوردییە! جەسوور نۆژەن خاوەنی بیرەی "ئاوی زێڕ" دەڵێت کاتێک خۆی و شەریکەکەی بڕیاریان دا بیرەیەکی کوردی دروستبکەن، لێکۆڵینەوەیەکی زۆریان کردووە، بۆیان دەرکەوتووە کە دامەزراندنی کارگەیەکی بیرە لە سوێد و کوردستان تێچووی زۆرە، بۆیە بیریان لەوە کردەوە کە مۆڵەتی دامەزراندنی کارگەکە لە کۆماری چیک وەربگرن.

ئێستا بیرەکە لەڕووی یاساییەوە وەکو بیرەیەکی چیکی تۆمارکراوە، بەڵام خاوەنەکەی دەڵێت لە رووی ناسینەوە بە بیرەی کوردی ناسراوە، بەو پێیەی ناوەکەشی کوردییە. جەسوور دەڵێت "ئێمە بیرەکەمان بەناوی کوردی خستووەتە بازاڕەوە".

### داعش هەڕەشەیە لەسەر بیرەی کوردی

جەسوور ترسی لەوە هەیە کە پڕۆژەکەیان سەرکەوتوو نەبێت، چونکە وەک ئەو دەڵێت، ئەوان بە نیازی بازاڕی باشووری کوردستان ئەو کارگەیەیان دامەزراندووە، بەڵام بەهۆی شەڕی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە دژی چەکدارانی داعش، گەیشتنی ئەو بیرەیە بە بازاڕەکانی کوردستان ئەستەم بووە.

جەسوور دەڵێت "داعش هەموو شتێکی تێکدا، پلانەکەی ئێمەی تێکدا، داعش بازاڕی وەستاند، ئێستا شوفێری کامیۆنەکان ناوێرن بچنە باشووری کوردستان".

بۆ ئەوەی بازاڕێک لە سوێد بدۆزیتەوە، بە تایبەتیش بۆ بیرەیەکی نوێی وەکو "ئاوی زێڕ" ڕووبەڕووی زەحمەتی زۆر دەبیتەوە، چونکە بار و ڕێستورانت و هوتێلەکان گرێبەست لەگەڵ کارگە بەناوبانگەکانی خواردنەوە دەکەن. تەنیا ڕێستورانتە نوێیەکان نەبێت، کاتێک بیانەوێت مارکەیەکی نوێی بیرە تاقیبکەنەوە.

لە سوێد چەندین ڕێستورانتی کوردی هەن، بەڵام ئایا ئەوان ئاوی زێڕ دەکڕن؟ جەسوور دەڵێت "نەخێر، ئەوان زیاتر بیرەی کارگەکانی سوێد دەکڕن، زۆر لەوان ئەو هەستەیان نییە کە ئەمە بیرەیەکی کوردییە و بۆ کوردانە".

لە فێستیڤاڵی بیرە و ویسکی کە لە ستۆکهۆڵم بەڕێوەچوو، بەرهەمی چەندین کارگەی بەناوبانگ نیشاندرابوون، بەڵام جەسوور دەڵێت زۆربەی ئامادەبووان تامی بیرەی ئاوی زێڕیان دەکرد.

مەزدا کە یەکێکە لە موشتەرییەکانی بیرەی کوردی، دەڵێت لە تامەکەی ڕازییە، بەڵام کریستەر کە ئامادەبوویەکی پێشەنگاکە بوو، دەڵێت بیرەیەکی خراپ نییە، بەڵام ئەو تامەی نییە کە حەزی لێبکەی.

# زانکۆیەکی باکوور داوا لە مامۆستایانی تاراوگە دەکات بگەڕێنەوە

**ڕووداو- سوێد**

"کوردی ئەوروپا، ئەی نووسەران، مامۆستا و پسپۆڕان بگەڕێنەوە کوردستان، جێگەی پەسەندکراو بۆ کار و خەباتی ئێوە کوردستانە" ئەمە بانگەوازی قەدری یڵدرم، بەرپرسی بەشی کوردۆلۆژییە لە زانکۆی ئارتوکلو لە شاری ماردینی باکووری کوردستان.

پرۆفیسۆر قەدری یڵدرم کە لەسەر داوای وەقفی چاندی کوردی لە ستۆکهۆڵم سەردانی سوێدی کوردبوو، لەبارەی مێژووی زمانی کوردی و کردنەوەی بەشی کوردۆلۆژی لە زانکۆی ماردین سەمینارێکی پێشکەش کرد.

قەدری یڵدرم سوپاسی حکومەتی سوێدی کرد کە باوەشی بۆ پەنابەرانی کورد کردووەتەوە و پێیگەیاندوون، بەڵام گوتی ئێستا کاتی ئەوەیە ئەو پەنابەرانە بگەڕێنەوە کوردستان "کوردستان چاوەڕێی ئێوەیە، ئەگەر بژین با لەسەر خاکی خۆمان بژین، ئەگەر مردیشین با هەر لەسەر خاکی خۆمان بمرین".

لە سوێد سەدان مامۆستا و نووسەر و پسپۆڕی جیاجیا هەن. ئەوان توانیویانە لە زۆر بواردا ئەسپی خۆیان تاو بدەن، وەک ئەدەب، زمان، چاند و فۆلکلۆر و زۆر بواری دیکە.

کوردی سوێد خاوەنی چەند ناوەندێکی ئەدەبی و زمانەوانی و هونەرین، لەوانەش کتێبخانەی کوردی، یەکێتی نووسەرانی کورد، یەکێتی مامۆستایانی کورد، وەقفی چاندی کوردی و چاپخانەی کوردی و چەندین ناوەندی دیکە.

بەپێی ئامارەکان 200 مامۆستای کورد لە قوتابخانەکانی سوێد وانەی کوردی دەڵێنەوە، هەروەها 11 هەزار خوێندکاری کورد لەو وڵاتە دەخوێنن.

ئەوەی کورد و بە تایبەتیش کوردی باکوور داوای دەکەن لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە لە سوێد هەیە، بەڵام لەو چەند ساڵانەی دوایی ڕەوشەکە کەمێک گۆڕاوە، کوردی باکوور بە ئاشکرا باسی فێربوونی زمانی دایک دەکەن، قوتابخانەی کوردی و بەشی کوردی لە زانکۆکان کراونەتەوە. یەکێک لەوانە بەشی کوردۆلۆژییە لە زانکۆی ئارتوکلو لە شاری ماردین. قەدری یڵدرم داوا لە مامۆستایانی کورد دەکات بگەڕێنەوە و لەو زانکۆیە وانە بڵێنەوە.

بەشی کوردۆلۆژی لە زانکۆی ئارتوکلو سێ ساڵ لەمەوبەر کراوەتەوە، بەپێی قسەی سەرۆکی بەشەکە، ئەو بەشە 50 مامۆستا و کارمەندی هەیە. د.فەرهاد پیربال یەکێکە لەو مامۆستایانەی لە باشووری کوردستانەوە چووە و لەو زانکۆیە وانە دەڵێتەوە.

لەو بەشە هەرسێ شێوەزاری کوردی (سۆرانی، کرمانجی و زازاکی) دەخوێنرێت، تاوەکو ئێستا 1000 خوێندکار لەو بەشە بڕوانامەی دیپلۆمیان وەرگرتووە و ئێستا بەبێ کێشە دەتوانن لە خوێندنگاکان وانەی کوردی بڵێنەوە.

یڵدرم بە ڕادیۆی سوێدی گوت، بۆ ئەوەی زمانی کوردی ببێتە زمانی پەروەردە لە باکووری کوردستان، پلانێکی 10 ساڵییان داڕشتووە و خەریکی دابینکردنی پێداویستی و پەرتووکی خوێندنی کوردین. بەڵام دەڵێت پێویستیان بە کادیری ناوخۆ و دەرەوە هەیە.

ئەوە تەنیا خەونی قەدری نییە، بەڵکو زۆر لە مامۆستاکان ئاواتەخوازی گەڕانەوەن، بەڵام کێشەیان هەیە، هەندێکیشیان بەر لەو بانگەوازە گەڕاونەتەوە.

ڕەشۆ زیلان، کە لە زانکۆی ئۆپسالا وانەی کوردی گوتووەتەوە و خاوەنی فەرهەنگێکی زمانە، دەڵێت "بانگەوازەکەی قەدری یڵدرم لە جێی خۆیەتی، بەڵام من لە تورکیا دەرکراوم و ناتوانم بگەڕێمەوە وڵات".

ڕەشۆ 40 ساڵە لە سوێد دادەنیشێ و وڵاتینامەی تورکیای لێوەرگیراوەتەوە، بۆیە ئەو ئێستا سوێد بە وڵاتی یەکەمی خۆی دەزانێت. ئەو دەڵێت بەگشتی بیانییەکان کێشەیەکیان هەیە. ئەو لە لێدوانێکدا بۆ ڕادیۆی سوێد دەڵێت "هەموو بیانییەک دڵی دوو پارچەیە، پارچەیەکی لە سوێدە و پارچەیەکیشی لە وڵاتی خۆی. کاتێک لە سوێدن خۆیان بە بیانی دەبینن، چونکە دڵیان لە وڵاتەکەیانە، کە دەچنەوە وڵاتەکانیشیان هەر خۆیان بە بیانی دەزانن، چونکە دڵیان لە سوێدە".

بەڵام خەڵکانێکیش هەن بە ساڵان لە سوێد ژیاون و بڕوانامەی بەرزیان بەدەستهێناوە و ئێستا گەڕاونەتەوە. د.ئەکرەم ئۆنەن یەکێکە لەوانە.

ئەکرەم کە دکتۆرای لە ڕۆژنامەگەری هەیە و 34 ساڵ لە سوێد بووە، ساڵی 2012 گەڕایەوە ماردین و ئێستا لە زانکۆی ئەو شارە وانە دەڵێتەوە.

ئەکرەم کە وانەی ڕۆژنامەگەری کوردی بە خوێندکارانی کورد دەڵێتەوە، گوتی "کە ئەو بەشە کرایەوە کادری کەم بوون، من لەسەر داوای سەرۆکی بەشەکە گەڕامەوە وڵات، بەڕاستی هەستێکی زۆر خۆش بوو، هەموو خوێندکارەکانم کورد بوون، خوێندن بە زمانی کوردی بوو".

## پاڵەوانی نەورۆز و ڕێبواری چیای کرمانجە

# کەس بە هانای کتێبە چاپنەکراوەکانی باوکی هۆزانەوە ناچێت



**ڕۆکا شدۆ**
**ڕووداو- بۆن**

"ڕێبوار"، "مەحکوم"، "هەڵاتوو"، "پاڵەوانی نەورۆز" و "شێری ئەشکەوتەکان". ئەمانە نازناوی پیاوێکن کە بە باوکی هۆزان بانگ دەکرێت، بەڵام ناوە ڕاستەقینەکەی بیلال حەسەنە. لە پشت هەر نازناوێکی ئەو پیاوە، چیرۆکێک هەیە. ئەو دەڵێت سەرجەم ئەو نازناوانە هاوڕێکانی بۆیان داناوە.

باوکی هۆزان ساڵی 1933 لە گوندی خۆلالکای سەر بە شارۆچکەی عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە، ئێستا لە گوندێکی بچووکی (بۆن)ی پایتەختی ئەڵمانیا دەژی.

باوکی هۆزان زوو زوو سەیری فایلەکانی نێو کۆمپیوتەرەکەی دەکات کە بریتین لە ژمارەیەک فەرهەنگ و کتێب، بەڵام هێشتا ڕۆشنایی چاپیان نەبینیوە و چاوەڕێ دەکات کەسێک یان دەزگایەک بۆی چاپ بکات.

تەمەن زەفەری بە باوکی هۆزان نەبردووە، ئەو ئێستاش وەکو گەنجێکی پڕ لە جووڵە بۆ کاری نووسین ئامادەیە.

باوکی بیلال ئاغای گوند بووە، بەهۆی ئەمەشەوە هەمیشە خۆی لە نێو ئەو ڕیشسپی و عاقڵمەند و سیاسەتمەدارانە بینیوەتەوە کە هاتوچۆی دیوەخانەکەی باوکیان کردووە. هەروەها ئەوەی زیاتر پەرەی بە ڕۆشنبیری ئەو پیاوە داوە، پەرتووکخانەی شاری حەلەب بووە.

باوکی هۆزان دەڵێت "ئەوکات لە حەلەب پەرتووکخانەی ئەرمەنییەکان هەبوو، کۆمۆنیستەکان دروستیان کردبوو، لەنێو ئەو پەرتووکە ئەرمەنیانە پەرتووکی کوردیش هەبوون، بەڵام بەتیپی ڕووسی بوون، بۆیە زوو خۆم فێری تیپی ڕووسی کرد".

### پاڵەوانی نەورۆز

باوکی هۆزان وەک خۆی باسی دەکات، لە ساڵی 1960 بۆ یەکەمجار ئاگری نەورۆزی لەشاری عەفرین هەڵکردووە، بۆیە خەڵکی ناوچەکە ناویان لێناوە پاڵەوانی نەورۆز.

باوکی هۆزان یەکێک بووە لە ئەندامە سەرەتاکانی پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا، هەروەها یەکێک بووە لەوانەی بەشداری کردووە لە دەرکردنی گۆڤاری گوڵستان کە ئۆرگانی ئەو پارتە بوو.

بەهۆی چالاکییە سیاسییەکانی، باوکی هۆزان لەلایەن حکومەتەوە داواکرابوو، بۆیە ساڵانێکی زۆر لە دەستی حکومەت ڕایکردووە و لە ئەشکەوتەکانی ڕۆژئاوای کوردستان خۆی شاردووەتەوە و وەکو ڕێبواری شاخ ناوی دەرکردووە. بەڵام زێدەباری ئەوەش 5 جار لەلایەن ڕژێمی سووریاوە دەستگیرکراوە.

باوکی هۆزان ئێستا دوا ڕۆژەکانی ژیانی لە ماڵەکەیدا بە دیار کتێبە چاپکراو و چاپنەکراوەکانیەوە بەسەردەبات، لە پشت سەری چەندین کارتۆن کتێبی داناون، کتێبە چاپنەکراوەکانیشی لە نێو کۆمپیوتەرەکەی بەردەمیدان.

دوایین پەرتووک کە باوکی هۆزان چاپی کردووە، بەناوی "پیر و پەندی"یە، زیاتر لە 20 هەزار پەندی پێشینانی لەنێو ئەو پەرتووکە 800 لاپەڕەییەدا جێکردووەتەوە.

باوکی هۆزان زۆر بەو پەرتووکەوە ماندوو بووە و دەڵێت "هەندێکجار چەندین ڕۆژ و مانگ بەدوای پەندێک کەوتووم، بۆ ئەوەی لەناوەڕۆکەکەی تێبگەم". ئەو جیا لەو پەرتووکە دوو پەرتووکی دیکەشی لەبارەی پەندی پێشینان بەناوی "پەند و شیرەک" چاپکردووە.

### کارە مەزنەکەی چاپ نەکراوە

بەڵام چاپکردنی کارە هەرە گەورەکەی لەدڵیدا بووەتە گرێ. ئەویش فەرهەنگێکی کوردی — عەرەبی، عەرەبی — کوردییە کە بە هەردوو بەرگەکە 2000 لاپەڕەیە. باوکی هۆزان دەڵێت "ئەگەر ملم بۆ خەڵک شۆڕ بکردبایە ئێستا دەمێک بوو فەرهەنگەکەم چاپ کردبوو".

وەک باوکی هۆزان گوتی، ئەم کارەی بەرهەمی چل ساڵ کارکردنی بووە "لە ساڵانی حەفتاکانەوە دەستمکرد بە کۆکردنەوەی وشەکان، زیاتر لە 40 ساڵە کار لەو دوو فەرهەنگەدا دەکەم".

جگە لەو دوو فەرهەنگە، باوکی هۆزان دوو پەرتووکی دیکەشی ئامادەن بۆ چاپکردن، ئەوانیش "فەرهەنگی ڕێزمان" و "حەوت.. ژمارەی هێزبەخش". کە ئەوەی دووەمیان دەربارەی ژمارە حەوتە. ئەو هەروەها دەیەوێت بەر لەوەی بمرێت کتێبی بیرەوەرییەکانیشی بە چاپکراوی ببینێ.

باوکی هۆزان، زاوای شاعیری گەورەی کورد جگەرخوینە، جیا لەوەی کە گەلی کورد منەتباری ئەوە بەهۆی 60 ساڵی خزمەتەوە، ئەوی بەشایەنی چەندین خەڵاتی دیکە بینیوە، لەنێوانیاندا خەڵاتی جگەرخوین، هەروەها خەڵاتێک بۆ خەباتی سیاسی و کارە ڕۆشنبیرییەکانی کە لەلایەن پارتەکانی ڕۆژئاوای کوردستانەوە پێی بەخشراوە.



## شێرکۆ تاڵب دەردەکەوێتەوە

**ڕێکەوت سەلام – هەولێر**

دوای هەشت ساڵ دوورکەوتنەوە لە کاری هونەری، هونەرمەند شێرکۆ تاڵب بە بەرهەمێکی گۆرانی دێتەوە مەیدانی هونەری و هۆکاری بێدەنگبوونیشی ئاشکرا دەکات. شێرکۆ تاڵب بە (ڕووداو)ی گوت "ئێستا خەریکی کارێکی هونەریی تازەم کە کاری دەنگی کۆتایی هاتووە و تەنیا بەشێکی کلیپکردنی ماوە، بەڵام ناوەڕۆکەکەی ئاشکرا ناکەم و دەمەوێت ببێتە سوپرایز بۆ هەوادارانم". بێدەنگبوونی شێرکۆ بۆ ماوەی 8 ساڵ لە کاری هونەری بووە باسوخواسی هەوادارانی، ئەو دەڵێ "هۆکار زۆر بوون، بەشێک لەو هۆکارانە لایەنی دارایی و تێکست و ئاوازی گۆرانی و کاری کلیپ و چەندین شتی دیکەیە، من هەمیشە ویستوومە کارێک بکەم کە بمێنێتەوە وەک بەرهەمی وەرە هاوڕێم بە، بۆیە هیچ کاتێک پەلە لە کاری باش و جوان ناکەم".

# جوان حاجۆ چوار سیمبول کۆدەکاتەوە

**بارزان محەممەد**
**ڕووداو – هەولێر**

هونەرمەند جوان حاجۆ، یەکێتی نەتەوەیی کورد لە ڤیدیۆ کلیپێکدا بەرجەستە دەکات، کارێک کە سیاسییەکان تائێستا نەیانتوانیوە لە واقیعدا بیکەن.

ئەم کارە هونەرییە نوێیەی جوان حاجۆ بۆ پێشمەرگەیە کە وێنەگرتنی ڤیدیۆ کلیپی گۆرانییەکە تەواوکراوە و بەم نزیکانە بڵاودەکرێتەوە.



حاجۆ، لەبارەی ڤیدیۆ کلیپەکەی بە (ڕووداو)ی گوت "لەنێو هەر نەتەوە وولاتێک سیمبولێک هەیە کە نەتەوەکەی پێدەناسرێتەوە، پێشمەرگە ئەو سیمبولەیە کە کورد و کوردستانی پێدەناسرێتەوە، بۆیە بە پێویستی دەزانم بەردەوام بە هونەرەکەم خزمەتی بکەم".

تێکستی ئەو گۆرانییەی جوان حاجۆ لەلایەن شاعیری کورد "بورهان زێباری" نووسراوە کە باس لە یەکێتی نەتەوەیی کورد و هەر چوار پارچەی کوردستان دەکات.

حاجۆ دەڵێ "لە گۆرانییەکەدا باسی ئەحمەدی خانیم کردووە کە 300 ساڵ پێش ئێستا باسی یەکێتی نەتەوەیی کردووە، هەروەها باسی سەید ڕەزا لە باکووری کوردستان و قازی محەممەد لە ڕۆژهەڵات و مەلا مستەفا بارزانیم لە باشووری کوردستان کردووە".

ئەمە یەکەم سترانی جوان حاجۆ نییە لەسەر پێشمەرگە. ساڵی 1980 کاسێتێکی بەنێوی "پێشمەرگەنە"، تۆمارکردووە کە لە 14 ستران پێکهاتووە.

جوان حاجۆ لە شەقڵاوە و سەر چیای سەفین، هەروەها لە بەرەکانی شەڕ لە مەخموور وێنەی کلیپەکەی گرتووە، لە کاتی کلیپەکەی چەندین هەوادار و گوێگری جوان حاجۆ بەرەو لای دەهاتن و دەستخۆشییان لێدەکرد، ئەویش کارەکانی رادەگرت و لەگەڵیان دەکەوتە گفتوگۆ و پێکەنین.

ئەدهەم کۆبانی، گەنجێکی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان کە بۆ گەشت لەگەڵ خانەوادەکەی هاتبووە شەقڵاوە، کاتێک گوێی لە دەنگی جوان حاجۆ بوو، یەکسەر بەرەو لای هات.

خێزانی ئەدهەم گوتی "کە گوێم لە گۆرانییەکەی جوان بوو، دڵم خەبەری دا، گوتم جوان لێرەیە، کە هاتم جوانم بینی زۆر دڵخۆش بووم، ئەو چرکە ساتەم پێ وەسف ناکرێت، بەڕاستی بینینی جوان حاجۆ هەستێکی زۆر خۆشی پێبەخشیم".

ئەدهەم کۆبانی دەڵێ "من هەواداری جوانم و بەردەوام گوێ لە گۆرانییەکانی دەگرم، چونکە جوان هەم گۆرانیبێژێکی نەتەوەییە و هەم گۆرانی بۆ دڵخۆشکردنی عاشق و ئەڤیندارانیش دەڵێت".

جوان حاجۆ لە باشووری کوردستانیش هەواداری زۆری هەن، کاتێک بەرەو نێو سەنگەرەکانی پێشمەرگە چوو، پێشمەرگە نۆرەیان گرتبوو بۆئەوەی وێنەی لەگەڵ بگرن.

سیروان بارزانی، فەرماندەی میحوەری مەخموور و گوێری هێزەکانی پێشمەرگە لە بارەی جوان حاجۆ دەڵێ "جوان هونەرمەندێکی نەتەوەییە، ئەو شێوازی ستران و میوزیکی کوردی گۆڕی".

لە نێو سەنگەری پێشمەرگە جوان سازەکەی دەرهێنا و گۆرانییەکی بۆ پێشمەرگە گوت، لە کاتی گۆرانییەکە سیروان بارزانیش لەگەڵ ئەو دەیگوتەوە.

جوان حاجۆ لە 17ی ئابی 1957 لە گوندی تربەسپێی قامیشلۆ، لە ڕۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە، لە بنەماڵەی حاجۆ ئاغایە کە بنەماڵەیەکی کوردی موسڵمانی باکووری کوردستانن و دوای شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ناوچەی مێردینیان لە باکووری کوردستان جێهێشتووە.

ئامێری ساز لەلای بەشێکی زۆری خەڵکی باکوور و هەروەها لای ئێزدییەکانیش وەکو شتێکی پیرۆز دەبینرێ، بەهۆی تێکەڵبوونی بنەماڵەی جوان حاجۆ، لەگەڵ ئێزدییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، ئەو پەیوەندییەی مرۆڤ و ساز بۆ جوان حاجۆش گوازراوەتەوە و بەردەوام سازی لێداوە و گۆرانی بۆ خۆی گوتووە.

جوان حاجۆ، بۆ یەکەمجار لە تەمەنی 15 ساڵیدا کاسێتێکی بەنێوی "ئەمینە ئەمینە" لە ماڵەوە بۆ خۆی تۆمارکردووە. دەڵێت "ئەوکات من عاشق بووم، ئەمینە ناوی شاراوەی ئەو کچە بوو کە خۆشمدەویست، بەڵام بە نسیبی من نەبوو، ئەمینە ئێستا شووی کردووە و ژیانی خۆی لەگەڵ هاوسەرەکەی دەباتە سەر، بەڵام ئێستاش خۆشمدەوێت".

حاجۆ لە ساڵی 1979 ڕۆژئاوای کوردستانی جێهێشتووە و لە ئەڵمانیا گیرساوەتەوە، لەوێش میوزیکی خوێندووە. لە ئەڵمانیا دەکەوێتە ژێر کاریگەری میوزیکزانی ئەڵمانی ئودۆ هێربەست، ئەوەش وای لێدەکات، مۆسیقای پۆپ و ڕۆکی ئەورووپی تێکەڵ بە مۆسیقای فۆلکلۆری کوردی بکات.

لە ساڵی 2004 بۆ یەکەمجار، لە تورکیا ڕێگەدرا جوان حاجۆ کۆنسێرتێک سازبکات، ئەوکاتە خەڵکێکی یەکجار زۆر پێشوازیان لێکرد و بەشدارییان لە کۆنسێرتەکەیدا کرد.

حاجۆ لەگەڵ هونەرمەندی بەنێوبانگی بە ڕەچەڵەک کورد هۆلیا ئەفشار گۆرانییەکی تۆمارکرد.

ئەفشار دەربارەی ئەو گۆرانییە دەڵێت "تاوەکو ئێستا بە شێوەی دوێت گۆرانیم نەچڕیوە، ئەوە یەکەمجارە ئەو کارە دەکەم، دیارە (جوان حاجۆ)یش یەکێکە لە هونەرمەندە ناودارەکان و پێویست ناکات وەسفی بکەم، کە بڕیاریشم دا لەگەڵ ئەودا گۆرانی بڵێم، هۆکارەکەی ناوبانگ و توانای (حاجۆ) بوو. جگە لەوەش بۆ خۆم بە ڕەگەز کوردم و ویستم لە ڕێگەی ئەو گۆرانییەوە خزمەتێکی بچووک بە نەتەوەکەم بکەم."

جوان، جگە لە گوتنی گۆرانی ڕۆڵی ئەکتەریشی لە فیلمی دۆڵ بینیوە کە کاری دەرهێنەری کورد هونەر سەلیم بوو.


حاجۆ بۆ زۆربەی ئەو کارەسات و نەهامەتیانەی بەسەر نەتەوەکەیدا هاتوون، گۆرانی و سترانی تۆمارکردووە، کاتێک داعش ئەو نەهامەتییەی بەسەر کوردی ئێزدیدا هێنا لە شنگال، حاجۆ سترانێکی بۆ شنگال تۆمارکرد.



جوان حاجۆ لەکاتی تۆمارکردنی ڤیدیۆ کلیپەکەی لە میحوەری گوێڕ و مەخموور (فۆتۆ: ڕووداو)

# کچێکی بولگاری و کوڕێکی کورد تۆم و جێری دەهێننە کوردستان

**میوا سەلاح**
**ڕووداو- سلێمانی**



کچە بولگاریەک لەم بارودۆخە دژوارەی کوردستان دێتە شاری سلێمانی و دەیەوێت بە کاری هونەری ڕووبەڕووی داعش ببێتەوە، ئەو هێندە هۆگری کوردستانە کە ئامادە نییە دەستبەرداری ژیانی سلێمانی بێت، بۆیە دەچێتە سەر تانک و بەرەنگاری داعش دەبێتەوە.

ئێلۆنا بالا، کچە نمایشکار و ئەکتەری بولگاری ماوەی پێنج مانگە هاتووەتە سلێمانی و لەگەڵ فۆتۆگرافەرێکی کورد سەرقاڵی کاری هونەرییە کە پڕۆژەیەکی فۆتۆ ستۆرییە و دەیەوێت لە ڕێگای فۆتۆوە پەیام بۆ دوژمنانی کورد بنێرێت.

ئێلۆنا بالا بە (ڕووداو)ی گوت "من بۆیە هاتوومەتە کوردستان بۆ ئەوەی پڕۆژەکانی خۆم لێرە ئەنجامبدەم، لەبەر ئەوەی هەست دەکەم لێرە باشتر دەتوانم پەیامەکانی خۆم بەهەموو جیهان نیشان بدەم، لەگەڵ ئەوەشدا دەمەوێت ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان بە دنیای دەرەوە بناسێنم، چونکە لەو باوەڕەدام زۆر کەس هیچ دەربارەی کورد نازانن، وەک من کە پێشتر هیچم سەبارەت بە کورد نەدەزانی".

ئێلۆنا زۆر سەرسامە بە خەڵکی کوردستان و دەڵێت "کە هاتمە کوردستان ئەو خەڵکە خۆڕاگر و میهرەبانەم ناسی، بەڕاستی زۆر پێیان سەرسام بووم. کوردستان هەمیشە لانە و پەناگەی هەموو مرۆڤێک بووە، من لە کوردستان زۆر شتی نوێ فێربووم لەگەڵ ئەوەشدا زۆر شتی جوان لە کورد فێربووووم".

ئێلۆنا باس لە یەکەمین پڕۆژەی دەکات لە کوردستان، ئەویش ئەوەیە کە دەیەوێ لە ڕێگای فۆتۆوە پەیامێک بۆ داعش بنێرێ. ئێلۆنا دەڵێت "کاتێک هاتمە شاری سلێمانی فۆتۆگرافەرێکی گەنجم بەناوی ڕەوەند ناسی، ئەو باسی لەوە کرد کە پڕۆژەیەکی فۆتۆیی هەیە و دەیەوێت من ڕۆڵی تێدا ببینم، منیش کە بیرۆکەکەم خوێندەوە زۆر پێی سەرسام بووم، هەرچەندە ناونیشانەکەی کەمێک کۆمیدییە، بەڵام تەواو واقیعیە و لەگەڵ ڕەوشی ئێستا دەگونجێت".

پڕۆژەکەی ئێلۆنا و ڕەوەند بەناوی "تۆم و جێریی عێراق"ە. ئیلۆنا دەڵێت "ئێمە واهەست دەکەین ئەو پڕۆژەیە تەواو لەگەڵ بارودۆخی عێراق دەگونجێت، چونکە وەک تۆم و جێری بەردەوام بەدوای یەکەوەن و شەڕ و ئاژاوە و ناکۆکی دروست دەکەن، هەرگیز بە ئارامی دانەنیشتوون، ئێمەش لەڕێگای هاوێنەی کامێراوە بە جلوبەرگ و وێنەی تۆم و جێری لەسەر تانک و زرێپۆشەکانی شەڕ وێنەمان گرتووە".

ئێلۆنا گوتیشی دەیەوێت وەک کچێکی بیانی لە کوردستان بەرەنگاری داعش و دوژمنانی کورد ببێتەوە کە دەیانەوێ ئارامیی کوردستان بشێوێنن.

ئێلۆنا هێندە هۆگری کوردستان و خەڵکەکەی بووە، ئێستا هەوڵدەدات فێری زمانی کوردی ببێت، لەوبارەیەوە دەڵێت "من زۆر عاشقی کوردستان و خەڵکەکەی بووم، بۆیە ئێستا هەوڵدەدەم بەهاوکاری چەند خەڵکێکی دڵسۆز فێری زمانی کوردی ببم، بۆ ئەوەی زیاتر تێکەڵی کولتوور و فەرهەنگی کوردی ببم، هەروەها دەمەوێت زیاتر تێکەڵ بەژیانی کچانی کورد ببم، چونکە کچی کورد جوانییەکی سروشتییان هەیە و حەزو خولیای جوانیان بۆ ژیان هەیە".

فۆتۆگرافەر ڕەوەند جەواد دەربارەی ئەم پڕۆژەیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوای ئەوەی ئێلۆنام ناسی، بیرم لەوە کردەوە کارێکی هاوبەش بکەین و وەک مۆدێلێک کار لەو پڕۆژەیەی من بکات، پڕۆژەکەم باس لە شەڕ دەکات، بەناوی تۆم و جێریی عێراق کە گوزارشت لە بارودۆخی عێراق و ژیانی خەڵکی عێراق و کوردستان دەکات، چونکە هەمیشەو بەردەوام شەڕو ئاژاوە بەرۆکی ئەم میللەتەی بەرنەداوە، بۆیە هاتووم بە چەند شێوازێک گوزارشتمان لەو دیمەنانە کردووە، ئاڵای داعشمان بەکارهێناوە لەگەڵ تانک و زرێپۆش و پاشماوەی شەڕو بە جلێکی مۆدێرن و خودەی عەسکەری و چەند کارێکی دیکە کە تاوەکو تەواو نەبێت مانا نابەخشێت".

ڕەوەند جەواد گوتی بەهەوڵی جەمال پێنجوێنی فۆتۆگرافەر کە هاوکاری بوو لەڕێگەی مۆدێل و کاری فۆتۆوە سەرقاڵی ئەم پڕۆژەیەن، هەر بەم پڕۆژەیەوە بەشداری چەند پێشانگایەکی جیهانی دەکەن کە بەنیازە لە ئەڵمانیا بکرێتەوە. ڕەوەند دەڵێت" دوای تەواوبوونی پڕۆژەکە لە چەند پێشانگایەکی جیهانی داوەتکراوین و لەوێ فۆتۆکان نمایش دەکرێت، کە گرنگترینیان ئەوەی ئەڵمانیایە و بڕیارە لەو ماوەیە ساز بکرێت و ئێمەش بەشدار دەبین".

ئەم پڕۆژەیە بەشێکی زۆری لە ئەمنە سوورەکەی سلێمانی وێنە دەگیرێت، دەربارەی بەکارهێنانی ئەم شوێنە ڕەوەند گوتی" وەک دەزانرێت ئەمنە سوورەکە سیمبولی ڕق و کینە و لەناوبردنی گەلی کورد بووە، چەندین کەس لەوێ شەهید بوونە و ئێستا پاشماوەیەکی زۆری ڕژێمی بەعس لەوێ ماونەتەوە، ئێمەش دەمانویست ئەمە نیشانی جیهان بدەین کە چۆن بەردەوام گەلی کورد دووچاری مینەتی و لەناوبردن بووەتەوە، بەڵام هەمیشە خۆڕاگر و بەهێز بووەو نەکەوتووە".





RÛDAW

SIDAR
AGENCY

هەر کەسێک گرتەیەکی ڤیدیۆیی سەرنج ڕاکێشی هەیە
بۆ بڵاوکردنەوەی، بەرامبەر بە بڕێک پارە.

دەتوانن پەیوەندی بکەن بە:

agency@sidarholding.com
www.sidarholding.com

+964 750 833 22 33
+964 750 833 44 33
+964 770 252 11 11




# داشکاندنی جیهانی

8 ڕۆژ بۆ شوێن گرتن و پاشەکەوت کردنی تا

25%

چێژ وەرگرە لە گەشتە تایبەتەکانی هێڵی ئاسمانی قەتەری لەگەڵ داشکاندنە جیهانیەکەمان.
شوێن بگرە لە 3 بۆ 10ی نۆڤەمبەری 2014، وە گەشت بکە لە 6ی نۆڤەمبەری 2014 تا 15ی جوونی 2015.

بۆ زانیاری زیاتر و بەدەست هێنانی تیکتەکانت، تکایە سەردانی
qatarairways.com/globalpromo بکە، پەیوەندی بکە بە 0770 495 0001 0750 902 9696
یان سەردانی نزیکترین بریکاری گەشتەکانت بکە.

**هێڵی پێنج ئەستێرەی جیهانی**

oneworld
QATAR AIRWAYS القطرية

جێگەکان دیاریکراون و ئەگەری بەردەست نەبوونیان هەیە. ڕۆژانی نەمانی داشکاندن جێبەجێ دەبێت.
تکایە پێداچوونەوە بکە بەسەر ڕەوش و مەرجەکانی تردا لەکاتی شوێن گرتن



## ژنێکی دووگیان خۆی دەکوژێت



**رووداو- ئیلام**

ژنێکی کوردی دانیشتووی شاری ئیلامی رۆژهەڵاتی کوردستان کە دوو گیان بووە، لەسەر شوێنێکی بەرز خۆی فڕێدەداتە خوارەوە و گیانلەدەستدەدات.
بەپێی زانیارییەکان ئەو ژنە کە ناوی (م.خ)ە، کارمەندی فەرمانگەی سەرچاوە سروشتییەکانی ئیلام بووە، کاژێر 10ی سەرلەبەیانیی رۆژی 2014/11/28 لە سەربانی شوێنی کارەکەی، خۆی فڕێ داوەتەوە خوارەوە و بەو هۆیەوە گیانی لەدەستداوە. هەتا ئێستا هۆکاری ئەو خۆکوشتنە روون نەبووەتەوە، بەڵام بەرپرسی گشتیی سەرچاوە سروشتییەکانی ئوستانی ئیلام گوتی ئەو ژنە هیچ کێشەیەکی نەبووە.

### داوا دەکەن توندتر بکرێ

# یاساکەی پەرلەمان خەتەنەکردنی کچانی رانەگرتووە

**تەرزە عەبدوڵڵا**
**رووداو- سلێمانی**

رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێیانوابوو سەرکەوتنێکی باشیان بەدەستهێناوە کاتێک سێ ساڵ لەمەوبەر پەرلەمانی کوردستانیان ناچارکرد یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی دەربکات کە یەکێک لە خاڵەکانی خەتەنەکردنی کچان بەتەواوی قەدەغە دەکات. بەڵام ئێستا داوای هەموارکردنەوەی ئەو یاسایە دەکەن، چونکە یاساکە نەیتوانی نەریتی خەتەنەکردنی مێیینە بنبڕ بکات.

تارا عەلی، پارێزەر لە رێکخراوی هاریکاریی یاسایی ژنان، پێیوایە یاساکە وەک پێویست نەناسراوە لە دەرەوەی شارەکاندا و بە گرنگی دەزانێ کاری لەسەر بکرێ و خەڵک بەو یاسایە ئاشنا بکرێت. چونکە وەک ئەو دەڵێت، پەرلەمان یاساکەی دەرکردووە و هەموو شتێکی بە رۆشنی تێدا راگەیێنراوە "ئێستاش دەبێت هەوڵێک بدرێ کە لە هەموو شوێنێک برگە و ماددەکانی یاساکە بۆ خەڵک رۆشن بکرێتەوە".

ئەو پارێزەرەی رێکخراوی هاریکاری ژنان دەڵێ "ترسمان لەوە هەیە خەتەنەکردنی مێیینە بچێتەوە ئاستی جارانی".

یاسای ژمارە 8ی ساڵی 2011 کە بە "یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی" ناسراوە لە هەرێمی کوردستان، دەڵێت هەر کەسێک تۆمەتبار بکرێت بە پێشێلکردنی یەکێک لە برگەکانی ئەم یاسایە، سزا دەدرێت. ئەم یاسایە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییە بەگشتی، بەڵام ماددەی شەشەمی یاساکە تایبەتە بەسزای خەتەنەکردنی مێیینە کە لەهەندێ ناوچەی کوردستاندا بڵاوە.

ئەو ماددەیەی یاساکە لە 4 خاڵ پێکهاتووەو جەخت دەکاتە سەر سزادانی سەرپێچیکار بە بەندکردن و غەرامەی ماددی، سزاکە بۆ ئەو کەسەی هانی خەتەنەکردن دەدات لە یەک ملیۆن دینارەوە دەستپێدەکات تاوەکو پێنج ملیۆن. هەروەها ئەو کەسەشی مێیینە خەتەنە دەکات یان بەشداری لەو تاوانەدا دەکات سزای بەندکردن دەیگرێتەوە کە لە 6 مانگ کەمتر نییە و لە 2 ساڵیش زیاتر نییە. ئەوە جگە لە سزای دارایی کە لە 2 ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە 5 ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

هەروەها هەر کەسێک خەتەنەکردنی مێیینەی ناکامی ئەنجامدا، یان بەشداری تێدا کرد، سزای بەندکردن بۆ ماوەیەک دەیگرێتەوە کە لە یەک ساڵ کەمتر نەبێت و لە سێ ساڵیش زیاتر نەبێت و بڕی سزا داراییەکەشی 5 ملیۆن دینار تا 10 ملیۆن دینار دەبێت. خۆ ئەگەر بکەرەکە پزیشک، دەرمانساز، کیمیایی، مامان یان یاریدەدەری ئەوانە بوو، ئەوا سزاکەی توندتر دەبێت و رەنگە ماوەی سێ ساڵ کارکردنی لێ قەدەغە بکرێت.

رۆژی 2014/10/30 جارێکی دیکە توندوتیژی خێزانی و دیاردەی خەتەنەکردنی مێیینە، رێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنی و وتارخوێنی مزگەوتەکانی لە سەمینارێکدا کۆکردەوە، ژنان پێیانوایە هێشتا بیرکردنەوەی نەریتی لە کوردستان کاریگەریی ماوە.

عوسمان عەبدوڵڵا، پێشنوێژ و وتارخوێن دەڵێ نابێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو فتوا ئاینیانەی کە بۆ سەردەمی تایبەتی خۆیان دەرچوون.

ئەو مامۆستا ئاینییە گوتی کە دەبێت هەموو ئەو کێشانەی لەم وڵاتە روودەدەن، مەسەلەی منداڵ بێت یاخود توندوتیژی کە بەرامبەر هەر توێژێکی کۆمەڵگە بکرێت "مامۆستایان بەبێ شەرم، بەبێ ئەوەی بابەتەکان بە گرنگ نەزانن، قسە لەسەر یەک بەیەکی ئەو بابەتانە بکەن و هۆشیاریی بدەنە خەڵک".

عوسمان عەبدوڵڵا گوتی "تەنیا ئەم سیمینارانە بەس نین، دەبێت هەماهەنگ بن لەگەڵ هەموو چینەکان. راستە رێکخراوەکان کاری خۆیان دەکەن، بەڵام هیچ کام لەم بابەتانە گرنگییان پێنەدراوە و بە سەمینارێکیش ناتوانرێت باسی ئەم کێشەیە بکرێت".

سیمینارەکە لەلایەن رێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان بە هاوکاری رێکخراوی یونسێف و رێکخراوی وادی ئەڵمانی رێکخرابوو، بۆ قسەکردن لەسەر یاسای توندوتیژی خێزانی، بە تایبەت خەتەنەکردنی مێیینە.

بەهار مونزیز، رێکخەری رێکخراوی خەڵک دەڵێ ئەو کارە مەیدانیانەی کە هەفتانە لەناو گوندەکاندا ئەنجامی دەدەن، دەریدەخەن کە لەگەڵ ئەوەی خەتەنەکردنی مێیینە بەردەوامە، بەڵام پێشوازیکردنی خەڵک لەو سەردانانەی ئێمە و گوێگرتن لێمان بەشێوەیەکی باشە.

بەهار مونزیر گوتیشی "ئەوەی ئێمە زیاتر کاری تێدا دەکەین لەناو ژناندا مەسەلەی هۆشیاری و بنبڕکردنی خەتەنەیە بۆ ئەوەی دایکەکان تێبگەن لە مەترسییەکانی خەتەنە، گرنگی ئەم سەمینارەش خەڵکانێکی یاسایی دەیڵێنەوە بۆ قسەکردن لەسەر یاساکە و هەموارکردنەوەی".

بەپێی ئامارێکی رێکخراوی وادی ئەڵمانی، لە ساڵی 2004 بۆ 2005 لە کۆی چاوپێکەوتن لەگەڵ 29 هەزار و 415 ژن لە سنووری پارێزگای سلێمانی و هەولێر و کەرکووک و ناوچەی گەرمیان، 19 هەزار و 424 ژن خەتەنە کراون.

توێژەرێکی کۆمەڵایەتی لەبارەی ئەو سیمینارانەی بۆ توندوتیژی بەرامبەر ژنان ئەنجام دەدرێت، پێیوایە "تەنیا بۆ شارەکانن و گوندەکان ناگرێتەوە، لەکاتێکدا هەندێک لەو کێشانە لەناوچە دوورە دەستەکان روودەدەن". گوتیشی "ئەو کۆبوونەوە و سیمینارانە لەناو شارەکاندا و لە هۆڵی داخراودا چ سوودێکی دەبێت".

لەتیف حوسێن، توێژەری کۆمەڵایەتی کە بەشداریی سیمینارەکەی کرد، دەڵێ "ئەو کەسانەی خەتەنە دەکرێن دەکەونە ژێر کاریگەریی کۆمەڵایەتی و دەروونی. ئەوە جگە لەوەی لەڕووی تەندروستیشەوە کاریگەریی لەسەر دەبێت".



# کچانی عەرەب گەنجانی کەرکووک رووت دەکەنەوە



**هیوا حوسامەدین**
**رووداو- کەرکووک**

کچانی مەغریب و توونس باشترین داهاتیان لە کەرکووک دەستدەکەوێت، لە ماوەی دوو مانگدا زیاتر لە 10 هەزار دۆلاریان لە گەنجانی کەرکووک کێشاوەتەوە و رووتکردنەوەکەش هەر بەردەوامە.

ئێستا گەنجانی کورد بوونەتە نێچیرێکی چەور بۆ ئەو باندانەی لە رێگەی کچان و بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پارە کۆدەکەنەوە. (رووداو) چەند گەنجێکی دواند کە کەوتوونەتە داوی ئەو باندانەوە و بە گرتەی ڤیدیۆیی دروستکراو هەڵخەڵەتێنراون.

(چ.ح.ع) گەنجێکی تەمەن 21 ساڵە و دانیشتووی شاری کەرکووکە. ئەو بە (رووداو)ی گوت "لە فەیسبووک لەگەڵ کچێک قسەم دەکرد بە زمانی عەرەبی و رۆژ دوای رۆژ پەیوەندیمان خۆشتر دەبوو، رۆژێک داوای لێکردم کامێرای بۆ بکەمەوە کە گوایە خۆی بۆ من رووت دەکاتەوە، دواتر داوای لێکردم منیش جلەکانم دابکەنم، بۆ ئەوەی سێکس لەگەڵ یەکدی بکەین".

ئەو گەنجە دەڵێت بۆ ماوەی 10 خولەک کامێرای لاپتۆپەکەی بۆ کچەکە کردووەتەوە، پاشان کچەکە هەڕەشەی لێکردووە ئەگەر لە ماوەیەکی کورتدا 5 هەزار دۆلار نەخاتە سەر حیسابە بانکییەکەی ئەوا گرتە ڤیدیۆکەی لە یوتیوب بڵاودەکاتەوە.

(چ) سەرەتا بڕوای بەو قسانە نەکردبوو، بەڵام دواتر کە ڤیدیۆکەی بە ئیمەیل بۆ ناردبوو، ئیدی ناچاربوو لەبەر کچەکە بپاڕێتەوە "پێمگوت باری داراییم باش نییە، من ناتوانم 5 هەزار دۆلارت بۆ بنێرم، دواتر بە 2000 دۆلار رازیم کرد و پارەکەم لە رێگەی سەنتەرێکی حەواڵەوە لە سلێمانی بۆ حەواڵە کرد".

(چ) 2000 دۆلارەکەی بە فیڕۆ چوو، چونکە دواتر گرتەکەی لە یوتیوب بڵاوکرایەوە "نەمتوانی هیچ بکەم، تەنیا ئەوەم پێکرا پەیجەکەی هاک بکەم".

(هیوا.م)، قوتابی پۆلی 11ی ئامادەیی دەڵێت ناچار بووە 3300 دۆلار بۆ کچێکی توونسی بنێرێت، بەس بۆ ئەوەی گرتەی ڤیدیۆیی و وێنەکانی بڵاونەکاتەوە. ئەو گەنجە ئێستاش ناچارە زوو زوو بڕێک پارە بۆ ئەو کچە بنێرێت "بەس بۆ ئەوەی وێنەکانم بە رووتی بڵاونەکاتەوە و حەیام نەچێت".


وەک هیوا دەڵێت، ئەو کچە توونسییە بۆ ماوەی مانگێک قسەی لەگەڵ کردووە، تاوەکو توانیویەتی قەناعەتی پێ بێنێت کە کامێرای لاپتۆپەکەی بۆ بکاتەوە "من زۆر شەرمم دەکرد، بەڵام ئەو کچە بەردەوام باسی بابەتی سێکسی دەکرد، دوای مانگێک ناچاربووم کامێراکەی بۆ بکەمەوە".

هیوا هەرزوو هەستی کردووە فێڵی لێکراوە "دوای تێپەڕبوونی یەک خولەک هەستم کرد ئەو گرتەیە تۆمارکراوە، خێرا پێمگوت، بەڵام ئەو رەتیکردەوە کە تۆمارکرابێت، منیش کامێراکەم داخست، پاش کەمێک نامەیەکی بۆ ناردم کە ڤیدیۆی من بوو بە رووتی، دواتر هەڕەشەی لێکردم کە دەبێت رۆژانە پارەی بۆ بنێرم و بە زۆر رازیم کردووە کە ماوە ماوە پارەی بۆ بنێرم و ئێستاش ناچارم رۆژانە بەدوای بیرۆکەیەکدا بگەڕێم بۆ رزگار بوونم لەو کێشەیە".

چنار حەسەن، سەرۆکی رێکخراوی ئازاد بۆ بەرگریکردن لەمافی مرۆڤ بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەو باندە تونسی و مەغریبیانە هەڕەشەی جددین بۆ سەر ژیانی ئەو کەسانەی دەکەونە داوی ئەوان "چونکە کارەکە لە رێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک دەکرێت، کە خەڵکێکی زۆر لە کوردستان سوودی لێوەردەگرن". چنار گوتیشی "ئەم کارە دەچێتە خانەی تۆقاندن و ئابڕووبردن، بۆیە دەبێت پێش رێکارە یاساییەکان، گەنجان خۆیان سانسۆر بخەنە سەر ئەو پەیج و ئەکاونتانەی جێی گومانن و کەرامەتی مرۆڤ تیرۆر دەکەن".

تائێستا دەزگای پۆلیس لە هەرێمی کوردستان چەند جارێک هۆشداری بڵاوکردووەتەوە لەبارەی مەترسیی ئەو باندانە و دەیان راپۆرتی رۆژنامەوانیشی لەسەر بڵاوکراوەتەوە، بەڵام دیارە ئەو باندانەی بەوشێوەیە پارە لە گەنجان دەکێشنەوە هەمیشە فێڵی تازەیان هەیە بۆ راوکردنی نێچیرەکانیان.

ڕووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (332) دووشەممە 2014/11/3



## دوو مێردمنداڵ دەخنکێن

**ڕووداو – ڕزگاری**

دوو مێردمنداڵ لەکاتی مەلەکردن لە گۆماوێک گیانیان لەدەستدا. بەپێی ڕاگەیەنراوێکی پۆلیسی هەولێر ڕۆژی 2014/11/1 دوو مێردمنداڵ بە ناوەکانی زیاد تارق، تەمەن 14 ساڵ و ئەحمەد تالیب، تەمەن 10 ساڵ، بە هۆی ئەوەی چوونەتە ناو گۆمێکی ئاوی باران بە مەبەستی مەلەکردن، بەڵام چونکە مەلەیان نەزانیوە هەردووکیان گیانیان لە دەستداوە. ئەم گۆماوەش لە ئەنجامی کۆبونەوەی ئاوی باران لە نێو چاڵێکدا بووە، کە چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا شۆفەڵ هەڵیکەندبوو.

"نەیانهێشت ببێتە گەریلا"

# گەنجێکی 20 ساڵە خۆی دەخنکێنێ



**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- قەندیل**

لە سنووری ئەو ناوچەیەی کە پارتی کرێکارانی کوردستان ناوی لێناوە "هەرێمی پاراستنی میدیا"، گەنجێکی تەمەن 20 ساڵان خۆی بە دارێکەوە هەڵدەواسێ و خۆی دەخنکێنێ. باوکی کوڕەکە دەڵێت ویستوویەتی ببێتە گەریلا، بەڵام PKK وەریاننەگرتووە و ئەویش لە داخان خۆی خنکاندووە.

ڕۆژی 2014/10/22 تەرمی ئەو گەنجە کە ناوی (و.دڵشاد محەممەد) بوو، لە نزیک گوندی ئێنزێی سەر بە ناحیەی سەنگەسەر دۆزرایەوە. ئەو گەنجە بە پشتێنەکەی خۆی، خۆی بە دارێکدا هەڵواسیبوو.

دڵشاد محەممەد، باسی خنکانی کوڕەکەی کرد و بە (ڕووداو)ی گوت "کوڕەکەم نزیکەی ساڵێکە تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە و ڕاپۆرتی پزیشکیشی هەیە کە نەخۆشیی دەروونی هەیە، بردمە لای چەند پزیشکێک بەڵام سوودی نەبوو".

ئەو پیاوە کە خاوەنی 2 ژنە و 8 منداڵی هەیە، دەڵێت "کوڕەکەم زۆری دەخوێندەوە، گومان دەکەم لەبەر خوێندنەوەی کتێب وای لێهاتبێت". پاساوێک کە لۆژیک قبووڵی ناکات.

ئینجا دەڵێت کە کوڕەکەی زوو زوو دەچووە دەرەوە و بۆ ماوەیەک نەدەگەڕایەوە، ئەمجارەش چاوەڕێ بوون وەکو جارانی پێشوو بگەڕێتەوە، بەڵام (و) چیدی نەگەڕایەوە.

دڵشاد گوتی "زۆر بەدوایدا گەڕام و نەمدۆزییەوە، دواجار هەواڵیان بۆ هێنام کە تەرمی گەنجێک لە پزیشکی دادوەری ڕانیەیە، بە پشتێنەکەی خۆی خنکاندووە، کە چووم بینیم کوڕەکەی منە".

دڵشاد پێیوایە ئەوەی پاڵنەر بووە بۆ خۆخنکاندنی هەستی نەتەوەیی بووە و دەڵێت "کوڕەکەم زۆر کوردپەروەر بوو، زۆرجار دەیگوت باوکە حەز دەکەم بچمە کۆبانی". گوتیشی "دووجار چووە قەندیل بۆ ئەوەی ببێتە گەریلا، بەڵام PKK وەریاننەگرت، بۆیە هەر لەبەرئەوەش خۆی خنکاندووە". وەکو دیارە، باوکی (و) زانیارییەکی ئەوتۆی دەربارەی کوڕەکەی نەبووە و نەیزانیوە کێشەکانی چین و چۆن بیردەکاتەوە.

دایکی ئەو گەنجە لە ژیاندا نەماوە و باوکی ژنێکی دیکەی هێناوەتەوە و ئێستا لە هەولێر دادەنیشێت. (و) جاربەجار لەلای زڕدایکەکەی بووە لە هەولێر، هەندێ جاریش لەلای باوکی بووە لە ڕانیە. وەک باوکی باسی کرد (و) لە تەمەنێکی زوودا ژنی هێناوە، بەڵام لە ژنەکەی جیابووەتەوە.

حاجی مەحمود عەبدوڵڵا، موختاری گوندی ئێنزێ لە بناری قەندیل گوتی تەرمی ئەو گەنجە لەلایەن کچێکەوە دۆزراوەتەوە کە لە دەوروبەری گوندەکەیان خەریکی کۆکردنەوەی گوێز بووە.

موختاری گوندەکە گوتی "ئەو گەنجە بە پشتێنێک بە دارێکەوە هەڵواسرابوو، بەڵام ئێمە نازانین چۆن خنکاوە، خۆی خنکاندووە یان خنکێندراوە. ئێمە تەنیا پۆلیس و دەسەڵاتدارانی ناوچەکەمان لە ڕووداوەکە ئاگادارکردەوە. دوای ڕووداوەکەش کەس لە کەسوکارەکەی نەهاتن لە ڕووداوەکە بکۆڵنەوە".

ڕائیدی پۆلیس مستەفا محەممەد باپیر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین، لەبارەی خۆخنکاندنی ئەو گەنجە، بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو گەنجە دانیشتووی گەڕەکی ماردینی شارۆچکەی ڕانیە بوو، لە گوندی ئێنزێ بە پشتێنەکەی خۆی بەدارێکدا هەڵواسرابوو". گوتیشی "بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان دەرکەوتووە ئەو گەنجە خۆی خنکاندووە، ماوەی 12 کاژێر بە دارەکەوە ماوەتەوە".

بەپێی قسەی پۆلیس، تەرمی ئەو گەنجە بۆ ماوەی 3 ڕۆژ لە نێو ساردخانەی دادپزیشکی ڕانیە ماوەتەوە، دواتر کەسوکارەکەی هاتوون و تەرمەکەیان بردووەتەوە، بەڵام سکاڵایان لەسەر کەس تۆمار نەکردووە "چونکە کەس دەستی لە ڕووداوەکەدا نەبووە و کوڕەکە خۆی خنکاندووە". گوتیشی "بەڵام پۆلیس بەدواداچوونی خۆی کرد و هێڵکاری بۆ شوێنی ڕووداوەکە کرد".

بەمجۆرە لاپەڕەی ژیانی (و) داخرا و نهێنییەکانی ژیانی و کێشەکانی لەگەڵ خۆی برد.



**ڕائیدی ماف ژیلەمۆ عەبدولقادر ***

## زوو شوویان کرد و زووش تەڵاقدران

دوو کچ، کە یەکێکیان تەمەنی 16 ساڵانە و ئەوی دیکەشیان 18 ساڵ، لەگەڵ دایکیان هاتبوونە نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان بۆ ئەوەی کچەکان سکاڵا لەسەر مێردەکانیان تۆمار بکەن، چونکە لەلایەن مێردەکانیانەوە تەڵاقدراون، بەبێ ئەوەی هیچ مافێکیان بدرێتێ.

ئەو دوو خوشکە لە یەک ڕۆژدا شوویان بە دوو برا کردووە و هەر لە یەک ڕۆژیشدا تەڵاق دراون. دایکی ئەو دوو کچە گوتی پێش دوو ساڵ هەردوو کچەکەی بە شوودان.

دوای ئەوەی خزمێکیان بۆ خوازبێنی دوو کوڕەکەی دێتە داخوازیی ئەو دوو کچە، دایکی کچەکە ڕازی دەبێت هەردوو کچەکەیان بداتێ، بەبێ ئەوەی داوای هیچ بکات.

کچە تەمەن 18 ساڵانەکە گوتی "ئێمە لەگەڵ مێردەکانمان هیچ کێشەیەکمان نەبوو، پێکەوە لە خانوویەکدا بووین، بەڵام خانووەکە تاپۆکەی بەناوی خەسووم بوو. مێردەکانمان کارێکی وایان نەبوو، ئێمەش هیچ کارێکمان نەبوو، لەبەر شووکردن تەنیا تاوەکو پۆلی سێی ناوەندیمان خوێند. لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی شووکردنمان هەر جارێک دەچووینەوە ماڵی باوکم خەسوومان تەلەفۆنی بۆ دەکردین و دەیگوت مەگەڕێنەوە لای کوڕەکانم. جاری دوایی کە چووینەوە ماڵی باوکم، زۆر چاوەڕێمان کرد، پیاوەکانمان نەهاتنەوە بەدواماندا، پاشان گوتیان ئێوەمان تەڵاقداوە".

ئەو دوو خوشکە هەریەکەیان منداڵێکیان هەیە، کاتێک بۆ بەدواداچوونی کێشەکەیان دەچنە دادگا، دادوەر پێیاندەڵێ کە ئەوان تەڵاقدراون. هەرچەندە دەڵێن کە تەڵاقدانەکەیان دوور لە ویستی خۆیان بووە، بەڵام دادوەر تەڵاقنامەکەیان دەداتێ و پێیاندەڵێ تەڵاق بە دەست پیاوە، ئێوە تەنیا دەتوانن سکاڵا تۆمار بکەن و داوای ماف و نەفەقەی خۆتان و منداڵەکانتان بکەن.

کاتێک بەدوای پیاوەکانمدا نارد، سەرەتا ڕازی نەبوون و گوتیان ئێمە ژنەکانمان تەڵاقداوە، بەڵام دواتر لەگەڵ دایکیان هاتن بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، پێمانگوتن ژنەکانتان ببەنەوە لای خۆتان، بەڵام دایکیان یەکسەر گوتی "بابە ژنەکان تەڵاقدراون، بۆ کێشەکەمان بۆ نوێدەکەنەوە". دایکەکە تەنانەت ڕازی نەبوو منداڵی کوڕەکانیشی وەربگرێتەوە و گوتی "خۆ ئێمە خزمەتکاری ئەوان نین، منداڵیان بۆ بەخێو بکەین".

دوای ئەوەی بە تەنیا لەگەڵ ژن و مێردەکان دانیشتین، دەرکەوت ئەوان هیچ کێشەیان نییە و بە یەکدیش ڕازین، بەڵام کوڕەکان هیچ دەسەڵاتێکی بڕیاردانیان نەبوو، چونکە تەمەنیان لە 20 ساڵ تێپەڕی نەدەکرد، هەموو بڕیارێکیان لە دەست دایکیاندا بوو، دایکیشیان بەهیچ شێوەیەک ڕازی نەدەبوو ئەو ژنانە بگەڕێنەوە لای مێردەکانیان.

دوو خوشکەکە هیچ چارەیەکیان نەبوو، جگە لەوەی منداڵەکان بۆ خۆیان هەڵبگرنەوەو بەخێویان بکەن، بەڵام ئەوان جگە لەوەی دەتوانن لە ڕێگەی دادگاوە مافی خۆیان وەکو مارەیی و نەفەقەی منداڵەکانیان لە مێردەکانیان وەربگرن، لە هەمانکاتدا دەتوانن سوود لە پڕۆژەی تۆڕی پاراستنی خێزان وەربگرن و لە ڕێگەی ئەو تۆڕەوە مانگانە 150 هەزار دیناریان وەکو مووچە بۆ دەبڕێتەوە.

ئەگەر سەیری ئەم دۆسیە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە بچووکیی تەمەن و زوو شووکردن و ژنهێنان ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەوەی کەسوکار دەست لە ژیانت وەربدەن، ئاکامی ئەو جۆرە هاوسەرگیرییەش زۆرجار تەڵاق و جیابوونەوە دەبێت.

*** بەڕێوەبەری نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە هەولێر**

بۆ وەرگرتنی منداڵی ئاوارەی کورد

# خانەکانی نەوجەوانان یاسا پێشێل دەکەن



**ژیان سابیر**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەو یاسایەی خانەی لەخۆگرتنی منداڵانی بێ سەرپەرشت ڕێکدەخات، بۆ (م.ع) تەمەن 17 ساڵ کە منداڵێکی عەرەبە، بەخشندەیە. بەڵام یاساکە هەمان ماف ناداتە منداڵانی کوردی ئاوارەی ڕۆژئاوای کوردستان تاوەکو لە سێبەری خانەکەدا، مەینەتییەکانی بێ دایک و باوکی لەسەریان سووکتر ببێت.

ماڵی کوڕانی نەوجەوانان، ئەو خانەیەی منداڵانی بێ سەرپەرشتی خوار تەمەن 18 ساڵ ڕووی تێدەکەن و تێیدا دەمێننەوە، ژمارەیەک منداڵی تێدایە کە (م.ع) یەکێکە لەوان. ئەو کە خوێندکاری ئامادەییە، ماوەی حەوت ساڵە لەو خانەیەیە "بەهۆی جیابوونەوەی دایک و باوکم هێنامیانە ئێرە، لێرە ژیانێکی خۆشم هەیە".

بەڵام ئەو مێردمنداڵە دوای ماوەیەکی دیکە کە تەمەنی دەبێتە 18 ساڵ، دەبێ خانەکە جێبهێڵێت "خەم دامدەگرێ و دەبێت شوێنێک بدۆزمەوە تێیدا بژیم، ئەوەش پێویستی بە پارەیە و ئەو بڕە پارەیەش کە لێرە بۆم دابینکراوە دەبڕدرێت".

بەڵام یاسای ژمارە (5)ی چاودێری کۆمەڵایەتی کە لە ساڵی 1986وە کاری پێدەکرێت، ئەو مافە بە منداڵانی ئاوارە و بێ دایک و باوکی ڕۆژئاوای کوردستان نادات.

ئەو یاسایە مەرجێکی دیاریکردووە بۆ منداڵانی بێ سەرپەرشت، دەبێت ئەو منداڵانەی لەو خانەیە وەردەگیرێن خاوەنی ڕەگەزنامەی عێراقی و فەلەستینی بن. بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەک لەلایەن چاودێریی کۆمەڵایەتی پێکهێنراوە تاوەکو پڕۆژە یاسایەک پێشکەش بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بکرێت بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان هەمواری یاساکە بکاتەوە. چونکە یاساکە لەگەڵ دۆخی ئەمڕۆدا ناگونجێت.

ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری ماڵی کوڕانی نەوجەوانان، سەبارەت بە منداڵانی نێو خانەکە دەڵێ، ئەو منداڵانەی لەم خانەیە دەمێننەوە هەریەکەیان کێشەیەکیان هەیە، یان ئەو منداڵانەن کە لەلایەن دادگاوە بۆیان ڕەوانە دەکرێت.

ئەنوەر عومەر دەڵێت بەهۆی ڕەوشی ئێستای کوردستان چاوپۆشییان لەو یاسایە کردووە کە دەبێت بۆ وەرگرتنی منداڵ کاری پێبکەن "یاساکە دەڵێت دەبێت تەنیا منداڵی عێراقی و فەلەستینی وەربگرین، بەڵام ئێمە 6 منداڵی ڕۆژئاوای کوردستانیشمان وەرگرت".

ناوبراو گوتیشی "ئەو منداڵانە بەهۆی شەڕی داعشەوە ئاوارەی کوردستان بوون و لە دایک و باوکیان دابڕابوون، بۆ ئەوەی لەسەر جادە نەمێننەوە، بە بڕیاری دادگا بۆ ئێمە نێردران، بەڵام دواتر درانەوە کەسوکاریان".

لە ژوورەوە 24 منداڵی بێ دایک و باوک هەن. بەڕێوەبەری خانەکە کە نەیهێشت قسە لەگەڵ منداڵەکان بکرێت، گوتی "مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵانی نێو خانەکە کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتی ئەو منداڵانەی پێشتر لەناو خێزانەکانیان ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە".

هەر منداڵێک لەوێ مانگانە 100 بۆ 115 هەزار دینار وەردەگرێت تاوەکو ئەو کاتەی تەمەنی لە 18 ساڵ تێپەڕ دەکات، دواتر ئەو منداڵە لە خانەکە نامێنێت "لێرە ناتوانین منداڵ بدەین خێزانێک بۆ بەخێوکردن، تەنیا ئەو منداڵانە نەبێت کە خێزانەکانیان دیار نەبن".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی چاودێریی کۆمەڵایەتی لە خانەی کچان و کوڕان 42 منداڵی بێ سەرپەرشت هەن کە تەمەنیان لە نێوان 4 بۆ 17 ساڵیدایە، هەندێکیش لەو منداڵانە خوشک و بران.

نیان ئیبراهیم، بەڕێوەبەری خانەی کچان دەڵێت وەرگرتنی منداڵ لێرە هەندێکجار پێچەوانەی یاسای خانەکەیە، چونکە لە یاساکەدا هاتووە نابێت ئەو منداڵەی لێرە وەردەگیرێت نەخۆشیی دەروونی هەبێت "بە داخەوە منداڵمان هەیە کێشەی مێشکی هەیە و منداڵیشمان هەیە لە ڕووی دەروونییەوە گرفتی هەیە".

گوتیشی "وەرگرتنی منداڵی ئاوارە، پێچەوانەی یاساکەیە و منداڵێکی زۆر دەهێننە ئێرە بەتایبەتی ئەو منداڵانەی دایک و باوکیان جیابوونەتەوە، بەڵام ناکرێت هەموو منداڵێک کە دایک و باوکی جیابووبێتەوە لێرە وەربگیرێت، چونکە ڕێژەی جیابوونەوە زۆرە".

محەممەد عەلی، توێژەرێکی کۆمەڵایەتی، لە خانەی نەوجەوانان، سەبارەت بەمنداڵی ئاوارە و بێ سەرپەرشت گوتی، ئەو منداڵانە دووجار ئاوارەن، یەکەمیان ئاوارەبوون لە زێدی خۆیان، دووەمیش دابڕان و بێبەش بوون لە سۆزی دایک و باوکیان، ئەوەش تەنیا کێشە و دواکێشەی ئەو منداڵانەیە.

# تەلەفزیۆنە موسڵاویەکە لە هەولێرەوە خەڵک لەدژی داعش هاندەدات



یودیت نیورینک
ڕووداو- هەولێر

مۆبایلەکانی کارمەندانی تەلەڤزیۆنی (نینوی الغد) لە زەنگ لێدان ناکەوێت "جارێکیان لە ماوەی کاژێرێکدا 1700 نامەی مۆبایلمان بۆ هات لەو کەسانەوە کە دەیانویست بەشداری لە بەرنامەیەکماندا بکەن".

تەلەڤزیۆنی غەد لە دوای گرتنی مووسڵ لەلایەن داعشەوە، گوازراوەتەوە بۆ هەولێر. لە هەر هەفتەیەکدا سێ بەرنامەی ڕاستەوخۆ پەخش دەکات. لەو بەرنامانەدا بینەران دەتوانن بە تەلەفۆن بەشداری بکەن. تەلەڤزیۆنەکە بووەتە سەکۆیەکی گرنگ بۆ گۆڕینەوەی زانیاری لە نێوان ئەو کەسانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی داعشدا دەژین و جیهانی دەرەوە.

خاوەنی ئەم تەلەڤزیۆنە ئەسیل نوجێفی، پارێزگاری نەینەوایە لە مەنفا و لەلایەن کوڕەکەیەوە کە ناوی عەبدوڵڵایە، بەڕێوەدەبرێت. ئامانجی دانانی تەلەڤزیۆنەکە لە هەولێر ئەوەیە زانیاری دەربارەی ئەو پلانانە بڵاوبکاتەوە کە دەگێڕێنەبەر بۆ لەناوبردنی داعش.

تەلەڤزیۆنەکە چەند سەعاتێک پێش کەوتنی مووسڵ لە 10ی مانگی حوزەیران، لەو شارە گوازرایەوە. هەر دوای ئەو ڕۆژە یاساکانی شەریعەتی ئیسلامی لە شارەکەدا سەپێنران و لە کۆتایی هەمان مانگیشدا دەوڵەتی ئیسلامی ڕاگەیێنرا.

"نەماندەتوانی لە ژێر دەسەڵاتی داعشدا کار بکەین" عەبدوڵڵا نوجێفی دەڵێت "هەر هەفتەیەک دوای ئەوەی مووسڵمان بەجێهێشت لە هەولێر دەستمان بەپەخش کردەوە".

بارەگای تەلەڤزیۆنەکە تەنیا بەو ئۆتۆمبیلە دەناسرێتەوە کە دەفرێکی سەتەلایتی لەسەرە. ئەگەرنا بارەگاکە هەر لەماڵێکی ئاسایی دەچێت لە یەکێک لە گەڕەکەکانی هەولێردا. لە ژوورەوە کارمەندانی تەلەڤزیۆنەکە نانی نیوەڕۆ دەخۆن و پشیلە سپیەکەشیان لەلاوە وەستاوە و بۆ بەشە خۆراکەکەی دەپاڕێتەوە. هۆڵی میوانی خانووەکە کراوە بە ژووری هەواڵ و یەکێک لە ژوورە نووستنەکانی قاتی سەرەوەش کراوە بە ستۆدیۆ. دوو ستودیۆی تێدایە، یەکێکیان بۆ هەواڵە و ئەوی دیکەش بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن ڕێکخراوە کە بە دوو کورسی سادە دیکۆر کراوە.

پرۆگرامەکانی تەلەڤزیۆنەکە زیاتر هەواڵ و وەرگرتنی تەلەفۆنی ڕاستەوخۆ و فیلمن کە لە ماوەی 24 کاژێردا دووبارە پەخش دەکرێنەوە "سەیرکە ئەمە ئەو شتەیە کە داعش حەزی لێ نییە" بەشار عەبدوڵڵا سەرنووسەری تەلەڤزیۆنەکە وا دەڵێت و ئاماژە بە وێنەی ژنێک دەکات کە لە کەناری مەلەوانگەیەک وەستاوە و جلی مەلەکردنی لەبەردایە "ئێمە لەبەرئەوە ئەمە پەخش دەکەین تا خەڵکی مووسڵ لە جیهانی ڕاستەقینە دانەبڕێن".

دۆخی مووسڵ وا پێویست دەکات کە ئاڵوگۆڕی زانیاری لەگەڵ دانیشتووانی بەڕێوەبچێت. پارێزگار دەیەوێت ئاگای لە دۆخەکە بێت و خەڵکیش لە پلانەکانی خۆی ئاگادار بکاتەوە. لەبەرئەوە بەرنامە ڕاستەوخۆکان گرنگن.

هەرچەندە بەشداربووان ناوی ڕاستەقینەی خۆیان ناهێنن لە کاتی بەشداربووندا، بەڵام بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەرانە لە ڕەخنەگرتن باکیان نییە. ڕەخنە لە کەمیی کارەبا، بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی و ئەوە دەگرن کە دەبێت ئافرەتان دەموچاویان داپۆشن.

هەروەها سەرچاوەی هەواڵن، بۆ نموونە ئەو هەواڵەی کە داعش گۆڕانکاری لە سیستەمی خوێندندا کردووە و ئێستا سیستەمەکە لەسەر دەقەکانی قورئان داڕێژراوەتەوە و ڕوانگەی داعش بۆ ئیسلام دەخاتەڕوو.

"زۆر کەس لە مووسڵ شارەکەی خۆیان بەجێهێشت تا بچنە شارەکانی دیکە بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان." عەبدوڵڵا دەڵێت "لە کەرکووک یان لە هەرێمی کوردستان تاقیکردنەوەکانیان دەکەن. بەڵام بەم دواییە ڕێگەیان لە خوێندکاران گرتووە شارەکەیان بەجێبهێڵن".

ئەو پێیوایە ئەمە سیاسەتی داعشە بۆ ئەوەی هاووڵاتیان وەکو قەڵغانی مرۆیی لە دژی هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا و عێراق بەکاربهێنێت. بەشار عەبدوڵڵا دەڵێت "لەوێ ژیان ئیدی بە ئەستەم ماوە، بووە بە زیندان".

تەلەڤزیۆنەکە دەربارەی ڕووداوەکانی مووسڵ و هەروەها ناوچەکانی دیکەش کە لە ژێر کۆنترۆڵی داعشدان، هەواڵ بڵاودەکاتەوە، لەوانەش تکریت، فەللوجە و زۆر ناوچەی ئەنبار. هەروەها بەرنامە لەسەر ئامادەسازییەکانی هێزێکی پۆلیسی 4000 کەسی لەلایەن ئەسیل نوجێفیەوە بۆ ڕزگارکردنی مووسڵ پەخش دەکات. "ئەم پۆلیسانە ئێستا مەشقیان پێدەکرێت بۆ ئەوەی داعش بشکێنن" کوڕەکەی ئەسیل نوجێفی وا دەڵێت.

ئەو هەروەها دەڵێت کەتایبی بەرگری لە مووسڵ سەرگەرمی کارکردن بۆ پەلاماردانی داعش "پەیوەندی نزیکمان لەگەڵ کەتایبی بەرگری هەیە و هەر شتێک بکەن دەیکەینە ڕاپۆرت" بەشار عەبدوڵڵا دەڵێت "بەمشێوەیەش هیوا دەدەینە خەڵکی کە بەم زووانە ئازاد دەکرێن."

بەپێی وتەکانی عەبدوڵڵا و بەشار، خەڵکی مووسڵ زۆر لە دۆخەکە بێزارن و تەنانەت دەمەقاڵە لەگەڵ ئەندامانی داعشدا دەکەن. ئێستا چەکدارانی داعش زۆر بەکەمی دەچنە سەر شەقامەکان. پێشتر بەسەر شەقامەکاندا هاتوچۆیان دەکرد و هەوڵیان دەدا خەڵکی کۆنترۆڵ بکەن. ئێستا زیاتر لە خانووەکانیاندا دەمێننەوە .زۆریی ژمارەی دەستگیرکردن و کوشتن، دانیشتووانی مووسڵی لە داعش تووڕە کردووە، بە وتەی عەبدوڵڵا نوجێفی. هەفتەی ڕابردوو دوو ئافرەتی چالاکوانی مافی مرۆڤ سزای کوشتنیان بەسەردا جێبەجێ کرا. ئەوەش دوای ئەوە دێت کە سزای کوشتن پێشتر بەسەر پۆلیس و پارێزەر و سیاسەتمەدار و دکتۆر و ڕۆژنامەواندا سەپێنرابوون.

"زۆرجار باس لەوە دەکەین کە چەند کەس لەسەر دەستی داعش کوژراون. نازانین چەندێکە، بەڵام دەبێت بە هەزاران بێت".

---

## 4 ترلیۆن و 171 ملیار و 289 ملیۆن دینار پێشینە دراوە

# هاووڵاتیان ئەمساڵ دەست لەوەرگرتنی پێشینە دەشۆن

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو – هەولێر

بە ئومێدی وەرگرتنی پێشینەی خانووبەرە، گۆران عومەر ساڵێک لەمەوبەر بناغەی خانووەکەی دانا، بۆ ئەوەی زووش پێشینەکە وەربگرێت فۆرمی وەرگرتنی پێشینەی پڕکردەوە، بەڵام لە چانسی گۆران، هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە بودجەکەی بڕدرا. ئێستا خانووەکەی گۆران جگە لە هەیکەلێکی بێ دەرگا و پەنجەرە هیچی دیکە نییە.

گۆران، مامۆستایە و باوکی منداڵێکە، 9 مانگ لەمەوبەر بەهۆی زیادکردنی کرێی ئەو خانووەی تێیدابوو، ناچار ماڵەکەی گواستەوە نێو هەیکەلی خانووەکە.

"کرێی خانووم پێنەدەدرا، بۆیە بە ناچاری هەندێ پارەم قەرزکرد و نایلۆنم بۆ سەر خانووەکە کڕی لەگەڵ دەرگا و پەنجەرەیەک بۆ مەدخەلی خانووەکە و چوومە ناوی".

مامۆستا گۆران 7 ملیۆن دینار لەسەر دروستکردنی هەیکەلی خانووەکەی قەرزدار بووە. ئەو بە ئومێدی وەرگرتنی پێشینەی خانووبەرە بوو، بەڵام ئێستا دەڵێت "ئەمساڵ وەرگرتنی پێشینەی خانووبەرە بووە خەون".

لە بودجەی 2012ی هەرێمی کوردستاندا بڕی 600 ملیار دینار بۆ سەرجەم پێشینەکان تەرخانکرا، پشکی شێریش بەر پێشینەی خانووبەرە کەوت کە بڕی 500 ملیاری بۆ تەرخانکرا. دلێر تاریق، گوتەبێژی وەزارەتی دارایی و ئابووری گوتی تەواوی ئەو بڕە پارەیەی کە لەساڵی ڕابردوو بۆ پێشینەی خانووبەرە تەرخانکرا دابەشیان کرد، بەڵام بەهۆی پەسەندنەکردنی بودجە ئەمساڵ لەسەرەتای ساڵەوە دابەشکردنی پێشینەکانیان ڕاگرتووە "چونکە بەپێی یاسا ناکرێت پێشینە پێش پەسەندکردنی بودجە دابەشبکرێت".

بەپێی ئاماری وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان، لەسەرەتای دابەشکردنی پێشینەکانەوە تاوەکو 2013/12/31 حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پێشینەی خانووبەرە 3 ترلیۆن و 390 ملیار و 465 ملیۆن دینار، بۆ کشتوکاڵ 193 ملیار و 818 ملیۆن دینار، بۆ پیشەسازی 43 ملیار و 633 ملیۆن دینار، بۆ پرۆژەکانی نیشتەجێبوون 537 ملیار و 373 ملیۆن دیناری داوە.

### کۆی گشتی ئەو پێشینانەش دەکاتە 4 ترلیۆن و 171 ملیار و 289 ملیۆن دینار.

دلێر تاریق دەڵێت "پێدانی ئەو پێشینانە جموجۆڵێکی زۆری خستە بازاڕ و کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر ئاوەدانکردنەوە و دابینکردنی هەلی کار لەگشت بوارەکاندا ، بۆیە دوای پەسەندکردنی بودجە لەسەر دابەشکردنی پێشینەکان بەردەوام دەبین".

ناوبراو گوتیشی "بەهەزاران هاووڵاتی لەچاوەڕوانی دابەشکردنی پێشینەدان، ئەمەش گوشارێکی زۆری لەسەر بانکەکانی خانووبەرە دروستکردبوو، بۆیە بەفەرمانی وەزیر لە 2013/8/2 فەرمانمان بەگشت بانکەکانی خانووبەرە کرد، پشکنینی دووەم بۆ مامەڵەی ئەو هاووڵاتیانە بکەن کە پشکی یەکەمی پێشینەیان وەرگرتووە، بەهەمانشێوەش پشکنینی یەکەم بۆ مامەڵەی ئەو هاووڵاتیانە بکەن کە هیچ پشکێکیان وەرنەگرتووە، بۆ ئەوەی بەزووترین کات دوای پەسەندکردنی بودجە پێشینەکان دەستپێبکەینەوە".

### قەرزەکان لەکاتی خۆی نادەنەوە

بەپێی ئەو ئامارەی لەبانکی خانووبەرەی هەولێر دراوەتە (ڕووداو)، زیاتر لە 4 هەزار هاووڵاتی لە شاری هەولێر چاوەڕێی وەرگرتنی پێشینە دەکەن، بەشێکیان پشکی یەکەمیان وەرگرتووەو دووەمیان ماوە، بەشێکیشیان هیچ پێشینەیەکیان وەرنەگرتووە.

سەباحەت حەمە تاهیر، بەڕێوەبەری بانکی خانووبەرەی هەولێر دەڵێت "پشکنینمان بۆ بەشێکی زۆری مامەڵەی ئەو 4 هەزار هاووڵاتییە کردووە، ئامادەین هەر کاتێک پەرلەمان بودجەی پەسەند کرد و وەزارەت ڕێنمایی پێدانی پێشینەی دەرکرد، پێشینەیان بدەینێ".

سەباحەت حەمە تاهیر ئاماژەی بەوەدا کە بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی تووشی هەرێمی کوردستان بووە، خەڵک وەک پێویست پابەندی کاتی دانەوەی قەرزەکان نین، گوتیشی "ئەو هاووڵاتیانەی کە مووچەخۆرن کێشەمان لەگەڵیان نییە، چونکە مانگانە لە مووچەکانیان قەرزەکان دەبڕین، ئەو هاووڵاتیانەشی کەفیلیان هەیە بەهۆی ڕاگرتنی مووچەی کەفیلەکانیان ناچاریان دەکەین قەرزەکە بگەڕێننەوە، بەڵام کێشەی سەرەکیمان لەگەڵ ئەو هاووڵاتیانەیە کە خانووەکانیان لەرەهن داناوە، نە بە تەلەفۆن نە بەنامەی ئاگادارکردنەوە پارەکە ناگەڕێننەوە، بگرە هەندێجاریش قسەی ناشرین بە فەرمانبەرانیش دەڵێن، چونکە لەم بارودۆخەدا ترسیان لە فرۆشتنەوەی خانووەکانیان نییە".

### ڕاگرتنی پێشینە کارێکی هەڵەیە

پسپۆڕانی ئابووری دەڵێن دواخستنی پێشینەی خانووبەرە کاریگەری تەنیا لەسەر دواکەوتنی دروستکردنی خانووی ئەو هاووڵاتیانە نەبووە کە بە تەمای پێشینەن، بەڵکو سستییەکی زۆریشی خستووەتە بازاڕی خانووبەرە و کاری بەڵێندەران و کارگەکانی کەرەستەی بیناسازی.

ئیدریس ڕەمەزان، پسپۆڕی ئابووری و مامۆستای زانکۆ دەڵێت ڕاگرتنی پێشینەکان بەگشتی و پێشینەی خانووبەرە بەتایبەت لەلایەن حکومەتەوە کارێکی هەڵە بوو، دەبووایە بەهەر شێوەیەک بێت حکومەت بڕە پارەیەکی بۆ پێشینەکان دابین بکردایە، گوتیشی "ڕاگرتنی ئەم جۆرە پێشینانە دەبێتە هۆی بێ متمانەیی خەڵک بەکار و پرۆژەکانی حکومەت".

بەبڕوای ئەو پسپۆڕە ئابوورییە، ئەو هۆکارەی وایکردووە قەیرانی دارایی هەرێم زۆر ئاڵۆزتربێت لەوەی کە چاوەڕوان دەکرا، نەبوونی ستراتیژیەکی ڕوونە بۆ پرۆژەکان بە تایبەتی نیشتەجێبوون "ئەگەر حکومەت ستراتیژێکی ڕوونی هەبووایە، دەکرا لە پارەی ئەو قیستانەی مانگانە هاووڵاتیان دەیگەڕێننەوە خەزێنەکان، ئەگەر ژمارەیەکی کەمیش بووایە مامەڵەی هەندێ هاووڵاتی پێ جێبەجێبکرایە".

بەبڕوای د.عیزەت سابیر، سەرۆکی لێژنەی دارایی و کاروباری ئابووری لەپەرلەمانی کوردستان، زەحمەتە ئەمساڵ هیچ پێشینەیەک بدرێتە هاووڵاتیان، بەڵام دەڵێت بۆ ساڵی داهاتوو پرۆژە یاسایەکیان ئامادەکردووە، لە پرۆژە یاساکەدا پێشنیازیان کردووە پێشینەکان لەلایەن بانکێکی کەرتی تایبەتەوە بدرێن و حکومەت تەنیا سوودەکەی بدات "ئەوکات ئەگەر بودجەش دوابکەوێت و حکومەتیش تووشی قەیران بێت پێشینەکان ناوەستن".

---

محەممەد عەلی میران *

# گرنگیی دەزگای پاراستنی بەکاربەر لە هەرێمی کوردستاندا

چەمکی مافەکانی بەکاربەر و پاراستنی بەکاربەر لە بەکارهێنانی ئەو خۆراکە بەسەرچووانە و هەر کەلوپەلێکی کوالیتی نزم، یەکێکە لە بنەماکانی پاراستنی مافی مرۆڤ و گرنگترین سیمای ناوازەی سیستەمی پێشکەوتووی مرۆیی وڵاتان لەم سەردەمەدا، بۆیە دامەزراوەی پاراستنی بەکاربەر، لە سیستەمی یاسای وڵاتاندا، لەسەر هەردوو ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی، لەهەموو مامەڵەیەکی بازرگانی نا تەندروستدا بە بایەخەوە سەیر دەکرێ.

وڵاتانی پێشکەوتوو لەسەر ئاستی نیشتمانی و جیهانیدا بەمەبەستی پێکهێنانی چوارچێوەیەکی یاسایی توندوتۆڵ بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیی نایاسایی، پێداچوونەوەیەکی تەواویان بۆ دامەزراوەی چاودێریی بازرگانی کردووە.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی چەندین ڕێکەوتننامە مۆر کراون بۆ پەرەپێدانی هەر دامەزراوەیەک کە پارێزگاری لە مافەکانی هاووڵاتیان دەکات و پاراستنیان لە خراپ بەکارهێنانی هەر کەلوپەلێکی کوالیتی نزم و نا تەندروست.

لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە دوای ئازادکردنی عێراق گەشەکردنێکی خێرا لە بواری ئابووری و بازرگانی هاتە کایەوە. هەرێمی کوردستانیش وەکو بازاڕێکی پڕ بایەخ لەم نێوەندەدا ژمارەیەکە و حیسابی بۆ دەکرێ و لە هەرێمی کوردستان زۆر لە کاڵاو پێداویستیە بیانییەکان لە خۆراک و دەرمان و کاڵا سەرەکییەکانی هاووڵاتیان ئاڵوگۆڕ دەکرێن. جا نەبوونی دامەزراوەیەکی بەهێز لەبواری پێوانەسازی و چاودێریی تایبەت لەسەر کاڵای هاوردەکراو دەبێتە هۆی دروستبوونی کەشێکی ناتەندروست لە مامەڵەی بازرگانیدا.

هەروەها دەرچوونی یاسای مافەکانی بەکاربەری فیدراڵی ژمارە (1)ی ساڵی (2010) کە لە کوردستانیش جێبەجێ دەکرێت، هەنگاوێکی گرنگە لە هانگاوەکانی بەرەنگاربوونەوەی تەواوی ئەو مامەڵە بازرگانیانەی کە لەڕووی ماددی و مەعنەوییەوە زیان بە بەکاربەر دەگەیەنن.

یەکێک لە هۆکارەکانی دەرچوونی یاساکە ئەوەیە کە دەڵێت "مەبەست لە پاراستنی بەکاربەر سەپاندنی بنەمای دادو یەکسانییە لە نێوان بازرگان و بەکاربەردا، هەروەها پاراستنی تەندروستی هاووڵاتیان لە هەر مامەڵەیەکی فێڵکردنی پیشەسازی و یاریکردن بەو زانیاریانەی کە باس لە چۆنیەتی قوتوبەندکردنی و جۆری تایبەتمەندی خۆراکەکان دەکرێ".

بەڕای ئابووریناسان و یاساناسان، عێراق سەرکەوتوو بووە لە دەرکردنی ئەم یاسایەی کە لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، وەکو بەشێک لە پەیڕەوکردنی بنەماکانی مافی بەکاربەر دانراوە، ئەوەی جێی هەڵوەستەکردنە، هەرێمی کوردستان پێویستی بە یاسایەکی تایبەت بەخۆی هەیە، چونکە یاسای فیدراڵی نەیتوانیوە بەشێوەیەکی گشتگیر ئەو ماددانە لەخۆبگرێت کە پێکدێن لە دامەزراندنی دادگایەکی تایبەت بە بەرزکردنەوەی داوای بەکاربەر و بەدواداچوون بۆ داواکەی، جگە لەمەش یاساکە پشتگیری دروستبوونی کۆمەڵەکانی تایبەت بە پاراستنی بەکاربەری نەکردووە، تا ببنە پردێک بۆ گەیاندنی داواکاری و سکاڵاکانیان بۆ لایەنی پەیوەندیدار.

لەگەڵ دەرچوونی ئەو یاسایە، پێویستە دامەزراوەیەکی بەهێزیش هەبێت بڕیارەکانی جێبەجێ بکات، هەرچەندە دروستبوونی دەستەیەک باسی لێوە کرا بوو، بەڵام سستی لە جێبەجێکردنی کراوە و نەتوانرەوە تاوەکو ئێستا خۆی ڕابگەیێنێت.

بۆ دروستبوونی دامەزراوەیەک بۆ پاراستنی مافەکانی بەکاربەر پێویستە:

یەکەم: لە ئەرکی ئەو دەستەیەیە ئەو لێژنانە لەخۆبگرێت، وەک "لێژنەی تایبەتمەندییەکان و نرخەکان، لێژنەی شێوازی بەبازاڕکردن، لێژنەی دەزگای پاراستنی بەکاربەر و لێژنەی دراسە و لێکۆڵینەوەی گشتی.

دووەم: تایبەتمەندیەکانی سەرکەوتنی دامەزراوەیەکی لەم چەشنە:

سەرکەوتنی دامەزراوەی پاراستنی بەکاربەر پێویستی بەفەراهەمبوونی کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە کە گرنگترینیان:

1- بوونی هۆشیاری و ئیرادەیەکی ڕاستەقینە لەلای بازرگان و وەبەرهێنەرانی ناوخۆ باوەڕبوونیان بە بوونی پاراستنی مافەکانی بەکاربەر و بەرەنگاربوونەوەیان لە بوونی هەر مامەڵەیەکی بازرگانی نادروست کە زیان بە بەرژەوەندییەکانی بەکاربەر بگەیەنێ.

2- بوونی دەسەڵاتی ڕەها لە لێکۆڵینەوە لەگەڵا هەر بازرگانێک و وەبەرهێنەرێک لەوڵاتدا لەهەر ئاستێک بێت، کە مامەڵە بازرگانییەکەی بەشێوەیەکی نایاسایی زیان بە بەکاربەر بگەیەنێت.

3- دەستنیشانکردنی کەسانی سەربەخۆ و پاک.

4- فەراهەمکردنی توانا مرۆییەکان و پێویستییە داراییەکان کە لەگەڵ ئەرک و بەرپرسیاریەتییەکان گونجاو بن.

لەکۆتاییدا دەڵێین، دروستبوونی دامەزراوەی پاراستنی بەکاربەر لەسەردەمی ئێستادا زەرورەتێکی یاساییە، تەنیا پاراستنی تاکی بەکاربەر نییە و لەبەرامبەریشدا دژایەتی کار و پیشەی بازرگانان و وەبەرهێنەران ناکات، بەڵکو کاری سەرەکی ڕێنمایی و یارمەتیدانی تاکەکانی کۆمەڵگەیە بە (کڕیار و فرۆشیارەوە)، لەگەڵ فەراهەمکردنی کەشێکی دادوەرانەیە لەنێوان هەردوولا، بەبێ فەرامۆشکردنی لایەنێک لە لایەنەکان. هەروەها پابەندبوونە بە بنەماکانی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاراستنی مافەکانی بەکاربەر لەدروستبوونی هەر کەشێکی بازرگانی نایاسایی.

* ماستەر لە پاراستنی بەکاربەر

رووداو هەمەجۆر
ژمارە (332)   دووشەممە   2014/11/3

## کاوە کاوانی لە تورکیا کۆی دەکاتەوە



**رووداو- هەولێر**

هونەرمەند کاوە کاوانی ئێستا جگە لە کاری هونەری، لە تورکیا کۆمەکیش بۆ ئاوارەکانی کۆبانێ و شنگال کۆدەکاتەوە.

کاوانی بە (رووداو)ی گوت "ئێستا خەریکی کارێکی هونەریم بۆ کوردستان و جگە لەوەش خەریکی کۆمەک کۆکردنەوەم لە تورکیا بۆ ئاوارەکانی شنگال و کۆبانێ". کاوانی دەشڵێ "راستە لەوانەیە تۆزک قورس بێت کۆمەک کۆکردنەوە لە تورکیا، بەڵام من و چەند هاورێیەکم لە ئیستەنبوڵ خەریکی ئەم کارە خێرخوازیەین بۆ ئەوەی ئێمەی هونەرمەندیش بەشێک بین لەوانەی کە دەیانەوێت خزمەتی ئاوارەکانی شەنگال و کۆبانێ بکەن".

## لەبەر دایکی کۆنسێرت ناکات



**رێکەوت سەلام**
**رووداو- هەولێر**

هونەرمەند پەیوەند جاف بۆ سەری ساڵی نوێی زاینی بەشداری هیچ کۆنسێرتێک ناکات، ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێنێتەوە.

پەیوەند لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "هەموو ساڵێک لە شەوی سەری ساڵ کۆنسێرت لە کوردستان یان لە دەرەوەی کوردستان سازدەکەم، بەڵام ئەمساڵ لەبەر دوو هۆکاری گرنگ، بەشداری لە هیچ بۆنەیەک ناکەم، بە داخەوە ئەمساڵ دوو کەسی زۆر ئەزیزم لە دەستداوە، یەکەمیان دایکم و دووەمیان شاعیری گەورە شێرکۆ بێکەس، بۆیە زۆر داوای کۆنسێرتم رەتکردووەتەوە و ئەمساڵ هیچ کۆنسێرت و ئاهەنگێک ناکەم".

## دوای پێشکەشکاری دەبێتە ئەکتەر



**رووداو- هەولێر**

کچە پێشکەشکاری تەلەفزیۆنی هودا خەلیل لە نوێترین دەرکەوتنیدا ئەمجارە دەبێتە ئەکتەر و دەشڵێ ئاواتەکەم خەریکە دێتەدی.

هودا خەلیل بە (رووداو)ی گوت "لەلایەن دەرهێنەر جانۆ رۆژبەیانی داوام لێکراوە رۆڵ بگێرم لە درامایەکی تەلەفزیۆنی و منیش بە دڵخۆشییەوە قبوڵم کرد، ئەوە دەبێتە یەکەم کاری نواندنی من لە بواری دراما و کارکردنیش لەگەڵ جانۆ رۆژبەیانی لەزەتێکی تایبەتی هەیە، چونکە ئەو خاوەن چەندین بەرهەمی سینەمایی جیهانییە".

هودا باس لە رۆڵی خۆی دەکات و دەڵێ "من لەم درامایەدا وەک پەیامنێرێکی ژن دەردەکەوم".

## عارەبیش بووە پێشمەرگە





**رێکەوت سەلام**
**رووداو- هەولێر**

هونەرمەندان عارەب عوسمان و دلێر گەرمیانی خەریکی بەرهەمێکی نوێن کە سروودێکە بۆ پێشمەرگە.

دلێر گەرمیانی بە (رووداو)ی گوت "لە چەند رۆژی رابردوودا من و حەیرانبێژ عارەب عوسمان بەیەکەوە کارێکمان بۆ پشتگیریی پێشمەرگە تۆمار کردووە، سروودەکەش بەناوی پێشمەرگەیە".

ئەو سروودە لە ئاواز و دابەشکردنی هونەرمەندی موزیکژەن نەجمەدین بابەکرە و کاری تۆمارکردنیش هۆگر سەعیدە، هەروەها لە لایەن کارزان کەریم کلیپی بۆ کراوە و لە چەند رۆژی داهاتوودا بڵاودەبێتەوە.

دلێر گەرمیانی ئامادەیی خۆی دەردەبرێت بۆ ئەوەی بچێتە بەرەکانی جەنگ. گوتیشی "ئەم بەرهەمەشمان بۆ خۆدەرخستن نییە، تەنیا بۆ خزمەتکردنی خاک و نیشتیمانی خۆمانە".

## منداڵێکی کۆبانێ سوێدیەکان دەگریێنێ



**میوا سەڵاح**
**رووداو- هەولێر**

هەفتەی رابردوو ستافێکی سوێدی کە سەرقاڵی دروستکردنی فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری بوون لەسەر کچە چالاکڤانی کورد تافان ئاکۆ، بەهۆی منداڵێکەوە کەوتنە هەڵوێستێکی سەرسوڕهێنەرەوە.

منداڵێکی ئاوارەی کۆبانێ کە هەموو خێزانەکەی لە دەستداوە، خۆی دەکات بە باوەشی تافان و ستافی فیلمەکەدا و تاکۆتایی فیلمەکە لێیان دوورناکەوێتەوە.

تافان لەبارەی ئەو بەسەرهاتە بە (رووداو)ی گوت "دیمەنی ئەم منداڵە وایکرد تەواوی ستافە سوێدیەکە دەست بکەنە گریان، ئەو منداڵە هەموو خێزانەکەی لەدەستدابوو، هات خۆی کرد بەباوەشی مندا و توند منی لە باوەش گرت، نازانم بۆنی دایکی لە من دەکرد یاخود شێوەی، رەنگە ئەم منداڵە دوایین چیرۆکی ویژدان هەژێن نەبێت کە بەسەر کورددا هاتووە".

تۆماس جۆهانسۆن پرۆدیوسەری فیلمەکە گوتی "ئەو دیمەنە هەمووەمانی گریاند، کە دەیان فیلم و چیرۆک ناتوانێت گوزارشت لەو ساتە و هەستی ئەو منداڵە بکات، چونکە منداڵەکە زۆر بچووک بوو"



## بلاک بێری دڵی کارداشیانە

**رووداو- ئاژانسەکان**

ئەستێرەی بەناوبانگ کیم کارداشیان رایدەگەینێ کە ئەو زۆر حەزی لە بەکارهێنانی ئایفۆن نییە، بەڵکو حەزی لە بلاکبێرییە.

کارداشیان گوتی "خەڵک پێیان سەیرە من تاوەکو ئێستا بلاکبێری بەکاردەهێنم، نازانن بلاکبێری دڵ وگیانی منەو هەرگیز دەستبەرداری نابم".

هەرچەندە کارداشیان ئێستا ئایفۆنی هەیە، بەڵام تەنیا بۆ وێنەگرتن بەکاری دەهێنێ و بۆ کارەکانی دیکە تەنیا بلاکبێری بەکاردەهێنێ.

کارداشیان ئاشکرای کرد کە زۆر حەزی لە بەکارهێنانی ئینستگرامە و بەردەوام لە پەیوەندیدایە لەگەڵ هەوادارانی، خۆشی پەیجەکانی بەڕێوەدەبات.



## لە گرتەکانی ژنەکەی رازییە

**رووداو- ئاژانسەکان**

ئەستێرەی هۆلیوود نیکۆل کیدمان لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند کە هاوسەرەکەی رازییە رۆڵ لە فیلم و گرتەی سێکسی و رووژێنەردا ببینێ.

نیکۆل کیدمان گوتی کەیس ئۆریانی هاوسەری کە موزیکژەنێکی بەناوبانگە، هیچ غیرەی لێناکات کاتێک سەیری ئەو دیمەنە سێکسیانەی لە فیلمەکانی هۆلیوود دەکات، چونکە ئەو پێیوایە ئەمە لە چوارچێوەی کاری هونەریدایە.

نیکۆل کیدمان راشیگەیاند کە ئەو زۆر بەختەوەرە لەگەڵ هاوسەرەکەی، هەروەها زۆر هەست بە خۆشەویستی دەکات.

نیکۆل کیدمان ئاماژەی بەوەشکرد کە هاوسەرەکەی هیچ رێگر نەبووە لەوەی لە فیلمەکاندا بە رووتی دەرکەوێت، بەتایبەتی لە فیلمی Before I Go to Sleep کە لەگەڵ ئەکتەری بەریتانی کۆلین فێرس بە رووتی دەرکەوتن.

## بەختی رووداو

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی   ayarfalak@hotmail.com



**کاوڕ**
ئەم مانگە بەشێوەیەکی گشتی باشە، هەوڵ بدە بەهێمنی رووبەڕووی کێشەکان ببیتەوە. پشت بە بەخت مەبەستە، بەڵام بیرکردنەوە و پلانەکانت دەتوانن ئەنجامی باش بەدەست بهێنن. کاتێکی گونجاوە بۆ چارەسەری گرفتە سۆزدارییەکان و دروستکردنی پەیوەندی نوێ.

**گا**
ئەم مانگە پێچەوانەی مانگی رابردوو دەبێت کە هەموو شتەکان بێزاریان دەکریت، بەڵام بەدرێژایی ئەم مانگە رووبەڕووی شتی دڵخۆشکەر دەبیتەوە. کاتە ناخۆشەکەی ژیانت بەرەو کۆتایی دەچێت و ماوەی خۆشی و بەختەوەری دەستپێدەکات.

**جمک**
بەدرێژایی ئەم مانگە فرسەتی کارکردنی باشت بۆ دەستەبەر دەبێت و دەتوانی هەوڵەکانت زیاتر بکەیت. ئەگەر دەتەوێ کێشەیەکی تەندروستی چارەسەر بکەیت ئەوا دوای مەخە. خۆت لە دوودڵی دووربخەرەوە، هەندێک لە گرفتەکانت تەنیا بە گەشبینی چارەسەر دەبن.

**قرژاڵ**
ئەم مانگە بەختێکی باشت بۆ دێنێتە پێشەوە، ئەو جۆرە شتانە روودەدەن کە ئاسوودەت دەکەن. بواری سۆزداری بەرەوپێش دەچێت. بەشێوەیەکی جددی هەوڵەکانت بەگەڕ بخە. حەز و ئارەزووەکانت هێور بکەرەوە، ئەوەی تۆ بەدەستت هێناوە خەڵکان ئاواتی بۆ دەخوازن.

**شێر**
سەردانی ئەو جێگایانە مەکە کە دڵت تەنگ دەکەن. ئەمڕۆ دەسکەوت و دەرامەتێکی باشت دەستدەکەوێت. سەرکەوتن پێویستی بەماندووبوونی بەردەوام هەیە، لەئێستاوە هەوڵی بۆ بدە. دەرگایەکی نوێی بەختەوەریت بۆ دەکرێتەوە و رۆژە خۆشەکان دەستپێدەکەنەوە.

**گوڵەگەنم**
کاتێکی زێڕینە بۆئەوەی کارەکانت بەهێمنی و دڵنیایی ئەنجام بدەیت، زۆر بەئاسانی لایەنی یارمەتیدەرت بۆ دروست دەبێت. باری داراییت باش دەبێت. خۆت بەگەورەتر بەراورد بکە لەگەڵ گرفتەکان، هەرچۆنێک بێت لە کۆتاییدا سەرکەوتن تۆمار دەکەی.

**تەرازوو**
لەم مانگەدا تەرکیز بخەرە سەر دەسکەوت و دەرامەت، پارە ئاسانتر دێتە دەستت. هەرچەند زیاتر جەستەت ماندوو ببێت ئەوەندە زیاتر دەروونت دەحەوێتەوە. ئەو زەحمەتیەی لە پەیداکردنی دەسکەوت و دەرامەتدا هەبوو بەرەو نەمان دەچێت، دەتوانی کاری دارایی زیاتر بکەیت.

**دووپشک**
لەم مانگەدا تیشکی هەتاو لەبورجەکەتدایە، هێز و توانا و چالاکیت بۆ دەگەڕێتەوە و خۆشحاڵ دەبیت. دەتوانی دەست بە کارە نوێیەکانت بکەیت. دڵتەنگی و ناخۆشیەکانت کۆتاییان پێدێت، دەتوانی هەنگاوێکی گەورە بنێیت.

**کەوان**
رەنگە لەم مانگەدا خێرا هەست بە ماندووبوون بکەیت، یان پێویست دەبێت چاوەڕوانییەکی زیاتری ئەنجامی کارەکانت بکەیت بەڵام هێشتا هەنگاوەکان بەپێی خواستی تۆ بەڕێوە ناچن. پارێزگارییەکی زیاتر لە کەسایەتی و دەسکەوتە داراییەکانت بکە.

**کارژۆڵە**
ئاواتەکانت زۆرن، بەڵام لەم مانگەدا هەوڵی بەدیهێنانی یەکێک لەو ئاواتانە بدە. هەرچەندە زیاتر دڵسۆزی خۆت لەئیشەکەتدا بسەلمێنی ئەوەندە لەدڵنیایی نزیک دەبیتەوە، سەرنج و خۆشەویستی ئەو کەسانە بۆ خۆت رادەکێشیت کە کارێک پێکەوە ئەنجام دەدەن.

**سەتڵ**
پلەو پایەت بەرز دەبێتەوە، گرنگی زیاتر بە کەسایەتیت بدە، خەڵک بەچاوێکی گەورەتر لەجاران دەتبینن. هەست بەخۆشحاڵییەکی زیاتر دەکەیت وەک لەماوەکانی دیکە. توانات دەبێت بۆ بەرەوپێشبردنی هەنگاوەکانت. چالاکییەکانت دوو بەرامبەر زیاد دەکات.

**نەهەنگ**
لەم مانگەدا ئاسوودەیی زۆرتر دەبینیتەوە، بەخت هاوکاریت دەکات، بۆ ئەنجامدانی پەیوەندی نوێ باشە بەتایبەت لەگەڵ ئەو کەسانەی لە شوێنێکی دوورن. ئەوانەی دەخوازن دەست بەکارێکی نوێ بکەن یان خوێندنێکی نوێ، سەرکەوتوو دەبن.

# "موجاهیدان"ی تونسی لە سووریا

## سەفەرێکی ئاسان لەسایەی ڤیزای تورکیا و بە بەرچاوی نەهزەوە*



**حازم ئەمین**

کاتێک ئەمین ئەلسوسی، ئەفسەری خانەنشینی سوپای تونس کە محەممەدی کوڕی بۆ "جیهاد" ڕووی کردووەتە سووریا، هاوڕێ لەگەڵ خێزانێکی دیکە کە ئەوانیش کوڕەکەیان بەهەمان شێوە بۆ ئەوێ ڕۆیشتووە، سەردانی نووسینگەی ڕاشد غەنوشی، سەرکردەی بزووتنەوەی نەهزەی ئیسلامییان کرد، غەنوشی پێیگوتن: "کوڕەکانتان لە سووریا بمرن باشترە لەوەی لێرە بمرن، لەوێ دەبنە شەهید و لە ڕۆژی قیامەت شەفاعەتتان بۆ دەکەن.. ئەوان بچن لەدژی بەشار شەڕبکەن باشترە لەوەی لێرە دابنیشن".

ئەلسوسی دەڵێت ئەوەی غەنوشی بەو دوو خێزانەی گوتووە کە بۆ داواکردنی یارمەتی سەردانیان کردبوو، ڕۆشنایی دەخاتە سەر بەرپرسیارێتی بزووتنەوەی نەهزەی ئیسلامی لە گەورەبوونی دیاردەی کۆچی گەنجانی تونسی بۆ "جیهاد" لە سووریا بەهۆی ئەو پێگەیەی لە حکومەتی پێشوودا هەیبوو. هەرچەندە نەهزە بەشداری لەو دیاردەیەدا نەکردووە و بنکە جەماوەرییەکەی بەدوور گرتووە لە "کۆچکردن بۆ جیهاد"، بەڵام زنجیرەیەکی ئیخوانیی یەکتر تەواوکەر لەنێوان تونس، لیبیا و تورکیا پەرەی بەم دیاردەیە داوە. باڵەکانی ئیخوان موسلیمینیش لەم سێ دەوڵەتەدا درێژ و بەکارن.

ئەگەر تورکیا ئەڵقەی نێوەندی بووبێت لەنێوان ڕەوانەکردنی "موجاهیدان" لە تونسەوە و پێشوازیکردنیان لە سووریا، ئەوا ئەوەی ئەم دوو سەرەی گرێداوە ئەرکەکانی بەجۆرێک بەشکردووە کە پرۆسەکە زۆر ڕوون و دیاربێت لەسەر هەرسێ ئاستی تونسی و تورکی و سووری.

ئەمین ئەلسوسی هەموو چیرۆکی کوڕەکەی دەزانێ. ئەو دەڵێت ئەو شێخە تونسیەی لەڕێی ئینتەرنێتەوە کوڕەکەی بۆ جیهاد ڕاکێشاوە ناوی بیلال ئەلشەواشە، ئەویش پاش ماوەیەک خۆی گەیاندە سووریا و هێشتا لەوێیە و پەیوەندی بەو خێزانە تونسیانەوە دەکات کە کوڕەکانیان لە سووریا دەکوژرێن.

ئەمین دەڵێت محەممەدی کوڕی کە لە لازقیەی سووریا کوژرا، دوو ڕۆژ پێش ئەوەی سەفەر بکات، هەوڵی دەرچوونی دابوو بەرەو تورکیا، بەڵام دەسەڵاتدارانی فڕۆکەخانە نەیانهێشتبوو سەفەر بکات. ئەوە لەمانگی شوباتی 2013 بووە. ئەوکات دەسەڵاتداران نەیاندەهێشت گەنجانی خوار تەمەن 25 ساڵ بەبێ ڕەزامەندی خێزانەکانیان سەفەری تورکیا بکەن. محەممەد گەڕابووەوە ئەو مزگەوتەی بەردەوام سەردانی دەکرد، مزگەوتی ڕەئس ئەلتابیە لە تونسی پایتەخت. لەو مزگەوتەوە هەندێ پەیوەندی کرابوو، دوای ئەوە هەوڵی سەفەرکردنی بۆ تورکیا دووبارە کردەوەو ئەمجارە توانی دەربچێ.

محەممەد گەیشتە ئیستەنبوڵ و لە فڕۆکەخانە ئەو کەسانە چاوەڕێیان دەکرد کە بەرپرس بوون لە گواستنەوەی بۆ ئەنتاکیا. چەند ڕۆژێکی کەم لەوێ مایەوەو پاشان گەیێندرایە ئیدلب و لەوێشەوە بۆ لازقیە. باوکی محەممەد کارمەندی دامەزراوەی سەربازیی تونسە و دایکیشی ئەفسەر بووە لەو سوپایەدا، بۆیە دەستیان گەیشتووەتە هەندێ زانیاری گرنگ و سەرنجڕاکێش لەبارەی کوڕەکەیان. لەوێ سەرەتا ئەرکی بانگخوازی و کارگێری پێ سپێردراوە بەوپێیەی خاوەنی بڕوانامەی ماستەر بووە لەکاروباری دارایی، بەڵام باوکی لە توانای بانگخوازییەکەی بەگومانە، لەبەرئەوەی تەنیا چەند مانگێکی کەم بوو هاتوچۆی ئەو مزگەوتەی گەڕەکەکەی دەکرد پێش ئەوەی ڕوو بکاتە سووریا.

❊❊❊❊❊

ئەمین ئەلسوسی دەڵێت کوڕەکەی لە شەڕێکدا لە دەوروبەری لازقیە لەپشتەوە پێکراوەو بۆ تیمارکردنی گوازراوەتەوە بۆ تورکیا، بەڵام لەوێ مردووەو تەرمەکەی براوەتەوە بۆ سووریا و لەوێ شاردراوەتەوە. ئێستا ئەو شوێنی گۆڕی کوڕەکەی دەزانێ و چاوەڕێی هەلێکە بتوانێ سەردانی بکات ئەگەر بارودۆخ ڕێگر نەبێ.

ماڵباتی ئەو گەنجانەی بۆ سووریا کۆچیان کردووە، بەڵگەی زۆریان کۆکردووەتەوە لەسەر ڕۆڵی دەسەڵاتداران لەسایەی هەردوو حکومەتەکەی نەهزە، لەو ئاسانکارییەی بۆ دەرچوونی کوڕەکانیان کراوە. ئەوان دەڵێن نەهزە بەم کارەی کۆمەڵێک ئامانجی خۆی پێکاوە، یەکەمیان ئەوەیە کە ئەم گەنجانە سەر بە بزووتنەوەی نەهزەی تونسی نەبوون و پەروەردەی ژینگەیەکی جیاوازی ڕابوونی ئیسلامی بوون، لەکۆڵکردنەوەی ئەمانە بۆ ئەو، لە کۆڵکردنەوەی ڕکابەرێک بووە کە بۆ نەهزە مایەی دڵەڕاوکێیە. دووەمیش بەم ئاسانکارییە بۆ دەرچوونیان لەڕێی تورکیاوە بۆ سووریا ئەرکێکی ئیخوانیی ئیقلیمی جێبەجێ دەکات. ئەم ئەرکە لە ئەڵقە تورکییەکەیدا بەتەواوی ڕوون دەبێتەوە، دیارە پەڕینەوەی ئاسانی ئەم گەنجانە بەناو تورکیادا بۆ سووریا بەبێ چاوپۆشی دەسەڵاتدارانی تورکیا سەری نەدەگرت.

محەممەد ئیقبال، سەرۆکی کۆمەڵەی تونسیە گیرخواردووەکان لە هەندەران کە خەریکی بەدۆکیومێنتکردنی حاڵەتەکانی کۆچکردنە بۆ شەڕ لە سووریا و ئەندامانی ژمارەیەک لەو خێزانانە تێیدا چالاکن کە کوڕەکانیان چوونەتە سووریا، دەڵێت چەند جارێک داوای لە وەزارەتی دەرەوەی تونس کردووە ناوی ئەو گەنجە تونسیانەیان بدەنێ کە چوون بۆ تورکیا و شەش مانگ بەسەر چوونیاندا تێپەڕیوە و نەگەڕاونەتەوە. ئەوان دەیانەوێ بەوشێوەیە ژمارەی "موجاهیدانی تونسی" بزانن و زانیارییەکیان هەبێ سەبارەت بە قەبارەی دیاردەکە، چونکە تونسیەکان بەبێ ڤیزا دەتوانن بچنە تورکیا و مانەوەیان لەوێ هەتاوەکو شەش مانگ بە یاسایی دادەنرێ. بەڵام ئیقبال دەڵێ دەسەڵاتدارانی تورکیا داواکەیان ڕەتکردەوە، چونکە ئەوە ژمارەی ئەوتۆ کەشف دەکات کە لەوانەیە زۆر زیاتربێت لەو مەزەندانەی بۆ قەبارەی دیاردەکە دەکرێن. ئیقبال دەڵێ گەنجانی تونسی لە سێ ڕێگاوە دەچنە تورکیا، وێستگەی کۆتایی هەرسێ ڕێگاکەش هەر تورکیایە. یان لە تونسەوە ڕاستەوخۆ دەچنە ئیستەنبوڵ، یان بەڕێگەی نایاسایی دەچنە لیبیا و لەوێ دەخرێنە بەر مەشقی سەربازی و پاشان بەفڕۆکە دەنێردرێن بۆ ئیستەنبوڵ. ڕێگەی سێیەمیش کە نوێترینیانە، ڕێگەی مەغریبە و پاشان لەوێوە دەنێردرێن بۆ تورکیا. لەوەتای دەسەڵاتدارانی تونسی دەروازە فەرمییەکانی خۆیان توندتر کردووە، باندە قاچاخچییە نائایدیۆلۆژییەکان ئەرکی گواستنەوەی ئەم گەنجانەیان لە ڕێگای وشکانییەوە گرتووەتە ئەستۆ.

چالاکوانە تونسیەکان دەڵێن لەم زنجیرە تراژیدیەی "جیهاد"دا ئەڵقەی تورکیا ئەڵقەیەکی نێوەندییە. چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لەشاری قەیرەوان ژمارەیەکی زۆری ئەو خێزانانە گردبوونەوە کە کوڕەکانیان ڕەوانەی سووریا کراون. گردبوونەوەکە وەکو خۆپێشاندانێکی نارەزایی بوو، پاشان بەکۆمەڵ ڕوویانکردە نۆڕینگەی پزیشکێکی ددان کە بەپێی قسەی ئەوان منداڵەکانی هەڵخەڵەتاندوون، چونکە دەرکەوت کۆمەڵێک حەواڵەی پارە لە بانکەکانی تورکیاوە گەیشتوونەتە ئەو پزیشکە بۆئەوەی تێچووی سەفەرەکان دابین بکات. ئەگەرچی زەحمەتە لە ڕاستی و دروستیی مەسەلەی ئەم حەواڵە بانکییە بکۆڵیتەوە، بەڵام پێداگریی خێزانەکان لەسەر ڕاستیی ئەو مەسەلەیە دەریدەخات کە تورکیا چۆن بووەتە گرێی ئەم پەیوەندییە جیهادیە. بزووتنەوەی نەهزەش برا بچووکی نێو ئەم خێزانەی پەیداکردنی موجاهیدانە.

❊❊❊

لێرە خەڵک باسی هەندێ بزنسمانی غەیرە تونسی و هەندێ دەوڵەت دەکەن کە پارەی ئەم کۆچە دابین دەکەن، هەندێ خەڵکی نێو بزووتنەوەی جیهادیش لەناو تونس ئەرکی ڕاکێشانی گەنجانیان لەئەستۆ گرتووە و بۆ پەیداکردنی هەر موجاهیدێک پێنج هەزار دۆلار وەردەگرن کە هیچی بۆ موجاهیدەکە نییە. لێرەدا ئاماژە بۆ ناوی زۆر کەس دەکرێ کە هەندێکیان کەوتوونەتە گرتووخانە و هەندێک لەبەرچاوان ون بوون و هەندێکیش هێشتا ئازادن، ئەمانە لەوەتای دەستیان بە ناردنی موجاهیدان کردووە بۆ سووریا و عێراق گوزەرانیان بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕاوە.

ئەمڕۆ ئەگەر ئاسان بێت دوای ڕێچکەی ئەم موجاهیدانە بکەوی لە گەڕەکەکانی دەوروبەری شارەکانی تونسدا و دۆزینەوەی کەسوکاریان، ئەوا گەیشتن بە دەڵاڵەکان بەهۆی چاودێریی ئەمنی و ئابڵوقەی کۆمەڵایەتییەوە پتر لە مەحاڵ نزیکە. "هەژار نین، ئیمانیشیان زۆر بەهێز نییە" ئەمە قسەی بەسینە سیدییە لەسەر سێ گەنجی زانکۆیی کە توێژینەوەیەکی دەروونییان لەسەر کراوە. ئەم سێ گەنجە نزیکەی 20 مانگ لەمەوبەر لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە دەستگیرکران لەوکاتەی دەیانویست بۆ سووریا سەفەر بکەن. بەسینە دەڵێت لەدوایین سەردانیدا بۆ لای یەکێکیان، تێبینی ئەوەی کردووە کە جلوبەرگە سەلەفیەکەی فڕێداوە و ڕیشی کورت کردووەتەوە و تەنانەت لەگەڵ ژنان تەوقەش دەکات. ئەمە دەریدەخات کە ئەو ژینگە تەقلیدییەی بزووتنەوەیەکی وەک نەهزە تێیدا گەشەدەکات و ژینگەیەکە لەڕووی ئیمانەوە پتەو، هەمان ئەو ژینگەیە نییە کە ئەم جیهادییە نوێیانەی بەرهەم هێناوە. لە ڕیزبەندی ناوچەکانی تونسدا کە گەنجانیان بۆ "جیهاد" لە سووریا ڕەوانەکردووە، ناوچەکانی کەنار دەریا لەڕیزی پێشەوەن، پاشان ناوچەکانی باشووری هاوسنوور دێت لەگەڵ لیبیا و ئینجا ناوچە خێڵەکییەکان. ئەمەش ڕێک پێچەوانەی ڕیزبەندی ناوچەکانی نفوزی نەهزەیە.

وەک ئیقبال دەڵێت، گواستنەوەی تونسیەکان لە ئیستەنبوڵەوە بۆ ئەنتاکیا بە سەرپەرشتی کۆمەڵێک مافیای سووری بەڕێوەدەچێ کە کرێی خۆیان لە سەرچاوەکانی دابینکاری پارە بۆ جیهاد وەردەگرن. ئەم مافیایە پەیوەندی لەگەڵ ئاسایشی تورکی هەیە و بەهۆی ئەوەوە ئازادانە هەڵدەسووڕێن. برایەکی ئیقبال بە ڕیشێکی وەک ئەوەی سەلەفیەکانەوە گەیشتبووە ئیستەنبوڵ بەبێ ئەوەی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی تورکیاوە تێبینی بکرێ. براکەی هاوسەفەری حەوت ڕیشنی دیکە و ژنێکی پەچەپۆش بووە. پاشان لە ئیستەنبوڵەوە بەرەو ئەنتاکیا بەڕێکەوتوون بەبێ ئەوەی هیچ بەربەستێک بێتە ڕێیان. ئیقبال لەزاری براکەیەوە دەگێڕێتەوە کە کاتێک گەیشتوونەتە ئیدلب لەناو سووریا، لە پێشوازییاندا بەرخیان بۆ سەربڕیون.

### موجاهیدی کەمئەندام

بەڵام زۆری نەبرد براکەی محەممەد ئیقبالیان گەڕاندەوە بۆ تونس، چونکە ئەو گەنجە کە هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە 23 ساڵ، کەمئەندام بوو. سنووری تورکیا و سووریای بەسەر کورسییەکی گەڕۆکەوە بڕیبوو. براکەی دەڵێت "بڕیاری دابوو بەگوێرەی توانای خۆی بەشداریی جیهاد بکات". بەڵام ناردنی کەمئەندامێک بۆ جیهاد لەناو تونس مشتومڕێکی زۆری نایەوە. بۆیە بەرەی نوسرە کە براکەی ئیقبال پەیوەندی پێوەکردبوو، هەستی کرد بەم کارە، واتە هێنانی موجاهیدێک لەسەر کورسی گەڕۆک ناوبانگی لەکەدار دەکات، بۆیە پاش چەند هەفتەیەک لەسەر هەمان کورسی و بەڕێی تورکیادا ڕەوانەی تونسیان کردەوە. لە هەردوو گەشتی چوون و هاتنەوەشیدا، براکەی ئیقبال خۆی ناچار نەبینی بۆ خۆبزرکردن ڕیشە درێژە سەلەفیەکەی بتاشێ. لە ماڵەکەی خۆیەوە بە سەروسیما و جلوبەرگی سەلەفیەوە ڕۆیشت و بەهەمان سەروسیماشەوە گەڕایەوە بێئەوەی هیچ کێشەیەک بێتە ڕێی.

"گەڕانەوەی بۆ تونس هەروەکو ڕۆیشتنی بۆ سووریا ئاسان بوو، بەهەمان ڕێگە.. لە ئەنتاکیاوە بۆ ئیستەنبوڵ بە فڕۆکە و لەوێشەوە بۆ فڕۆکەخانەی قرتاج لە تونسی پایتەخت، موجاهیدەکانیش وای بەباشتر دەزانن بە هێڵی فڕۆکەوانیی تورکی سەفەر بکەن، چونکە دەتوانن پارەی تیکتەکانیان لەڕێی بانکە تورکیەکانەوە بە حەواڵە بدەن، جگە لەوەش زۆرتر هەست بە دڵنیایی دەکەن لەڕووی مەسەلەی چاودێرییەوە، هەر کە پێیان نایە ناو فڕۆکەکە، هەست دەکەن گەیشتوونەتە خاکی جیهاد". محەممەد ئیقبال وادەڵێت.

❊❊❊

ئەحمەد ڕۆژنامەنووسێکی تونسیە، باسی گەشتێکی خۆی دەکات بۆ ئیستەنبوڵ بۆ دیتنی کچە هاوڕێیەکی خۆی. دەڵێت دوو سەلەفی لەناو فڕۆکەکە لە تەنیشتی ئەو دانیشتوون. وا تێگەیشتبوون کە ڕیشە تەنکەکەی بۆ خۆبواردنە لە چاودێری و ئەمیش وەکو ئەوان بۆ جیهاد دەچێت. کاتێک پرسیاریان لێکردبوو، گوتبووی من کاری خۆم هەیە و بۆ جیهاد ناچم. گوتبوویان پێویست ناکات بیشاریتەوە، ئێمەش وەکو تۆ دەچین بۆ سووریا و دەتوانی هاوڕێمان بی. لێیان پرسیبوو کێ لە فڕۆکەخانە دێتە پێشوازیت، گوتبوویان دەتوانی متمانە بەو جەماعەتەی ئێمە بکەی کە لە فڕۆکەخانە وەرماندەگرن و خەڵکی جێی متمانەن. بەڵام ئەحمەد گوتبووی کە ئەو وەکو گەشتیار دەچێت و نیازی سەفەری سووریای نییە. ئەوان هەر باوەڕیان پێنەکردبوو تا لە فڕۆکەخانە بەچاوی خۆیان دۆستە کچەکەیان بینی. ئەحمەد دەڵێ "ئەوانیش وەکو من دڵخۆشی دایگرتبوون کاتێک گەیشتینە فڕۆکەخانەی ئیستەنبوڵ. دوو جۆر خەڵکی جیاواز چاوەڕێی من و ئەوانیان دەکرد. من حۆریەکەم چاوەڕێم بوو، ئەوانیش حۆریەکانیان لە دوورەوە لەناو خاکی سووریا دەستیان بۆ ڕادەوەشاندن. لەهەردوو حاڵەتیشدا نە من و نە ئەوان هیچ بەربەستێک نەهاتە ڕێمان بۆ چوونە سەر خاکی تورکیا".

***مالپەڕی ڕۆژنامەی (الحیاه) 28ی ئۆکتۆبەری 2014**

# ئێران.. دۆزەخێک بۆ ژنان



**ڕووداو - تاران**

بەپێی گوتەی لێکۆڵەرێکی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، لەسێدارەدان لە ئێران بەشێوەیەکی "ترسناک" زیادی کردووە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو کە ژمارەکە هێشتاش زۆر بووە، ئەمە جگە لەوەی بارودۆخی ژنان لەو وڵاتە خراپتر بووە لەجاران.

ئەحمەد شەهید، دەستنیشانکراوی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چاودێریی بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران، گوتی بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتە جێگەی نیگەرانییەکی قووڵە، بەتایبەت مافی ژیان و سیستمی داد و چەوسانەوەی ئاینی و چەوسانەوەی ژنان.

هەفتەی ڕابردوو بەر لە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکەی لەبەردەم کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤی ئەنجوومەنی ئاسایش، شەهید لە نیویۆرک قسەی بۆ ڕۆژنامەنووسان کرد و گوتی کە خاڵە سەرەکیەکانی نێو ڕاپۆرتەکەی دەربارەی مافەکانی ژنانە لە ئێران. گوتیشی تێبینی کردووە ژمارەی لەسێدارەدانەکان لە 15 مانگی ڕابردوودا بەشێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە هەڵکشان کردووە.

لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی 2013 تاوەکو ئابی 2014 لانیکەم 852 کەس لەسێدارە دراون کە ئەوەش زەنگێکی خەتەرناکە، چونکە ژمارەکە زۆر زیادی کردووە بەراورد بە ساڵانی پێشوو کە خۆی لە خۆیدا زۆر زۆر بوو.

شەهیدی ئاماژەی کرد بە لەسێدارەدانی منداڵان لەساڵی 2014 و گوتی لەوباوەڕەدایە نزیکەی 80 کەسی خوار تەمەن 18 ساڵ لەسێدارە دراون.

هەروەها سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی لە لەسێدارەدانی ڕەیحانە جەباری کە بەم دواییە لە یەکێک لە زیندانەکانی تاران لەسێدارەدرا بە تاوانی کوشتنی کەسێکی سەر بە وەزارەتی ئیتلاعات لەکاتێکدا ئەو کەسە هەوڵیدابوو دەستدرێژی بکاتە سەری.

شەهید گوتی پێشتر چەند جارێک نیگەرانی خۆی لەبارەی دادگاییکردنی خانم جەباری لەگەڵ بەرپرسانی ئێران تاوتوێ کردووە، بەڵام وەڵامێکی قایلکەری وەرنەگرتووە.

"یەکێک لە نیگەرانیەکانم خراپبوونی بارودۆخی ژنانە لەو وڵاتە". ئاماژەیشی بەوە کرد کە ژمارەی ئەو ژنانەی دەچنە زانکۆکان لە 62%ەوە کەمیکردووە بۆ 48% لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا. هەندێکی دیکە لەو نیگەرانیانە نەبوونی هەلی کار و کەمیی کرێی کارکردنە بۆ ژنان لەو وڵاتە.

بەشوودانی بەزۆر لە تەمەنی منداڵیەوە یەکێکی دیکەیە لە کێشەکانی ژنانی ئێران. شەهید دەڵێت "تەمەنی یاسایی بەشوودانی کچان لە ئێران 13 ساڵە، بەڵام ڕەنگە کچانی تەمەن 9 ساڵیش بەشوو بدرێن پاش وەرگرتنی مۆڵەتی دادگا".

بەپێی ڕاپۆرتەکە، لانیکەم نزیکەی 50 هەزار کچ لەنێوان تەمەنی 10 تاوەکو 14 ساڵی بەشوودراون لە ساڵی 2011. هەروەها لە ڕاپۆرتەکدا هاتووە کە 49 هەزار کچ منداڵێکیان بووە بەر لەوەی تەمەنیان ببێتە 15 ساڵ.

هەر بەپێی ڕاپۆرتەکە لەنێوان مانگی مارسی 2012 بۆ مارسی 2013 زیاتر لە 40 هەزار کچی خوار تەمەن 15 ساڵ بەشوودراون و لانیکەم 8 هەزاریان شوویان بەو پیاوانە کردووە کە 10 ساڵ لەخۆیان گەورەترن. ئەمە جگە لەوەی لە ساڵی 2012 زیاتر لە 1500 کچی خوار تەمەن 10 ساڵ بەشوودراون، ئەوەش زیادبوونێکی بەرچاوە بەراورد بە ناوتۆمارکردنی تەنیا 716 کچ لە نێوان ساڵانی 2010 بۆ 2011.

حکومەتی ئێران وەڵامی ڕاپۆرتەکەی دایەوە و ئاماژەی کرد بەوەی کە یاسای وڵاتەکەی بەشوودانی بەزۆر قەدەغە دەکات، ئەمەش مانای ئەوەیە کە هەموو هاوسەرگیرییەکانی ئەو وڵاتە لەسەر خواستی خۆیان بووە.

لەلایەکی دیکەوە دادگاکانی ئەو وڵاتە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن لە چەند هێرشێک بۆ سەر ژنان بە مادەی تێزاب. تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە تەنیا لە مانگی ڕابردوودا 4 ژن بە مادەی ئەسید هێرشیان کراوەتە سەر، گوایە بەباشی سەریان دانەپۆشیوە، بەڵام تاران نکۆڵی لە ڕاستیی ئەو هەواڵانە کرد.

## نەبوونی پزیشکی خێزان هۆکاری سەرەکییە

# کاتی نەخۆش لە نەخۆشخانە حکومییەکاندا تەنیا 5 خولەکە


(فۆتۆ: ژوولی عەدنان)

**سەروەر سالار**
**ڕووداو- سلێمانی**

هاووڵاتیان دەڵێن خزمەتگوزاریی نەخۆشخانە و مەڵبەندە تەندروستییە حکومییەکان وەک پێویست نییە و پزیشک کاتی پێویست ناداتە نەخۆش، پزیشکەکانیش دەڵێن بێسەروبەرییەکی زۆر وایکردووە خەڵکی بەبێ هیچ هۆکارێکی پێویست ڕووبکەنە یەکە تەندروستییەکان.

سەعدی کەریم، 52 ساڵ، دەڵێت لە مەڵبەندی ڕاوێژکاریی حکومی سەردانی پزیشکی پسپۆڕی کردووە، بەڵام بە گوێگرتن و پشکنین و بینینەوەی شیکاری خوێنیشەوە پزیشکەکە کەمتر لە پێنج خولەکی بۆ داناوە و تەنانەت فریاش نەکەوتووە بە باشی باسی نەخۆشییەکەی بۆ بکات، بۆیە دەڵێت "ناچار دەچمەوە عیادە".

پزیشکە پسپۆڕەکان دان بەوەدا دەنێن کە لە نەخۆشخانە حکومییەکاندا وەکو پێویست گرنگی بە نەخۆش نادرێت، بەڵام ئەوان هەڵەکە دەگێڕنەوە بۆ سیستمەکە نەوەک کەمتەرخەمیی پزیشک.

دکتۆر ڕۆژگار عەبدوڵڵا، پزیشکی پسپۆڕی جومگە و ڕۆماتیزم، وەک خۆی دەڵێت تەنیا لە دەوامێکی پێشنیوەڕۆی حکومی (8ی بەیانی تا 1ی پاشنیوەڕۆ) لانیکەم 60 نەخۆش ڕوودەکەنە پزیشکی پسپۆڕ، کە ژمارەیەکی زۆریان نەخۆشییەکی سادەیان هەیە و پێویست ناکات پزیشکی پسپۆڕ بیانبینێ "لەبەرئەوەی سیستمی ڕەوانەکردنی نەخۆش لەلایەن پزیشکی گشتی یان پزیشکی خێزانەوە پەیڕەو ناکرێت، چەندین نەخۆش خۆبەخۆ دێنە لای پزیشکی پسپۆڕ بێ ئەوەی پێویستیان پێی هەبێت".

ئەگەر ئەو پزیشکە بە نموونە وەربگرین، ئەوا لە پێنج کاژێردا 60 نەخۆش دەبینێت، واتە هەر نەخۆشە تەنیا پێنج خولەکی بەردەکەوێت بۆ گفتوگۆ و پشکنین و ناردن و خوێندنەوەی شیکاری تاقیگەیی، ئەوە ئەگەر هیچ مەودایەکی زەمەنی نەبێت لەنێوان بینینی دوو نەخۆشی یەک لەدوای یەکدا.

ئەو پزیشکە دەڵێت ژمارەی نەخۆش سنووری بۆ نییە، بەڵام ژمارەی پشکنینەکان سنووریان هەیە "بۆ نموونە من بۆم هەیە ئەشیعە تەنیا بۆ 10 نەخۆش بنووسم و خەڵکیش وا دەزانن پزیشک بە ئەنقەست بۆیان نانووسێت". وەک دکتۆر ڕۆژگار دەڵێت، نەخۆش هەیە دێت بە ئارەزووی خۆی بلیتی سێ پزیشکی پسپۆڕ دەبڕێت و بەو جۆرە فشار لەسەر هەمووان دروستدەکات.

سکاڵایەکی پزیشکەکان لەدەست نەخۆشەکان ئەوەیە کە دەڵێن هەرکە هاتنە نەخۆشخانە وادەزانن دەبێت دەرمان وەربگرن، ئەوە بەشە دەرمانی ئەوانەش کەمدەکاتەوە کە پێویستیان بە دەرمانە.

دکتۆر ڕۆژگار کاریگەریی نەرێنی ئەم بێسەروبەرییەی سەردانی نەخۆش بۆ لای پسپۆڕ هەر لەوەدا نابینێتەوە کە پزیشک و نەخۆش کاتی پێویستیان نابێت بۆ گفتوگۆ "بینینی ئەو ژمارە زۆرە کە زۆربەیان پێویستیان بە پزیشکی پسپۆڕ نییە، لەڕووی جەستەیی و دەروونییەوە ماندوومان دەکات و لەوانەیە وەک پێویست توانای گرنگیدان بە نەخۆشە ڕاستەقینەکەمان نەمێنێت".

### چارەسەری ئاسان نییە

پزیشکێکی پسپۆڕی تەندروستیی کۆمەڵ دەڵێت چارەکردنی ئەو گرفتە هەنگاوی ریشەیی و ستراتیژیی دەوێت لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە.

د.عەبدولفەتاح هەورامی، هەڵگری بڕوانامەی بۆرد-دکتۆرا لە پزیشکیی کۆمەڵ، بە (ڕووداو)ی گوت "چارەسەرەکە دەبێت جددی بێت و پلانی کورتماوە و درێژخایەنی بۆ دابنرێت، کات و پارەیەکی باشیشی دەوێت".

د.عەبدولفەتاح هەورامی هەنگاوەکانی چارەسەری ئەو گرفتەی بۆ سێ قۆناغی سەرەکی دابەشکرد:

1 ـ مەڵبەند و بنکە تەندروستییەکان بکرێنە چەقی گرنگیپێدان: ئەویش لەم ڕووانەوە:

ـ هانی پزیشکەکان بدرێت ببنە پزیشکی گشتی و خێزان: تا ئێستا پزیشکی خێزان تەنیا مووچە وەردەگرن و هیچ سەرچاوەیەکی دیکەی دەرمەتیان نییە. بە پێچەوانەی پزیشکەکانی بەشە پسپۆڕییەکانەوە کە جگە لە مووچە، لە کلینیکی تایبەتەوە سەرچاوەی دیکەی داهاتیان هەیە. حکومەت دەبێت بە دانانی دەرماڵەی تایبەت بۆ پزیشکی خێزان، هانی پزیشکان بدات لەو بەشەدا درێژە بە کاری پزیشکیی خۆیان بدەن.

ـ سەرجەم پێداویستییە لۆجستییەکان بۆ مەڵبەند و بنکەکان دابین بکرێت: مەرج نییە هەموو گوند یان گەڕەکێک بنکە یان مەڵبەندێکی تەندروستی تێدابێت. بەڵام مەرجە هەر بنکە و مەڵبەندێک سەرجەم پێداویستییە مرۆیی و لۆجستییەکانی بۆ دابین بکرێت.

ـ ستراتیژی وەزارەتی تەندروستی بکرێتە خۆپاراستن لە نەخۆشییەکان، نەوەک چارەسەر.

2 ـ جیاکردنەوەی کەرتی تایبەت و گشتی: ئێستا ئەو داهاتەی پزیشکێک لە کەرتی تایبەت پەیدای دەکات، چەند قاتی ئەوەیە کە لە کەرتی گشتی دەستیدەکەوێت. بۆ ئەوەی حکومەت هانی پزیشک بدات لە کەرتی گشتی بمێننەوە، دەبێت بە ئیمتیازاتی ماددی زۆر سەرنجیان رابکێشێت.

3 ـ هۆشیارکردنەوەی خەڵک: دەبێت میدیا ڕۆڵی خۆی ببینێت لە هۆشیارکردنەوەی خەڵکی سەبارەت بە گرنگیی بنکە و مەڵبەندە تەندروستییەکان، هەروەها ئەوەش کە هەموو کەسێک پێویستی بەوە نییە پزیشکی تایبەتمەند ببینێت، مەگەر پزیشکی خێزان بڕیار بدات. هەروەها لە پرۆگرامە پەروەردەییەکانیشدا هەوڵ بۆ چەسپاندنی هۆشیاری تەندروستی بدرێت.

# نەخۆشخانەی گشتی دووکان لە ساڵێکدا

**د.زانیار نوری***

ساڵی 2014 ساڵێکی جیاوازبوو لە نەخۆشخانەی دووکان کە بە نەخۆشخانەی گشتی شەهید غەریب هەڵەدنی ناسراوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کارو چالاکییە پلان بۆ داڕێژراوانەی لە ماوەی ئەمساڵدا توانراوە بکرێن.

کاتێک باسی نەخۆشخانە دەکەین، باسی تەنیا یەکەیەکی کارگێڕی ناکەین کە تەنیا خزمەت بە هاووڵاتیان بکات، بەڵکو نەخۆشخانە ڕاستەوخۆ بەرکەوتنە لەگەڵ گرنگترین کایەی مرۆڤ، ئەویش تەندروستیی و خودی ژیانیەتی.

کارو چالاکییەکان زۆرن و هەموو بوارەکان دەگرێتەوە هەر لە کردنەوەی بەشی نەشتەرگەری لە ماوەی 20 ڕۆژدا، کردنەوەی بەشی منداڵبوون، بەشی نەخۆشیی سیل تا کردنەوەی بەشی فریاگوزاریی سەرەتایی! ئەمەش هەمووی بەشێوەیەکی یەک لە دوای یەک و بە چوستی.

لە ئاماری کۆتایی ساڵ بۆمان دەرکەوت کە ئەو کارانەی کراون جێگەیەکی باشی گرتووە و توانیومانە ڕێژەیەکی بەرچاوی نەخۆش چارەسەر بکەین کە ئەگەر وا نەبووایە دەچوون بۆ سەنتەری سلێمانی. ژمارەکان بە جیاوازی 5000 نەخۆش دەردەکەون.

ئەم مانگە دەکەین بە پێداچوونەوەی ساڵانە بەو هیوایەی ئەمە ببێتە مایەی سەرەکی هاوکاریکردنی نەخۆشخانەکان. واتە لە کاروچالاکیەکانی ساڵانەوە پشتیوانی ساڵی نوێی ئەو نەخۆشخانەیە بکرێت.

ئێمە کارو چالاکیەکانی ساڵی 2014 مان بە شەفافی پێشانی هەمووان دەدەین و گوێ بۆ هەر تێبینییەکیش ڕادەگرین، بەڕوونیش پلانی 2015ی نەخۆشخانەکەمان پێشان دەدەین و ساڵی داهاتووش بەرهەمەکانی ئەو پلانە ڕووندەکەینەوە.

بەو هیوای هەم ئەو پرۆژەیەی ئێمە ببێتە نەریت بۆ هەموو یەکە تەندروستییەکانی کوردستان و وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیەکانیش بەگوێرەی کار و پلانی نەخۆشخانەکان هاریکاری دارایی و مرۆییان بکەن، تا هانی هەموو لایەک بدەن بیر لە پلانی ستراتیژی بکەنەوە و چیدی کاری کارگێڕیی نەخۆشخانە و یەکە تەندروستییەکان هەر بەڕێکردنی ڕۆتیناتی ڕۆژانە نەبێت.

***بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی دووکان**

# ڕۆژانە چەندە شەکر بخۆین؟

**ڕووداو- دەیلی مەیل**

ئایا زانیوتە پەرداخێک شەربەتی سێو حەوت کەوچکە چا شەکری تێدایە و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیش هۆشداری دەدات لەوەی زۆرترین بڕی شەکر کە لە سەرجەم ژەمەکانتدا دەیخۆی نابێت لە 12 کەوچکی چا تێپەڕ بێت؟ تەنیا تۆ نیت کە ئەمە نازانی، توێژینەوەیەک دەڵێت 90%ی دایکانی بەریتانیا ئاگاداری ئەو بڕە زۆرەی شەکر نین کە لە خۆراکە جیاوازەکاندا هەن.

زۆربەی خەڵکی کاتێک ڕێجیم دەکەن، تەنیا بیر لە کەمکردنەوەی بڕی خۆراک دەکەنەوە، لە ڕاستیدا باشترین ڕێجیم ئەوەیە کە لەسەر بنەمای ژماردنی بڕی وزە (کالۆری) لە هەر خۆراکێکدا بێت.

بۆ تەندروستی گشتیی جەستەش دەبێت ئەو وزەیەی وەریدەگریت لە هەر سێ ڕەگەزە خۆراکییە سەرەکییەکەی تێدابێت (کاربۆهیدرات، چەوری و پرۆتین). شەکرە جیاوازەکان بە سروشتی و دەستکردەوە دەچنە خانەی کاربۆهێدراتەکانەوە.

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دەڵێت لە 24 کاژێردا نابێت زیاتر لە 12 کەوچکی چا شەکر بخۆن، لەو بڕەش تەنیا 5 کەوچکەچای شەکری دەستکرد بێت، خۆ ئەگەر لەو دەستکردە کەمتریش بکەیتەوە باشترە.

پزیشکەکانی بەریتانیا دەڵێن ئەگەر بڕی شەکری دەستکردی ڕۆژانەت لە 5 کەوچکی چا و کەمتردا بهێڵیتەوە، ئەوا ئەگەری چەندین نەخۆشی کەمدەکەیتەوە، لەوانە: قەڵەوی، نەخۆشییەکانی دڵ و بۆرییەکانی خوێن. چونکە بە گوتەی ئەوان شەکر هێندەی جگەرە مەترسیدارە.

هەندێک لە پزیشکانی بەریتانی داوا لە حکومەتەکەیان دەکەن باج لەسەر شەکر و خۆراکە پڕ وزەکان زیاد بکات، بۆ ئەوەی ڕادەی قەڵەوی دانیشتووان کەم ببێتەوە.

جاران دەگوترا واز لە خواردنەوە گازییەکان بهێنن و بە دڵی خۆتان شەربەتی میوە بخۆنەوە، بەڵام ئێستا دەگوترێت نابێت شەربەتی میوەکانیش بە ڕادەیەکی زۆر بخورێنەوە، چونکە بڕێکی زۆر شەکریان تێدایە، بۆ نموونە پەرداخێک شەربەتی سێو، بڕی 7 کەوچکەچا شەکری تێدایە.

د.ماسیۆ کاپهۆرن پزیشکی پسپۆڕی قەڵەوی لە بەریتانیا دەڵێت، کە لە قوتووی خۆراکێک نووسراوە چەوری تێدا نییە، یان کەم چەورییە، ئەوە نابێت تەواو ئاسوودەتان بکات، چونکە هەندێکجار لەگەڵ کەمکردنەوەی چەورییەکەدا ئەوەندە شەکری تێدەکرێت کە بڕی کالۆرییەکەی لە خۆراکە چەورەکە زیاترە و بەوەش ئەگەری قەڵەوی زیاتر دەکات.

| | تەمەن | کەم جووڵان | جووڵەی مامناوەند | زۆرجووڵان |
|---|---|---|---|---|
| منداڵ | 2-3 | 1000 | 1000 -1400 | 1000 -1400 |
| ئافرەت | 4-8 | 1200 | 1600 -1400 | 1800 -1400 |
| ئافرەت | 9-13 | 1600 | 2000 -1600 | 2200 -1800 |
| ئافرەت | 14-18 | 1800 | 2000 | 2400 |
| ئافرەت | 19-30 | 2000 | 2200 -2000 | 2400 |
| ئافرەت | 31-50 | 1800 | 2000 | 2200 |
| ئافرەت | 51+ | 1600 | 1800 | 2000 - 2200 |
| پیاو | 4-8 | 1400 | 1400 - 1600 | 1600 - 2000 |
| پیاو | 9-13 | 1800 | 1800 - 2200 | 2000 - 2600 |
| پیاو | 14-18 | 2200 | 2400 - 2800 | 2800 - 3200 |
| پیاو | 19-30 | 2400 | 2600 - 2800 | 3000 |
| پیاو | 31-50 | 2200 | 2400 - 2600 | 2800 - 3000 |
| پیاو | 51+ | 2000 | 2200 - 2400 | 2400 - 2800 |

### دەبێت منداڵانیش ڕێجیمی خۆراکیان هەبێت

بۆ منداڵانی ئێستا، قەڵەوی خەریکە دەبێتە دیاردە، توێژینەکان دەڵێن منداڵانی ئەمڕۆ جگە لە خۆراکە کلاسیکییەکان لەچەندین سەرچاوەیەکی دیکەوە وزەیەکی زۆر وەردەگرن، لەوانە: کێک، چوکلێت، چیپس و شەربەتی میوە.

شیرینییەکان جگە لە قەڵەوکردنی منداڵان و ڕووبەڕووکردنەوەیان لەگەڵ چەندین نەخۆشی لە ئێستا و داهاتوودا، تەندروستی ددانیشیانی خستووەتە مەترسییەوە. بەجۆرێک توێژینەکان لە بەریتانیا دەڵێن هەشتیەکی منداڵانی بەریتانیا لە تەمەنی سێ ساڵیدا تووشی کلۆربوونی ددان دەبن. لەم خشتەیەی خوارەوە بڕی کالۆری پێویستی هەرکەسێک بەپێی تەمەن و ڕەگەزەکەی و چالاکی ڕۆژانەی دیاری کراوە:

*مەبەست لە کەم جووڵان: واتە کەسەکە تەنیا چالاکییەکی کەمی ڕۆژانەیان هەیە، وەک ناوماڵ و ئۆفیسەکان.

*جووڵانی مامناوەند: جگە لە جووڵەی ئاسایی ناو ماڵ و ئۆفیس، کەسەکە ڕۆژانە 2،5 بۆ 5 کیلۆمەتر بەپێ بڕوات بە جووڵانێک کە لە 6 کیلۆمەر/کاژێر کەمتر نەبێت.

*جووڵانی زۆر: جگە لە جووڵەی ئاسایی ناو ماڵ و ئۆفیس، کەسەکە ڕۆژانە زیاتر لە 5 کیلۆمەتر بەپێ بڕوات بە جووڵانێک کە لە 6 کیلۆمەتر/ کاژێر کەمتر نەبێت.



# زیانی نێرگەیەک بەرامبەر بە 100 جگەرەیە

**ڕووداو- جەزیرە**

کێشانی نێرگەلەیەک، هێندەی کێشانی 100 جگەرە زیانی هەیە، واتە هەڵمژینی دووکەڵی نێرگەلە نەک هەر زیانی لە جگەرە کەمتر نییە، بەڵکو زۆر مەترسیدارتریشە، ئەوەش بە گوتەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان.

لە پێناوی پاراستنی نەوەکانی داهاتوودا، کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لە دەوحەی پایتەختی قەتەر بەڕێوەچوو، بەشێک لە بەشداربووانی کۆنگرەکە نێرگەلەیان بە بۆمبێک ناوزەد کرد کە دەبێتە هۆی مردنی لە ناکاوی گەنجان و مێرمنداڵان، هەروەها داوای دیاریکردنی تەمەنی یاسایی دەکەن بۆ کێشانی نێرگەلە، لەگەڵ قەدەخەکردنی لە شوێنە گشتییەکاندا.

کۆنگرەکە دوو ڕۆژی خایاند و بە بەشداری 100 کەسی شارەزا و پسپۆڕ بەڕێوەچوو، سەرجەم بەشداربووان کۆکبوون لەسەر ئەوەی نێرگەلە لە جگەرە مەترسیدارترە و دەبێتە هۆی تووشبوون بە شێرپەنجەی سییەکان و نەخۆشییەکانی دڵ و بۆرییەکانی خوێن.

جگە لە دووکەڵەکەی، ئەو ماددانەی لە خەڵووزی نێرگەلەدا هەن گازی یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن و ماددەی تووشکەری شێرپەنجەیان تێدایە.

### تووتنی نێرگەلە

ئەو نیکۆتینەی لە تووتنی نێرگەلەدایە، دوو هێندەی ئەوەیە کە لە جگەرەدا هەیە، جگە لەوەش چەند ماددەیەکی دیکەی ژەهراوی تێدایە، هەروەها ماددەی تیشکدەر و کیمیایی کشتوکاڵی لە پێکهاتەکەیدا هەیە.

### نێرگەلە و شێرپەنجە

کێشانی نێرگەلە هۆکارە بۆ تووشبوون بە نەخۆشی شێرپەنجەی سی، لێو، دەم، شەویلگەکان، قوڕگ، میزڵدان. بە ڕێژەیەک بەرزترە لەو ڕێژەیەی جگەرە خەڵکی تووشی شێرپەنجە دەکات.

لە نێو نێرگەلەدا زیاتر لە 70 ماددەی تووشکەری شێرپەنجە هەیە، کاریگەرییە خراپەکانی نێرگەلە بەهێزتر دەبن لەسەر ئەو کەسانەی لە نێو کافتریا داخراوەکاندا نێرگەلە دەکێشن، بەشێوەیەک تەواوی شوێنەکە پڕ دەبێت لە هەوای پیسبوو بە دووکەڵی تووتنی نێرگەلە.

کاریگەری لەسەر منداڵ و ژنی دووگیان

کاریگەرییە خراپەکانی نێرگەلە، وەکو بۆمبێکی شاراوەن و زوو دەرناکەون، بەڵکو دوای چەند ساڵێک ئاشکرا دەبن، ژەهرەکانی تووتنی نێرگەلە بە نێو خوێندا دەڕۆن و دەگەنە مێشک و ئاڵوودەبوون دروستدەکەن، دووکەڵی نێرگەلە دەبێتە هۆی لەدایکبوونی پێشوەختی منداڵ، کاریگەری لەسەر گەشەکردنی دەبێت و هەندێکجار ئەگەر دایکەکە نێرگەلەکێش بێت، لەوانەیە منداڵەکەی بەشێواوی دروستبێت.

دووکەڵی نێرگەلە دەبێتە هۆی لاوازبوونی ئاستی زیرەکیی منداڵان و واشیان لێدەکات لە تەمەنێکی زوودا ئارەزووی کێشانی جگەرە یان نێرگەلە بکەن.

# کوردستان نەوتی بای حەسەن و ئاڤانا دەفرۆشێ

**ئەلێکساندەر ویتکەم**
**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی قسەی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەرەپێدانی بۆرییەکانی گواستنەوەی نەوت، بەشێوەیەکی بەرچاو ڕێژەی هەناردەی نەوتی کوردستان لە کۆتایی ئەمساڵدا زیاد دەکات.

ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایانگەیاند کە هەناردەی نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا زیاد دەکرێت بۆ نزیکەی 450 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا. کوردستان ئێستا بڕی 290 هەزار بەرمیل هەناردە دەکات. هەروەها ڕایانگەیاند لە چارەکی یەکەمی ساڵی داهاتوودا بڕیارە ئەو ڕێژەیە بۆ 500 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبکرێتەوە.

دوای ئەوەی کاری تەکنیکی بۆرییەکان لە کوردستان و تورکیا تەواو دەبێت، توانای هەناردەی هەرێمی کوردستان بۆ 700 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزدەبێتەوە، ئەمە بە گوتەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان. حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامانجی ئەوەیە کە تاوەکو کۆتایی ساڵی 2015 ئاستی هەناردەی نەوتی کوردستان بگەیەنێتە یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

کۆمپانیای DNOی نەرویجی، ئێستا کار لەسەر بۆرییەکی 24 ئینجی دەکات لە کێڵگەی تاوکێ لە نزیک زاخۆ. تەواوبوونی ئەو بۆرییە وا دەکات ئەو کۆمپانیایە بتوانێت ڕۆژانە 200 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمبهێنێت لەمساڵدا. هەروەها کۆمپانیای تورکی-ئینگلیزی گەنەڵ ئینێرجی، بە هیوایە پێش 2015 بتوانێت بەرهەمهێنانی خۆی بۆ 80 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا زیاد بکات.

ئەو نەوتەی لە بیرە نەوتەکانی ئەو ناوچانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵی کردوون- بیرەکانی کێڵگەی ئاڤانا لە قەزای مەخموور، بیرەکانی کێڵگەی بای حەسەن لە کەرکووک- بەستراونەتەوە بە هێڵی بۆری کوردستان-تورکیاوە. نەوتی بیرەکانی ئاڤانا وا زیاتر لە هەفتەیەکە بەرەو هەرێمی کورستان ڕەوانە دەکرێت.

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەڵێت، بۆرییەکانی بەشی بای حەسەن بڕیارە بەمزووانە تاقی بکرێنەوە.

نەوتی ئەم کێڵگانە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ پاڵاوگە ناوخۆییەکان بەکاردەهێنرێن بۆ ئەوەی پێداویستی ناوخۆی کوردستان دابین بکات، ئەمەش دوای ئەوە دێت کە هێرشەکانی دەوڵەتی ئیسلامی هاتنی بەرهەمی ناوخۆی پاڵاوگەی بێجی ڕاگرتووە.

لەدەستدانی گەورەترین پاڵاوگەی نەوتی عێراقی لە مانگی شەشدا بووە هۆی ئەوەی کە کارەبا و بەرهەمە نەوتییەکان، بەتایبەتی بەنزین کورت بهێنێ.

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هەروەها ڕایگەیاند کە هاتنی نەوتی ئاڤانا و بای حەسەن ڕێگە دەدات بەوەی نەوتی کێڵگەی خورمەڵەش هەناردە بکرێت.

بەکارهێنانی نەوتی کەرکووک دانوستاندنەکانی کێشەی نەوت و گاز ئاڵۆزتر دەکات. ئەو کێشانەی کە وای لە سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق، نوری مالیکی کرد، بودجەی هەرێمی کوردستان ببڕێت.

سەرەڕای ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی هەولێر و بەغدا، دواجار بەغدا ڕازی بوو بیرەکانی ئاڤانا ببەسترێنەوە بە کێڵگەی خورمەڵەوە، ئەوەش دوای ئەوەی کە هێرشی لەسەریەکی تیرۆریستان وای لە کۆمپانیای نەوتی باکوور کرد لە سەرەتای مانگی ئاداردا بۆرییەکانی کەرکووک-جیهان دابخات. حکومەت بە پەلەبوو بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتی کەرکووک. بۆ هەر ڕۆژێک، داهاتی 300 هەزار بەرمیل نەوتی لەدەستدەچوو.

"زیادکردنی توانای هەناردە جێگەی دەستخۆشییە" نات کێرن، سەرۆکی کۆمپانیایەکی ڕاوێژکاری پیشەسازیی نەوت، بەناوی فۆرین ڕیپۆرتس دەڵێت "ئەگەر بەغدا و هەولێر بگەنە ڕێککەوتن، ئەوا عێراق پێویستی بە دەرچەیەکی تازە دەبێت بۆ هەناردەکردنی نەوتی کەرکوک. ئەگەر نا، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە بەسەر ئەو ئاستەنگە یاساییانەدا زاڵ بێت کە بەغدا بۆی دروست دەکات، تاوەکو بتوانێت بازاڕێکی جێگیر بۆخۆی پەیدا بکات. ئیدارەی ئۆباما پێویستە لە کێشە یاساییەکاندا لایەنگری کەس نەکات. بەهەرحاڵ، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەسازی بۆ هەناردەی زۆر زیاتر دەکات، ئیتر ئەگەر خۆی هەناردەی بکات، یان لە ڕێگەی حکومەتی عێراقەوە بێت".



**عومەر ئەحمەد***



# دابەزینی نرخی نەوت پیلانی نێودەوڵەتییە؟

نرخی تێکڕای نەوتی ئۆپێک لە مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردوودا دابەزی بۆ نزیکەی 82 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک، ئەوەش 28 دۆلار کەمترە لە نرخی مامناوەندیی ئەو کاڵا ستراتیژییە لەساڵی 2012دا. بۆ ئەو وڵاتانەی ئەندام لە ڕێکخراوی ئۆپێک کە داهات و بودجەکانیان بە توندی گرێدراوی نرخی نەوتە، دابەزینی 25% ی نرخی نەوت شۆکێکی گەورەی ئابوورییە.

لەبەرئەوەی ئاستەنگەکانی بەردەم هەندێ لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت و کاریگەرییەکانی ئەو شۆکە نەوتییە هێندە گەورەیە لەسەر ئابووری ئەو وڵاتانە، بۆیە بوار ڕەخساوە بۆ پێناسەکردنی دابەزینی نرخی نەوت بەوەی کە پیلانێکی نەخشە بۆ دارێژراوی نێودەوڵەتییە.

ئەوانەی پێیانوایە دابەزینی نرخی نەوت پیلانە، دەڵێن لەبەرچی ئاگر بەربووەتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو شوێنەی کە گرینگترین سەرچاوەکانی نەوتی جیهانی تێدایە و سەرەڕای ئەوەش نرخی نەوت هەر ڕووی لە دابەزینە. خۆ نرخی نەوت لەبەرامبەر گۆڕانکارییە جیۆپۆلیتیکییەکان زۆر هەستیارە و دەبووایە لەبەر ئاڵۆزییەکانی ئەو ناوچەیە، نرخی نەوت بەرزببێتەوە.

میدیا ڕووسییەکان و هاوپەیمانەکانی لە ئێران و ڤەنزوێلا و تەنانەت هەندێ وڵاتی دیکەی ئۆپێکیش فوویان کردووەتە ئەو بیرۆکەیە و وادەنوێنن کە پیلانێکی نێودەوڵەتی لە ئارادایەوە، پیلانەکەش بە بەشداریی ستراتیژیستە ئەمریکییەکان و بە دەستی سعودیە جێبەجێ دەکرێت بۆ ئەوەی نرخی نەوت دابەزێنن و بەوە پشتی نەیارانی وەک ڕووسیا و ئێران و ڤەنزوێلا لە عەرز بدەن.

ئەوە یەکەم جار نییە گۆڕانکارییەکانی بازاڕی نەوت و داکشان و هەڵکشانەکانی نرخی نەوت بەپێی "تیۆری پیلان" شیکاری بۆ دەکرێت. یەکەم شۆکی نەوتی کە لەساڵی 1973 لەکاتی شەڕی عەرەب- ئیسرائیل ڕوویدا و بووە هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بۆ چوار بەرابەر، لەلایەن هەندێ لە شرۆڤەکارانەوە بە پیلانی هێنری کێسنجەر، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبینرا کە گوایە مەبەست لێی بەعەرزدادانی ئابووریی ژاپۆن و هەندێ وڵاتی ئەوروپی بوو لە ڕێی بەرزکردنەوەی نرخی نەوت.

لەڕاستیدا شیکردنەوەی ڕووداوەکان لەڕێی پەنابردن بۆ تیۆری پیلان زۆر ئاسانترە لە شرۆڤەکردنی بێزارکەری داتا ئابووری و سیاسییەکان، لەبەر ئەوەشە زۆر کەس بە ئاسانی پەنا بە تیۆری پیلان دەبەن.

## خواست و دابینکاری

ئەوانەی دابەزینی نرخی نەوت دەخەنە ئەستۆی ئەمریکا، دەبێت بزانن دابەزینی نرخی نەوت نەتەنیا مەترسیدارە بۆ وڵاتانی هەناردەکاری نەوت، بەڵکو زیان بە خودی ئەمریکاش دەگەیەنێت. ئەگەر هاتوو نرخی نەوت دابەزێت بۆ ژێر 75 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک ، زۆربەی پرۆژە نەوتییەکانی ئەمریکا لە بەرهەمهێنانی نەوتی لیتەیی زیانیان بەردەکەوێت و ئەو هەموو وەبەرهێنانە کە لەو کەرتەدا کراوە بە فیڕۆ دەچێت، چونکە تێچووی بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە نەوتە نزیکەی 75 دۆلارە، کەواتا لە قازانجی ئەمریکاشە نرخی نەوت لەنێوان 80 تا 90 دۆلار بێت.

سەرەکیترین هۆکاری دابەزینی نرخی نەوت لەم کاتەدا بەرزبوونەوەی ئاستی دابینکاریی ئەو کاڵا ستراتیژییەیە بەراورد لەگەڵ خواست بۆ کڕینی نەوت. بەرهەمهێنانی نەوت و گازی لیتەیی لە ئەمریکا، ئەو وڵاتەی لە هاوردەکردنی نەوتی خاو لە دەرەوە بێمنەت کردووە. هاوکات، بەهۆی خاوبوونەوەی ئابووریی ناوچەی یۆرۆ و دابەزینی ئاستی پیشەسازیی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکانی وەک چین، خواستی لەسەر نەوتی خاو بەڕێژەیەکی بەرچاو دابەزاندووە.

سەرەڕای ئەوەش، ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوتی ئۆپێک بەهۆی ئەوی کە لەگەڵ یەک ناکۆکن، نەیانتوانیوە سیاسەتێکی یەکگرتوو بۆ دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بگرنە بەر و ببنە هۆکارێک بۆ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت.

لەبەرئەوەیە لەم هەلومەرجەدا دەکرێت بگوترێت ئەگەر ئاڵۆزییە جیۆپۆلیتیکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کێشەی ئۆکراینا و شەڕی داعش لە ئارادا نەبووایە، نرخی نەوت زیاتر لەمەی ئێستا دابەزینی بەخۆیەوە دەبینی. سەرەڕای ئەوەش چونکە شەڕ و ئاژاوەکان لە هەردوو وڵاتی عێراق و لیبیا هێشتا نەبووەتە هۆکاری دابەزاندنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەو دوو وڵاتە، خۆی لەخۆیدا نەبووەتە هۆکاری ئاڵۆزبوونی بازاڕی نەوت.

## ڕۆڵی سعودیە

ئەوەی کە دەمێنێتەوە چەند پرسیارێکی گرینگە. بۆچی تا ئێستا سعودیە بۆ بەرزکردنەوەی نرخی نەوت ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی دانەبەزاندووە؟ یان بۆچی لە هەژموونی خۆی لە ئۆپێکدا کەڵک وەرناگرێت بۆ ئەوەی لەڕێی سنووردارکردنی پشکی وڵاتانی ئەندام نرخی نەوت بەرزبکاتەوە؟ بۆچی سعودیە ڕوویکردووەتە فرۆشتنی نەوتی هەرزان؟ ئایا مەبەستی ئەوەیە لەڕێی دابەزینی نرخی نەوت گوشار لەسەر ڕووسیا و ئێران دروستبکات؟

ئەوە دروستە کە سعودیە هیچ هەوڵێک بۆ بەرزکردنەوەی نرخی نەوت نادات، تەنانەت ڕازیش بووە بە فرۆشتنی نەوتی هەرزان. ئەوەش ڕاستە بەرپرسانی سعودی نیگەران نابن ئەگەر بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت گوشار لەسەر ئێران دروست بێت. بەڵام ئامانجی سعودیە لە هەرزان فرۆشتنی نەوت شتێکی دیکەیە. سعودیە بەو کارە دەیەوێت بەرژەوەندییەکانی خۆی لە بازاڕی نەوتدا بپارێزێت.

سعودیە لە دەیەی 80 وە فێری وانەکان بووە. لە ساڵی 1980 دا نرخی بەرمیلێک نەوت لە 35 دۆلارەوە لەناکاو دابەزی بۆ ژێر 10 دۆلار. سعودیە بۆ بەرزکردنەوەی نرخی نەوت ئاستی بەرهەمهێنانی خۆی بەڕێژەیەکی بەرچاو دابەزاند، بەڵام هیچ دەسکەوتێکی نەبوو، لەبەر ئەوەی وڵاتە نەوتییە تازە پێگەیشتووەکانی ئەوروپی وەک بەریتانیا و نۆروێژ ملیان کەچ نەکرد بۆ سیاسەتی سعودیە و لەبەر ئەوەش سعودیە زۆربەی بازاڕەکانی خۆی لەدەستدا و نرخی نەوتیش بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە ئاستێکی نزمدا مایەوە.

بە کەڵک وەرگرتن لەو وانەیە، ریاز پاراستنی بازاڕی نەوتی خۆی بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی بە کاریگەرتر دەزانێت تا ئەوەی بە دابەزینی بەرهەمهێنانی نەوت هەوڵی بەرزکردنەوەی نرخی زێڕی ڕەش بدات. هەڵبەت لە کورتەخایەندا دابەزینی نرخی نەوت زیانیش بە سعودیە دەگەیەنێت، بەڵام سعودیە ئەو توانایی و یەدەکی نەوتەی هەیە کە ڕووبەڕووی ببێتەوە. لە جیاتی ئەوە، سەرکردەکانی ئەو وڵاتە دەتوانن حیساب لەسەر ئەوە بکەن ئەگەر هاتوو نرخی نەوت زیاتر لەمەی ئێستا دابەزی، بەرهەمهێنانی نەوت، وەک نەوتی لیتەیی ئەمریکا ئۆتۆماتیک ڕادەوەستێ و ئەو ڕاوەستانەش کەمیی دابینکاری بەدواوە دێت و نرخی نەوتیش بەو هۆیەوە بەرزدەبێتەوە و بازاڕ خۆی لەگەڵدا دەگونجێنێ. ئەوە ستراتیژی ریازە و گەرەنتییەکیش نییە کە سەداسەد تێیدا سەرکەوتوو بێت. دەبینن کە دابەزینی نرخی نەوت بەهۆی هیچ پیلانێکی نێودەوڵەتیی نهێنی دروست نەبووە، بەڵکو گۆڕانکارییە دوو لایەنەکانی دابینکاری و خواست لەو بازاڕەدا نرخی نەوتی دابەزاندووە. سەرەڕای ئەوەش سیاسەتی وڵاتانی هەناردەکار دەتوانێت کاریگەری لەسەر دروستبکات.

***شارەزای نەوت**



(فۆتۆ: سیڤان محەمەد سەلیم)

ڕووداو
ژمارە (332) دووشەممە 2014/11/3



نەوزاد هێتوتی*

## ڕۆژئاوای کوردستان..

# ئایا هەڵوێستی ئەمریکا گۆڕاوە؟

ماوەیەکە پرسی ڕۆژئاوای کوردستان بووەتە بابەتێکی گەرمی ناوەندە سیاسی و میدیاییەکان و هێرشی داعش بۆ سەر کۆبانی و هاتنە سەرخەتی ئەمریکا و یارمەتیدانی کورد لە کۆبانی لە شەڕی دژی داعشدا، کۆمەڵێک پرسیاری گرنگی وروووژاندووە، لەوانەش: بۆچی ئەمریکا ئەوەندەی گرنگی بە پرسی کۆبانی دا؟ ئایا سیاسەتی ئەمریکا هەمبەر ڕۆژئاوای کوردستان گۆڕاوە و پشتیوانی لە دامەزراندنی ئیدارەیەکی سیاسی کوردی دەکات؟ ئایا کورد دەکرێت ببێتە هاوبەشی ئەمریکا لە شەڕی دژی داعش و هاوکێشە سیاسییەکانی دوای داعش لە سووریا؟

لەڕاستیدا ئێستاشی لەگەڵدا بێت سیاسەتی ئەمریکا نەک تەنیا هەمبەر ڕۆژئاوای کوردستان، بەڵکو هەمبەر خودی سووریاش ڕوون نییە و ئیدارەی ئۆباما هیچ ستراتیژییەکی دیاریکراوی نییە بۆ ئایندەی سیاسیی سووریا. ئەوەی زۆربەی بەرپرسانی ئەمریکا باسی دەکەن ئەوەیە کە قەیرانی سووریا لە ڕێگەی سەربازییەوە ناتوانرێت چارەسەر بکرێت و دەبێ لە ڕێگەی سیاسییەوە ئەم پرسە یەکلایی بکرێتەوە. لەم چوارچێوەیەشدا، ئەوەی پەیوەندی بە کوردەوە هەیە، بەتایبەت یارمەتیدانی کورد لە کۆبانی، نابێت بەو مانایە لێکبدرێتەوە کە سیاسەتی ئەمریکا هەمبەر ڕۆژئاوای کوردستان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. بەتایبەت دەبێت ئەوە بزانرێت کە بەرپرسانی ئەمریکا لە قەیرانی کۆبانیدا و تەنانەت لەکاتی ناردنی چەک بۆ شەڕڤانەکان و دواتریش ڕێگەدان بە چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچە کوردستانییە، جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە یارمەتیدانی شەڕڤانەکان و ناردنی چەک بۆیان، مانای گۆڕانکاری نییە لە سیاسەتی ئەمریکا هەمبەر کورد لە سووریا. بۆیە دەکرێت بڵێین ئەوەی ئێستا لە کۆبانی ڕوودەدات و گرنگیدانی ئەمریکا بەو پرسە پەیوەندی بە دوو فاکتەری سەرەکییەوە هەیە: یەکەم، ئەمریکا پرسی کۆبانی وەک کارتێکی گوشار دژی تورکیا بەکاردێنێ بۆ ئەوەی بەشداری شەڕی داعش بکات. لەبەرئەوەی لە ڕوانگەی ئەمریکاوە، تورکیا وەک یەکەم دەوڵەتی ئیسلامی سوننیی ئەندام لە هاوپەیمانیی ناتۆدا زۆر گرنگە بەشداری ئەم شەڕە بکات. بۆئەوەی لەلایەکەوە جیهانی ئیسلامی شەڕەکە بە شەڕێکی ئیسلامی-مەسیحی لێکنەدەنەوە و لە هەمان کاتدا بە بەشداریکردنی تورکیا، ڕێگە خۆش دەکات بۆ هاوپەیمانیی ناتۆ کە ڕۆڵێکی گرنگ لەم شەڕەدا بگێڕێت. ئەمە جگە لەوەی تورکیا سنوورێکی زۆری لەگەڵ سووریا هەیە کە زۆربەی هاوسنوورە لەگەڵ دەسەڵاتی داعش و بەبێ تورکیا لەوانەیە ئەم شەڕە قورس بێت. دووەم ، لە شەڕی کۆبانیدا، ئیدارەی ئەمریکا دەیەوێت بەهەر نرخێک بێت ڕێگە لە چەکدارانی داعش بگرێت بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم شارە، بۆئەوەی نەبێتە سەرکەوتنێکی سیاسی و مەعنەوی بۆ داعش و لە هەمان کاتیشدا ئەمریکا لە ڕێگەی ئەم شەڕەوە دەیەوێت پێشانی ڕای گشتی ئەمریکی و دەرەوە بدات کە ستراتیژیەتی ئۆباما لە شەڕی دژی داعش سەرکەوتن بەدەستدێنێ.

ئەمریکا لە سیاسەتی شەڕی دژی داعشدا بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە شەڕێکی درێژخایەن دەبێت بە تایبەت لە سووریا و بەو زووانە کۆتایی نایەت و تەنانەت هەندێ سەرچاوەی ئەمریکی ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم شەڕە سەردەمی ئۆباما تێدەپەڕێنێ و بەشێکی شەڕەکە بۆ سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا بەجێدەمێنێ. لەم چوارچێوەیەدا ئەوەی پەیوەندی بە سیاسەتی ئۆباماوە هەبێت و ئاشکرا کراوە لە سووریا، ئەوەیە کە هەوڵ دەدرێت هێزی سوپای ئازاد پڕچەک بکرێت و ڕاهێنانیان پێبکرێت بۆئەوەی لەکاتی پێویستدا وەک هێزی زەمینی ئەو ناوچانەی لەژێر کۆنترۆڵی داعشدان دووبارە کۆنترۆڵ بکرێنەوە و دواتر هەروەک جون کیری، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئاماژەی پێکردووە، هەوڵ دەدرێت لە ڕێگەی بەهێزکردنی توانا سەربازییەکانی ئەم سوپایەوە گوشار بخرێتە سەر ڕژێمی ئەسەد بۆئەوەی بە سازشی سیاسی کۆتایی بە قەیرانی سووریا بهێنرێت. کەواتە لێرەدا کورد لە کوێی ئەم سیاسەتەی ئەمریکادایە، بە تایبەت تاوەکو ئێستا کورد وەک میکانیزمێک بۆ دژایەتیکردنی داعش و گوشار خستنە سەر تورکیا بەکاردەهێنرێ و دیار نییە هاوکێشە سیاسییەکانی دوای داعش لە سووریا بە چ شێوەیەک دەبێت و سیاسەتی ئەمریکا هەمبەر کورد چ ئاراستەیەک وەردەگرێت. هەموو ئاماژەکان ئەوەمان پێدەڵێن کە پرسی کورد لە ڕۆژئاوادا کێشە و ئاستەنگی زۆری لەبەردەمدایە و بۆئەوەی لە هاوکێشە سیاسییەکانی دوای داعش لە سووریا پەراوێز نەخرێت و ببێتە ئەکتەرێکی سیاسی و لەلایەن زلهێزەکانەوە حیسابی بۆ بکرێت، زۆر گرنگە هەموو هێزە سیاسییەکان لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەی دهۆکدا خۆیان ڕێکبخەنەوە و بە گوتارێکی سیاسی یەکگرتوو لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە هەوڵی ڕاکێشانی پاڵپشتی بۆ پرسی کورد بدرێت و هەرێمی کوردستانیش دەتوانێت لەم ڕووەوە یارمەتییان بدات. لە لایەکی ترەوە پێویستە پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانی خۆیدا بکات، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە محیوەری ئێرانی- سووری- ڕووسییەوە هەیە. چونکە ناکرێت چاوەڕێی یارمەتی ئەمریکا و دەوڵەتە ئەوروپییەکان بکەی و لە هەمانکاتدا ئاراستەیەکی سیاسی هاودژی ئەم دەوڵەتانە پەیڕەو بکەی. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ پەیەدە سەرلەنوێ پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سووریی میانڕەو ڕێکبخات و گۆڕانکاری بەسەر شێوەی هاوپەیمانەکانی خۆیدا بهێنێت. هەموو ئەوەی ئاماژەمان پێدا دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە کورد ڕێگەیەکی سەختی لە پێشە و پێویستە زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ گەمە و هاوکێشە سیاسییەکان بکات.

*** قوتابی دکتۆرا لە بواری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و پرسی کورد- زانکۆی لیستەر- بەریتانیا**





غیاسەدین نەقشبەندی

## دەوڵەتی کوردی:

# خاڵێکی ڕووناک لە دەوروبەرێکی تاریکدا

جگە لە گومانی پیلانێکی تورکی بۆ لێدانی هێزی پێشمەرگە کە بەگوڵ و هەلهەلە بەرەو کۆبانێ ڕۆیشتن و جگە لەو هەواڵەی کە لەوانەیە ئۆباما وەزیری بەرگری و وەزیری دەرەوە بگۆڕێت لەبەر ئەوەی کارەکانیان بەباشی نەکردووە، هیچ شتێکی دیکە نییە وام لێبکات بڕوام لەق ببێت بەوەی لە دوو ساڵی داهاتوودا کوردستان دەبێتە دەوڵەت.

هەواڵەکان بەخێرایی بەرەو ئاقارێکی گەش بۆ دواڕۆژی کورد ڤارێ دەبن، بەتایبەت لە هەفتەی ڕابردوودا کاتێک بە گوڵ و هەلهەلە پێشمەرگەی کوردستان بەرەو کۆبانێ بەڕێکەوتن و لەوەش گرنگتر بەچەک و جبەخانەوە بەسەر خاکی باکووری کوردستاندا تێپەڕبوون. پێشموانییە تورکیا ئەوەندەی پێخۆشبووبێت، یانیش لەبەر چاوی ڕەشی خەڵکی کۆبانێ وای کردبێت، بەڵام یارییە ئیقلیمییەکە و گوشاری هاوپەیمانان و بزربوونی ئایدینتیتی تورکیا و مەترسیی ڕاکێشانی بۆ جەنگێکی لەبن نەهاتوو، بوونە فاکتەر بۆ ئەوەی تورکیا بە تاڵی جامەکە بنۆشێت.

کورد لەزەمانی ئیمپەراتۆریای میدیاوە بەو شێوەیە ئازادیی نەبینیوە و هیچ جارێکیش زلهێزەکان لەگەڵ دوژمنانی کورد بەقەد ئێستا نێوانیان تێکنەچووە، نامەوێ لێرەدا باسی بێ مۆڕاڵی سیاسەتی ئینگلیز و فەرەنسا و دواتر ئەمریکا بکەم کە چۆن بە دامەزراندنی ئەو مەرزە دەستکردانە خوێنی مرۆڤیان لەو دەڤەرە بەرامبەر بە نەفت و بەرژەوەندیی کۆلۆنیالی خۆیان هەڕاج کرد و چۆن دوای پێکهاتنی "سایکس پیکۆت" دەڤەرەکەیان کردە مەیدانی جەنگێکی بێ کۆتایی، لەدوای دامەزراندنی ئەو پێکهاتە خوێناوییەش فەرمانی لەناوبردنی ئەرمەن و جینۆسایدی کورد بووە پەیڕەوێکی ڕێگاپێدراو لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و گەیشتنی نەفت بەنرخێکی هەرزان، تەنانەت کوردیان بە شایستەی کۆلۆنیالکردنیش نەزانی، دابەشیان کرد بەسەر چەند دەوڵەتێکی کۆلۆنیالکراو و بەندەی ئەو مەرزە دەستکردانە، واتە ئێمە بووین بە بەندەی بەندە!

ئەوڕۆ وەک لاپەڕەیەکی نوێی دیرۆکی پڕ ئەزموونی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان و دەربازبوونیان بە دوو جەنگی جیهانیی سەختدا و لەدایکبوونی نەتەوەیەکگرتووەکان، شەپۆلە هزرییەکانی مرۆڤدۆست لە ئەوروپا گەشەیان کرد و هزری کۆلۆنیالییان بە مرۆڤدۆستی گۆڕییەوەو جەڵەویان دا دەست ئەمریکا وەک هێزێکی نوێی نوێنەرایەتی و بەرگریکردن لە هزری لیبراڵی ئەوروپی و دەستپێکردنی جەنگی سارد لەدژی سۆڤیەت و بلۆکی سۆسیال، بەنوێنەرایەتی ئەوروپا کە بەتێکڕایی وازی لەهزری کۆلۆنیالی هێنا و دەستی لە کۆلۆنییەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئەفریقا بەردا، ئەمریکاش بە یەکلابوونەوەی جەنگی سارد بە تاکە جەمسەر مایەوە.

جەنگی دژی تیرۆر دیاردەیەکی دەستکردە، چونکە بە داڕمانی بلۆکی سۆسیال، ئەمریکا نوێنەرایەتی ئەوروپا و هزری ڕۆژئاوای لەدەستدا، زۆر جاری دیکەش گوتوومە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە هەڵوەشاندنی بلۆکی سۆسیال هۆی لۆجیکی مانەوەو پێشکەوتنی خۆی لەدەستدا، چونکە نەمانی جەمسەرێک لە هاوکێشە سیاسییەکاندا مانای بەهێزبوون و سەرکەوتنی جەمسەرەکەی تر نادات بەقەد ئەوەی تووشی بێ واتایی و لاوازی دەکاتەوە، چونکە کەس نییە ململانێی لەگەڵ بکات و لەپێناو پێشکەوتنێکی بەردەوامدا بیکاتە هەڤڕک.

دەمێکی درێژ بوو ڤایرۆسی تیرۆر لەناو تاقیگەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کار و تاقیکردنەوەی لەسەر دەکرا، لەوێوە دەرپەڕی و لەدونیادا بڵاوبووەوە بۆ ئەوەی ببێتە هەڤڕکێکی نوێ بۆ تاکە جەمسەرێکی تۆقیو لە لەناوچوونی خۆی. کارەکان لێکترازان و لەدەستیاندا نەما، چونکە ڤایرۆسێکیان زیندووکردەوە کە هەزار و سێسەد ساڵە لەسوباتدایە، کردیان بە جەمسەرەکەی دیکە بۆ ئەوەی شەرعیەتی جەنگ بەناوی بەها و ئاکاری لیبراڵی مۆدێلی ئەمریکی بەدەستبێننەوە.

کاتی ئەوە هاتووە نەخشەی نوێ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناڤین دابنێنەوە، چونکە پێکهاتنی "سایکس-پیکۆت" 1916 لە دوو ساڵی داهاتوودا کۆتایی دێت و دەبێت دووبارە پێکهاتنەکی دی ئیمزابکەن، ئەو پێکهاتنەی کە لەسەرەتاوە بەکوشتن و جینۆساید دەستپێکرد و کۆتاییەکانیشی هەر کوشتن و جینۆساید بوون و ئەو کاتەی لەنێوان سەرەتا و کۆتاییەکەشی هەر کوشتن و وێرانی بوو، ئەوڕۆ دووبارە زیاتر لە 500 ژنی کورد لەپێشچاوی جیهانی پێشکەوتوو و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و نەتەوەیەکگرتووەکان لە بازاڕی بەندە دەفرۆشرێن و کەسیش هیچی پێناکرێت. ڕاستە ئەمریکا و فەرەنسا و چەند دەوڵەتێکی ئەوروپی هاریکاری کوردیان کردووە و هێشتان دەیکەن، بەڵام کەس نازانێت ئایا لە چ خاڵێک لەدەورەمان دەسووڕێن و بەرامبەر بە چەند بەرمیل نەفتێک دەمانکەنەوە قوربانی پێکهاتەیەکی نوێ.

جاران و لە خوێندنەوەمان بۆ شۆڕشەکانی کورد، هەمیشە شتێکمان دۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی بیکەینە هۆی تێکچوونی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد، بگرە لە سەلاحەدین ئەیوبییەوە کە هەندێک کەس دەڵێن خەتای ئەو بووە کورد نەبووە بەدەوڵەت و هەندێکی دیکە دەڵێن شێخ مەحموود تۆقەی لەگەڵ مس بێڵ نەکرد و دەستەسڕی لەسەر دەستی خۆی دانا و هتد.. بەڵام ئەوجارە هیچ هۆیەک نییە کورد دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێکنەهێنێت، چونکە تاکو نووسینی ئەو گوتارە بارودۆخەکە بە بەرژەوەندی ئێمەدا دەسووڕێتەوە و هەموو کورد لەسەر پێکهێنانی ئەو دەوڵەتە پێکهاتوون و ئەگەر بەهەڵە نەچم هاوپەیمانەکانیش بەوە گەیشتوون کە کوردستانێکی ئازاد دەبێتە خاڵێکی ڕووناکی لەناو دەوروبەرێکی تاریکدا.



د.سەلمان نادر

# پێویستمان بە شۆڕشێکی ئەخلاقی هەیە

جیهانی ئیسلامی لە گۆڕاندایە، چەند ساڵی ڕابردووش ئەو ڕاستییەی بەرجەستە کرد. ماڵئاوایی زۆرێک لە سەرکردە گەندەڵ و دیکتاتۆر و خوێنڕێژەکانی ڕۆژهەڵات دەتوانرێت وەک بەڵگەیەک بۆ ئەم بۆچوونەمان تەماشا بکرێت، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەم شڵەژان و گۆڕانکاریانە ببنە شۆڕش، شۆڕشێکی ئەخلاقیی قووڵ، چونکە تێکڕای قەیرانەکان قەیرانی ئەخلاقین، ئازارەکانی مرۆڤ لە پشتیانەوە ماکی نائەخلاقیانەی هەیە و بەبێ لابردنی هۆکارە حەقیقییەکان هەر هەنگاوێکی دیکە جگە لە ئازارشکێنێکی کاتی ناتوانێت شتێکی دیکە بێت.

هەموو بوارەکانی ژیان قەیرانی قووڵ و تاقەتپڕوکێن سەراپای تەنیون، خاڵێک کە تێکڕای ئەو قەیرانانە لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە قەیرانی ئەخلاقییە، ئەم قەیرانانەش زادەی یەکێک لە دوو ڕەهەندی گرینگی ئەخلاقین، ئەوانیش یان بریتین لەوەی بەهۆی وێناکردن و جیهانبینیی نائەخلاقیەوە بەرهەم هاتوون یان بەهۆی بەرجەستەکردن و هەڵسوکەوتی نائەخلاقیەوە هاتوونەتە بوون. ئیدی بوارەکانی ئەو قەیرانانە جیاوازن، هەر قەیرانێکیان ڕەنگ و بۆیەکی تایبەت دەدات، قەیرانێکیان لە بازاڕی سیاسییەکاندا جلوبەرگی سیاسەت و بەرژەوەندی و سەروەریی نیشتمانی پۆشیوە و باس لە حەقی دەوڵەت دەکات لە بەکاربردنی هێزدا بۆ پاراستنی یەکپارچەیی دەوڵەت لە مەترسیی دەرەکی و لەپێناوی ویفاق و گەشەی ناوخۆییدا وەک ئەوەی لە سووریا ڕوودەدات، قەیرانێکی دیکەشیان لە مەزادخانەی ئایندا هاوار دەکات بۆ کاڵاکانی بە دەقە پیرۆزەکان و تەفسیری موفەسیرە گەورەکان و ژیانی ڕۆحانییە مەزنەکان وەک ئەوەی هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکان کاری پێدەکەن و کوشتن و تەقینەوەو ماڵوێرانکردنی مرۆڤەکانی دیکە، بەڵام بە پاساوی ئاین و جیهادەوە. وەک ئەوانەی ژیان و ئازادی لە مرۆڤ دەتۆرێنن بەناوی ڕووبەڕوو بوونەوەی بیدعە و پابەندبوون بە شوێنکەوتنی نبووەتەوە.

قەیرانێکی دیکەیان سەدریەکی سپی و دەمامکێکی سەوزی پۆشیوەو لە تاقیگەیەکدا لەدایک بووە وەک ئەوانەی پێش خۆی جگە لە قەیرانێکی ئەخلاقی شتێکی دیکە نییە، زانستی پزیشکی کردووەتە کاڵایەک کە دەوڵەمەندەکان دەتوانن بیکڕن و هەژارەکانیش لێی بێبەشن، بە ملیۆنان هاووڵاتی دەمرن چونکە ناتوانن بە بەهای چەند دۆلارێک دەرمان بکڕن، لە بەرامبەردا نەشتەرگەری جوانکاری بەبێ بوونی هیچ پێداویستییەکی جەستەیی و دەروونی بووەتە دیاردە و پارەی خەیاڵیی تێدا خەرج دەکرێت، ئەمە بەدەر لە ڕۆڵی نائەخلاقیی کۆمپانیاکانی بواری دەرمان کە یاری بە چارەنووسی مرۆڤەکانی دیکە دەکەن.

قەیرانێکی دیکەش شەرعیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی جەهلی هەڵگرتووە و بە پاساوی زانین لە پێناو بەختەوەری مرۆڤایەتیدا دەبێتە هۆکاری پلیشاندنەوەی بەشێک لە مرۆڤەکان، خوێندن لە بری ئەوەی بۆ هەمووان بێت، بووەتە کاڵایەک ئەوانەی توانایان هەیە دەستیان پێی ڕادەگات و ئەوانی دیکەش لێی بێبەشن، ئەگەر لە خودی خۆیدا خوێندن بۆ گۆڕانکاری بێت لە جۆری ژیاندا، ئەوا جارێکی دیکە وەک کاڵایەک دەبێتە هۆی چەوساندنەوەی مرۆڤەکان، ئەمە بەدەر لە بەئامانج گرتنی خوێندنگا و قوتابخانەکان و کوشتنی قوتابیان و ئیحتکارکردنی مەعریفە لەلایەن کۆمپانیا و فڕاندنی قووتی هەزاران مرۆڤ بەهۆیەوە.

قەیرانێکی دیکەشیان بە دەنگێکی ئەفسووناویەوە پێمان دەڵێت باڵتان پێدەبەخشم بەڵام جگە لە کوشتنی سەفەری ڕۆحمان شتێکی دیکەی پێ نییە، هونەر ئەگەر بۆ ئەوەیە باڵ بە مرۆڤ ببەخشێت و لە جوگرافیای جەستەی ڕزگاری بکات، ئەوا ئەمڕۆ بووەتە ڕێگەیەک بۆ ئەوەی مرۆڤ بباتەوە بۆ لای خۆی، هونەری غەریزی و پۆرنۆ بووەتە بازنەی دزینی قووتی خەڵک و شکاندنی پێیەکانی. ئەگەر سەیری یەکێک لە بەرنامە جیهانییەکانی بواری هونەر بکەیت، دەزانی قووتی هەزاران هاووڵاتی لەم بەرنامەیەدا تەخشان و پەخشان دەکرێت، تێدەگەیت ئەم بازنەیەش چەندە خاڵی بووەتەوە لە بەهای ئەخلاقی، ئیدی بازنەی ئابووری لەم بوارەدا سەرپشکە، هەژارێک بۆ پاروویەک قووت عارەقە دەڕێژێت و دەوڵەمەندێک بەشی هەموو ژیانی ئەو لە لۆکسەریەکدا خەرج دەکات، ئەمە بەدەر لە چاوبەست و ڕێکلامی درۆ و مامەڵەی سوود و هەژارترکردنی هەژارەکان و عیملاقکردنی دەوڵەمەندەکان. قەیرانی ژینگەش لە ڕووی ئەخلاقیەوە کەمتر نییە، پیسکردنی ژینگە لەلایەن کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بواری نەوت و ئەتۆم و خوێنبەربوونی جەستەی وڵاتە هەژارەکانی لە کەرەستە سرووشتییەکان و ڕژانە باخەڵی وڵاتە دەوڵەمەندەکانەوە بەهەمان شێوە قەیرانی ئەخلاقین.

ئەگەر تەنها جارێک سەردانی کوشتارگەیەکی ئاژەڵان بکەی، دەبینی مرۆڤەکان چۆن بەربوونەتە گیانی ئەو ئاژەڵانە بەبێ ئەوەی ئەو هەمووە پێداویستیە ببێت بە گۆشت لە ڕووی جەستەییەوە، بگرە زیانیش بە مرۆڤ دەگەیەنێت، دەزانیت ئیدی قەیرانی ئەخلاقی چەندە قووڵە.

تەماشای باری ژن بکە دەبینین لەویش ئەم قەیرانە قووڵترە، ژن یان دەچەوسێنرێتەوە و ئازادییەکانی زەوت دەکرێن یان دەبێتە کاڵا و بازرگانیی پێوەدەکرێت، لە ریکلامەوە تا ڕادەیەک بۆ کۆکردنەوەی لایکی پەیجەکانیش لە سۆشیەڵ میدیادا جەستەی ئافرەتێک بەکاردەبرێت بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە چۆن دەبێت مرۆڤێک بەم هەموو بەهایەوە ببێتە وەسیلەی شتێکی دیکە.

ئیدی میدیا و ڕاگەیاندنیش لەم قەیرانانە بێبەش نین، لە شاردنەوەی حەقیقەتی ڕووداوەکانەوە بۆ چاوبەستکردن و بە کاریزماکردنی سامان و بەرژەوەندی چینێکەوە تا چاوپۆشی لە مەرگی چینێکی دیکە، ئەمانە هەموویان لە خاڵێکدا هاوبەشن، ئەویش قەیرانی ئەخلاقە. بەبێ شۆڕش لەم بوارەدا شۆڕش لەبوارەکانی دیکە ناتوانێت چارەسەری ئازارەکانی مرۆڤ بکات.



گۆران محەممەد

# پارتی خۆشە

وەک بڵێی پارتی بەدەست سلێمانییەوە گیری خواردبێت، ئاخر ژمارەی ئەو گۆڕانکاریانەی لە ڕێکخستنەکانی خۆی لەو شارەدا دەیانکات، گەواهیدەری ئەگەرێکە لە دووان، یان ئەوەتا پارتی لە سلێمانیدا نیو نەفەری نییە عەیب نەبێ تۆزێ هەڵیسێنێتەوە، یانیش تا ئێستا پارتی لە زمانی ئەو شارە تێنەگەیشتووە و ئەگەر وابێ هەر تێشناگات.

لە سەردەمی ناکۆکیی ئاشکرایاندا، ئاخر ئێستاش هەر هەمان سەردەمە بەڵام هەندێ بە نهێنی، ئەوکات بۆ شۆخی، یەکێتییەکان ناویان لە لقی چوار نابوو لقی خوار، ڕاستتان دەوێ؟ دروست وایە، ئاخر لەوەتەی ئەو لقە هەیە، چڵەپۆپێکی لێنەبووەتەوە لە شت بچێ. ژمارەی پارتییەکانی سلێمانی لە نۆسەت و هیچەوە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، ئەوە نەبێ وردە وردە لێیان دەمرێ، ئاخر هیچ پێناچێت لەم بیست ساڵەی دواییەدا پارتییەکی تازە لە سلێمانی لەدایک بووبێ.

پارتی حیزبێکی خۆشە، حاڵی لە سلێمانی شڕە، کەچی چووە بەرپرسی لقی هەڵەبجەی بۆ سلێمانی هێناوە، ئاخر لە سایەی ئەم سەرلقەدا، پارتی لە دواهەڵبژاردندا لە هەڵەبجە دەنگەکانی جوان و زەریف کەمیان کرد، کە بۆ سلێمانییان هێناوە بڵێی بەتەمای چی بن؟ خۆ ئەگەر لەخەیاڵی ئەوەدان سەرلقی نوێ، ڕێژەی نەگۆڕی جەماوەری پارتی لە سلێمانی بەرەو هەوراز ببات، ئەوە نەک هەر نایبات، بەڵکو لە داهاتوویەکی نزیکدا بە هەموو پارتی لە سلێمانیدا هێندەی گۆرانی ئینزیبات جەماوەریان نابێ.

هێژا فازڵ بەشارەتی، کە تازە کراوەتە بەرپرسی لقی پارتی لە هەڵەبجە، کاتی خۆی لە ئەندام پەرلەمانێکی گۆڕانی دابوو! کە سەرلقی نوێ پیاوێکی هێندە دیپلۆمات بێ، پێشبینی دەکەم لە هەڵبژاردنی داهاتوودا پارتی لە هەڵەبجە، هەر هێندەی حیزبی شیوعی لە بارزان دەنگ بهێنێ.

زێدەگۆیی تێدا نییە ئەگەر بڵێین گەورەترین لۆبی ناو پارتی دوای بارزانی، هەورامییە، ئاخر وەک دەڵێن ئەگەر پارتی بڕووخێ بەسەر هەورامیدا دەڕووخێ، کەچی بارەگای پارتی لە هەوراماندا ئەوە چەندین ساڵە، ماڵی پێشمەرگەیەکی خۆیەتی لە بیارە، پارتی کە لەو کوێستانە خۆشەی هەوراماندا کەپرێکی پێ ئاوا نەکرابێ، ئەوە بێگومان لە سلێمانیشدا سنووری چالاکییەکانی لە دوو مێزی چایخانەی هەورامییەکان تێناپەڕێ.

لقەکە خوارە و ڕێکبوونەوەی ئەستەمە، هەر کاتێک هێژا کەریم گوڵانی کرا بە پارێزگاری دهۆک، ئەوکاتیش بەڕێز عزەدین بەرواری لە سلێمانی دارێکی لەدەست شین دەبێ. باشترین کار کە بەرپرسی تازەی لقی پارتی لە سلێمانی بیکات، کۆکردنەوەی ئەو دوو کۆستەر پارتییەیە کە لە ژیاندا ماون و لە سەرەتای بەهاردا بۆ سەیرانیان ببات و وێنەیەکی بەکۆمەڵیان بگرێت، ئینجا ئەم وێنەیە بە مۆزەخانەی سلێمانی پێشکەش بکات، تا نەوەکانی داهاتوو بزانن لەو شارەدا ڕۆژانێک پارتی هەبوو.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# هەموو ڕێگەکان دەچنەوە کۆبانێ، بەڵام چۆن؟

گرەوێکی گەورە، لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لەسەر شارێک یان ناوچەیەک کرا کە ڕەنگبێ نیوەی کورد تا ئەم دواییەش هەر نەیانزانیبێ لە کوێیە، یان هەر ناویشیان نەبیستبوو. کۆبانێ و ئەو گەمارۆدانە و تەنانەت داگیرکردنی بەشێکی زۆری ناوچەکە لەلایەن داعشەوە، زۆر لێکەوتە و دەرهاوێشتەی جیاواز و نوێی بەدوای خۆیدا هێنا.

پارتی کە لە شنگال تووشی شکست بوو، بە خێرایی بە سیاسەتی خۆیدا چووەوە و هەستی کرد کە ڕاستە ئەمریکا لە ناوچەکە نەماوە، بەڵام لە چاوترووکانێکدا دەتوانێ بێتەوە و ئەو ئۆبامایەش کە دەیانگوت مێشی پێ لەخۆی دەرناکرێ لە ئانوساتێکدا گەورەترین هاوپەیمانیی جیهانی لە دژی داعش دروست کرد کە لە دوای جەنگی یەکەمی کەنداوەوە لە 1991، نموونەی نییە و بووە بە پاڵەوانی شەڕی دژ بە تیرۆر! هەڵەی پارتی کە خۆی سەرکردایەتیی سیاسەتی دەرەکی و بڕیارە ستراتیژییەکان دەکات، ئەوە بوو کە سیاسەتی تۆڵەسەندنەوەی لە مالیکی کردە مەسەلەی مان و نەمان و زۆر بێ منەتانە مامەڵەی لەگەڵ ئەو داخوازییانەی ئەمریکا کرد کە بچێتە بەرەی شەڕی دژی داعش، بەڵام ئەو سیاسەتە تا ئەوکاتەی کە پارتی بە ناچاری نەچووە بنباری بەیعەت نوێکردنەوە لەگەڵ بەغدادا، هیچی لێ شین نەبوو، بە پێچەوانەوە وەختابوو هەولێریش بەدەردی مووسڵ ببات.

یەکێتی کە کەمترین ڕۆڵی لە بڕیارە ستراتیژییەکان و زۆرترین ڕۆڵی لە سیاسەتی ملشکاندندا هەیە، هیچ درێغی لە قۆستنەوەی ئەم هەل و هەلانە نەکرد و ئاستی پەیوەندییە سەربازییەکانی خۆی لەگەڵ ئێران و میلیشیا شیعەکاندا گەیاندە لووتکە و تەنانەت بووە پردێکی باش بۆ گەیاندنی چەک و تفاقی ئێرانیش لە ڕێگەی ئەو شوێنانەی کە تێیاندا باڵادەستە. بەڵام سەرباری ئەوەی کە هێشتا بەشێکی زۆری خاکی باشووری کوردستان لەلایەن داعشەوە داگیرکراوە، خەمی یەکێتی، ڕزگارکردنی ئامرلی و کۆبانێ بوو! کۆبانێ وەکو سیمبۆلێک لێکرا کە ئەگەر بگیرێ (کە تا ئێستا بەشێکی زۆری گیراوە) پارتی و تورکیا تاوانبارن. بەڵام ئەوە سەری نەگرت، یارمەتیی شەڕڤانان بەچەک و، ناردنی هێزی پێشمەرگە بەناو خاکی تورکیادا بۆ کۆبانێ، وایکرد کە یەکێتی باداتەوە بۆئەوەی "دەبووایە پێشتر شەنگال بگیرێتەوە، ئینجا یارمەتی کۆبانێ بدرێت" و لە مانۆڕێکی چاوەڕوانکراودا مەکتەبی سیاسی ڕوویان بەرەو بەغدا سووڕاندەوە، بەڵکو بتوانن بڕە پارەیەک بۆ کوردستان چنگ بخەن و بڵێن یەکێتی پارەی بۆ کوردستان هێنایەوە!خۆشیان لە بن باری ئەو تۆمەتانە دەرهێنن کە دەستیان هەبووبێ لە بڕینی بودجەدا. یەکێتی لە کۆبانێ هیچی دەستنەکەوت، دیمەنەکانی پێشوازی لە پێشمەرگە کە وێنەی بارزانیی باوک و کوڕیان بەرز کردبووەوە، تەنانەت لە میدیاکانی یەکێتیدا بایەخی پێنەدرا.

پەکەکە کە پێیوابوو دەتوانێ کۆبانێ وەکو کارتێکی فشار لە دژی دەوڵەتی تورک بەکار بهێنێ، پارتە کوردییەکانی باشوور و سیاسەتیان لەگەڵ تورکیادا ڕەزیل و ڕسوا بکات، لە ئانوساتێکدا کارتەکەی لەدەست دەرهات، هێزەکانی هاوپەیمانان لەسەر ڕاسپاردەی بارزانی، داعشیان بۆردومان کرد، تورکیا ڕێگەی دا پێشمەرگە بچێت و لە هەمانکاتیشدا پەکەکە لەسەر داوای تورکیا ڕازی بوو هێزەکانی سوپای ئازادی سووریاش بچنە ناو کۆبانێ.

ئەوەی لەو بەینەدا قازانجی کردووە تورکیا، داعش و ڕژێمی ئەسەدن کە لەسەر حیسابی کۆبانێ هەریەکەیان شتێکیان چنگ کەوتووە، ئەسەد پشوویەکی باشی داوە، داعش هەموو تەرکیزی دنیای خستووەتە سەر کۆبانێ و لەولاشەوە بەرەو بەغدا دەخزێ و، تورکیاش چۆکی بە پەکەکە داداوە کە دەبێ لە ڕۆژئاوا لایەنی دیکەش لە ئیدارەدا بەشدار بن و تەنانەت لە ڕۆژئاوا جڵەوی هەندێک شتی گرتووەتە دەست وەکو دوایی دەردەکەوێ.

بۆ کورد ئەگەرچی کۆبانێ بەحیساب بووەتە ڕەمزی یەکبوون و یەکڕیزی، بەڵام پێناچێ ئەوە شتێکی درێژخایەن بێت و کاتییە، زۆر بڕناکات.



ناسر باباخانی

# ڕووحانی و چارەسەری کێشەی نەتەوەیی بە 20 وشە

وا یەک ساڵ تێدەپەڕێ کە سەرکۆماری ئێران، عەلی یوونسی وەک ڕاوێژکاری تایبەتی خۆی بۆ کاروباری نەتەوەکان و کەمینە ئایینی و مەزهەبییەکان دیاری کردووە بە مەبەستی — بە وتەی خۆی- چارەسەری کێشەی نەتەوەکان و کەمینە ئایینییەکان و... ئەمەش یەکەمجارە وەها پۆستێک لە پێکهاتەی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیدا دەستنیشان دەکرێ، بەڵام تا ئێستا هیچ چەشنە هەنگاوێکی بە کردەوە لەلایەن یوونسییەوە نەهاوێژراوە.

بەر لەوەی بپەرژێمە سەر ئەم باسە، هێنانە گۆڕی بابەتێکی پەیوەندیدار بە پێویست دەزانم. دەوڵەتی ڕووحانی لە سەرەتای دەستبەکاربوونی، مەنشوورێک بەناوی "مەنشووری مافی شارۆمەندی" وەک ئاڵتەرناتیڤێک بۆ "مەنشووری مافی مرۆڤ" دادەڕێژێ، واتە لەم مەنشوورەدا "شارۆمەند" جێی "مرۆڤ" دەگرێتەوە! لەڕاستیدا هەر لە سەرەتاوە ئەم مەنشوورە لەسەر بنیادێکی غەیری مافی مرۆڤ دامەزراوە، پرسیار ئەمەیە: بۆ شارۆمەند؟ بۆچی مرۆڤ نا؟ (کارمان بە لایەنی حقووقیی باسەکەوە نییە). هۆکارەکەی دیارە بۆ هەرچی سنووردارترکردنی ویستی خەڵکی ئێران لە چوارچێوەکانی مافی مرۆڤ دەگەڕێتەوە و لە هەمان کاتیشدا موزایەدەیەکی سیاسییە بۆ ئەوەی وا بنوێنرێ کە دەوڵەتی ڕووحانی بەڵێنەکانی کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی بردووەتە سەر، وەک شیرین عیبادی براوەی خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ دەڵێ: "بە خوێندنەوەی مەنشووری مافی شارۆمەندی وەبیر مەسەلەی سەرلەنوێ سازکردنی چەرخ کەوتمەوە و پرسیارم لەخۆم کرد گەلۆ پێویستە دیسان چەرخ سازبکەینەوە؟ ئەوەی وەک مەنشووری مافی شارۆمەندی ئاراستە کراوە، پێشتر لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا هاتووە، هەروەها لە کاتی سەرکۆماری خاتەمی لە مەجلیسی شەشەمدا زۆر بە تێروتەسەلی پەسند کراوە، بەڵام هەرگیز نەهاتووەتە واری جێبەجێکردنەوە".

ئەم مەنشوورە 20 لاپەڕەییە سەرەتا بە ئایەتێکی قورئان دەستپێدەکات و پاشان بە وتەیەکی ئیمامی یەکەمی شیعە! ئەم دەسپێکە هەر لە سەرەتاوە مافی ئایین و ئایینزاکانی دیکە پێشێل دەکات. مەنشوورێک کە قەرارە ڕێز لە سەرجەم مەزهەبەکان بگرێ، یەکەوڕێ دەیانخاتە پەراوێزەوە.

لە کۆی ئەم مەنشوورەدا تەنیا لە دوو بەندی 116–3 و 117–3دا باسی نەتەوەکانی دیکە کراوە، ئەویش لە 20 وشەدا. واتە دەیەوێ گەورەترین گرفتی ئەم وڵاتە کە زۆر کێشەی ئەمنی لێکەوتووەتەوە لەسەر ئاستی نەتەوەیی و مەزهەبی، لە کوردستان و ئازەربایجانەوە بگرە هەتا ئەحواز و هورمزگان و بەلووچستان و تەنانەت خۆراسان، تەنیا و تەنیا بە 20 وشە چارەسەر بکات!

لەسەرجەم ئەم مەنشوورەدا مافەکان مەرجدارن و لێکدا لێکدا دەڵێ دەبێ ئەم مافانە لە چوارچێوەی یاسا لەسەر بنەمای ئایینی ئیسلام و یاسای بنەڕەتی بن، ئاسایشی نەتەوەیی تێکنەدا و... ئەم مەرجدارکردنە خۆی لە خۆیدا بەربەستە بۆ ئازادیی بیروباوەڕی جیاواز.

ئەحمەد شەهید ڕیپۆرتەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافی مرۆڤ لە ئێران لە مارسی ئەمساڵدا گوتی: "مەنشووری مافی شارۆمەندی دەوڵەتی ڕووحانی توانای وەلانانی ئەو یاسا و سیاسەتانەی نییە کە بووەتە هۆی جیاکاری و هەڵاواردنی نەتەوەیی و ئایینی". ئەگەر قەرارە بە وتەی یوونسی، لە چوارچێوەی ئەم مەنشوورەدا کێشەی نەتەوەکان و مەزهەبەکانی ئێران چارەسەر بکرێن، ئەوا هیچ دەراوێکی ڕوونی بۆ بەدی ناکرێ.

ئەوەی تا ئێستا بەدی دەکرێ، ئیرادەیەکی جیددی لە گۆڕێدا نییە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی نەتەوەکان و کەمینە مەزهەبییەکان، چون لەڕاستیدا ئیدیۆلۆژی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای دووجەمسەرییەک بە ناوی شیعەگەری و ئێرانیچێتی دامەزراوە و جگە لە مەزهەبی شیعە لەگەڵ ئایین و مەزهەبەکانی دیکە هەڵسوکەوتێکی دادوەرانەی نەبووە و لە هەمان کاتیشدا وەک یەکەیەکی گشتی دەڕوانێتە وڵاتی ئێران نەک وڵاتێکی پێکهاتوو لە پاژە جۆربەجۆرە نەتەوەییەکان، کەوابوو باوەڕی بە فرە ئایینی و فرە نەتەوەیی لە ئێراندا نییە و تا هەنووکەش گەڵاڵەیەکی تایبەتیشی نییە بۆئەوەی تەنانەت بە ڕواڵەتیش بووبێ هەنگاوێکی بچووک هەڵێنێتەوە.

ڕووحانی بەڵێنەکانی خۆی نەبردە سەر، ئەمە لەکاتێکدا زۆرترین دەنگی لە ناوچە کوردنشین و سوننەنشینەکان وەدەستخست کە بێگومان ئەگەر دەنگی ئەوان نەبووایە نەدەگەیشتە شەقامی پاستۆر! کە سەیری پێکهاتەی دەوڵەتەکەی دەکەی وەزیر سەهلە، تەنانەت لە کۆی وەزارەتەکاندا یەک یاریدەدەری سوننە یا کورد نابینی، یەک پارێزگاری کورد نابینی، شووڕای ڕاوێژکاری ئەهلی سوننەت کە بەڵێنی دابوو ساز نەدرا و... بە باوەڕی من بەپێی ئەوەی کە یوونسی خۆی سیمایەکی ئەمنییەتی بووە — وەزیری ئیتلاعاتی دەوڵەتی خاتەمی- ئێستاش هەر بە شێوەیەکی ئەمنییەتی مامەڵە لەگەڵ دۆزە نەتەوەییەکان دەکات و شیاوی ئەم پۆستە نەبوو، لە هەمووان گرینگتر لە سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا هەندێ ناوەندی دەسەڵاتدار و توندئاژۆ هەن کە وەک دەست و پەیوەندی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لەسەرووی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە، بەردەوام ڕێگر بوون لە چارەسەری کێشە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان.

ئەزموونی 35 ساڵەی دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامی نیشانیداوە بە هیچ کلۆجێک باوەڕی بە پلۆرالیسمی نەتەوەیی، سیاسی، فەرهەنگی و مەزهەبی نییە و ئەم چەشنە پۆست و مەنشوورانە ئاسۆیەکی یەکجار دوورەدەستن و لەئاستی دروشمێکی ڕووکەشیانە تێناپەڕن.



گیونول تۆل

# تورکیا و کۆبانی

لە ماوەی 48 کاژێردا، تورکیا لە ناوبردنی PYDەوە بە گرووپێکی تیرۆریستی، وەرگەڕا بۆ ڕێگەدان بە چوونی چەک و هێزی پشتیوانی لە کوردستانەوە بۆئەوەی هاوکاری شەڕڤانانی PYD بکەن لە شەڕی دژی داعشدا.

ئەو گۆڕانکارییە بەرچاوەی سیاسەتی تورکیا و هەروەها باشبوونی پەیوەندییەکانی نێوان ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و PYD، ڕەنگە شەڕی دژ بە داعش لە کۆبانی بە قازانجی کورد بشکێنێتەوە. ڕەنگە ڕێگەش بۆ چارەسەرێکی کۆتایی لە نێوان تورکیا و PKK کە شەڕێکی 30 ساڵە لەنێوانیاندا هەیە، خۆش بکات. ئەمەش بەربەستێکی گەورە لەبەردەم ستراتیژی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لادەبات.

بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێک سەرکردەکانی تورکیا لە ئەنکەرە بەرامبەر فشاری نێوخۆیی و نێودەوڵەتی وەستانەوە لە مەسەلەی هاوکاریکردنی کۆبانیدا، لە کاتێکدا کە کۆبانی ببووە چەقی بەرگریی لەدژی داعش. کوردی تورکیا ڕژانە سەر شەقامەکان بۆ ئەوەی ناڕەزایی لە دژی دەستەوەسانیی تورکیا دەربڕن لە مەسەلەی هاوکاریکردنی خزمەکانیان لەودیوی سنوورەوە. لە کاردانەوەیەکیشدا بەرامبەر بێخەمیی سەرۆکی تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە ئەگەری ئەوەی کە ڕەنگە کۆمەڵکوژی لە کۆبانی لەسەر دەستی داعش ڕوووبدات، سەرۆکی بەندکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان، عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕایگەیاند کە ئەگەر کۆبانی بکەوێت ئەوا کۆتایی بە پرۆسەی ئاشتی دێت لە تورکیا.

بەهۆی هاوکاریی هێزی پێشمەرگە و هاوکارییەکانی ئەمریکاوە، ئەگەری کەوتنی کۆبانی چیدی نزیک نییە. تورکیا دەتوانێت ئێستا هەناسەیەک هەڵکێشێت، بەڵام ئەو بوارەی تا ماوەیەکی درێژ نابێت. بڕیاری واشنتن لەمەڕ هاوکاریکردنی سەربازیی پەیەدە ئاماژە بۆ دەستپێکی هاوپەیمانییەکی نوێ دەکات، لە کاتێکدا تورکیا لەو پێشوازییە دیپلۆماسیەی ڕۆژئاوا و بەتایبەتی ئەورووپا لە PYD ناڕەحەتە.

لە وەڵامی هەڕەشەکانی دەوڵەتی ئیسلامیدا، پەکەکە و پێشمەرگە و پەیەدە بەرەیەکی یەکگرتوویان دروستکردووە. شەڕڤانانی پەیەدە هاتنە هاوکاریی پێشمەرگە و پێشڕەوییەکانی داعشیان بۆ هەرێمی کوردستان ڕاگرت. پەیەدە هاوکاریی هەزاران ئێزدی کرد تاوەکو لە چنگی داعش هەڵبێن کاتێک کە داعش هێرشی کردە سەر ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستان. ئەمەش گرنگ بوو بۆئەوەی کە PYD ببێتە جێی ئومێد بۆ ئەورووپا تا بۆشایی سەربازیی سەر زەوی پڕبکاتەوە. PYD بەمجۆرە سەرنجی میدیاکانی ڕۆژئاوای بۆخۆی ڕاکێشا. هەر لەوکاتەوە کە PKK شەڕی دژی دەوڵەتی ئیسلامی لە باکوری عێراق دەستپێکرد، لە ناوەندەکانی ئەورووپادا مەسەلەی دەرهێنانی ناوی PKK لە لیستی تیرۆر هاتە بەرباس. ئێستاش هاوپەیمانیی ئاشکرای ئەمریکا لەگەڵ PYD ترسەکانی تورکیا زیاتر دەکات.

بەڵام ئەگەر سەرکردەکانی تورکیا بتوانن بڕواننە ئەودیوی ترسی لەمێژینەی خۆیان بەرامبەر بە کورد، دەتوانن دیالۆگی پەیەدە- ئەمریکا لە بەرژەوەندی خۆیان بقۆزنەوە. پەکەکە بەهۆی ئەو شەرعیەتە نێودەوڵەتییەی کە بەم دواییە بەدەستیهێناوە و هەروەها ئەو هاوپەیمانییەی کە لەنێوان ئەمریکا و PYD دروستبووە، نایەوێت هەموو ئەمانە بخاتە مەترسییەوە و توندوتیژی لە دژی تورکیا دەستپێبکاتەوە.

بۆ تورکیا کێشەی کورد تەنیا کێشەیەکی ئەمنی ناوخۆیی نییە. ترسی تورکیا لە پەیدابوونی ئۆتۆنۆمییەک لە باکووری سووریا، وای لێکردووە کە نەتوانێ ڕۆڵێکی کارا لە هاوپەیمانیی دژە ئەسەد و هاوپەیمانیی دژە داعشدا بگێڕێت. تورکیا بە هۆی هەڵە لێکدانەوەکانی لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا، لە مەسەلە هەرێمیەکاندا پەراوێز کەوتووە. ناشتوانێت لە کۆبوونەوەکانی دەربارەی سووریا ئامادە نەبێت، بەهۆی تەحەفوزاتی لەمەڕ پەیەدەوە.

تورکیا سنووری زۆری لەگەڵ سووریا هەیە و ملیۆنێک و 600 هەزار ئاوارەی سووری هەیە و پەیوەندی مێژوویی لەگەڵ گرووپە ئیتنی و مەزهەبیەکانی سووریادا هەیە. تورکیا کە بۆخۆی نشینگەی ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراوی سەلەفیە، یەکێکە لەو وڵاتانەی کە زۆرترین ئەگەری کەوتنە بەر هێرشی دەوڵەتی ئیسلامی هەیە. لەبەرئەوە لە بەرژەوەندی ئەنکەرەیە کە خێراتر کار لەسەر پرۆسەی ئاشتی بکات لەگەڵ پەکەکە، بۆ ئەوەی بتوانێت گرنگی بەو بابەتە هەستیارانە بدات.

سیاسەتەکانی تورکیا هێشتا هەر بەو شێوەیە دەبن کە مامەڵە لەگەڵ کێشەی کورد بخەنە پێش هەموو خەمێکی دیکەی تورکیاوە. سیاسەتەکانی تورکیا وای لە کوردی سووریا کرد کە پەیوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سووریا نەبەستن. هەر سیاسەتەکانی تورکیاش بوو کە وای لەو وڵاتە کرد خۆی لە هاوپەیمانییەکەی ئەمریکا لە دژی داعش بەدووربگرێت، چونکە تورکیا داعش وا دەبینێ کە نەک تەنیا هێزێکی کاریگەرە لە دژی ڕژێمەکەی ئەسەد، بەڵکو هێزێکی کارای دژ بە پەیەدەشە.

شەراکەتی نێوان ئەمریکا- پەیەدە- تورکیا دەتوانێت بەرەو لابردنی ڕژێمی ئەسەد هەنگاو بنێت کە کاری لەپێشینەی حکومەتی ئەنکەرەیە. تورکیا ڕەخنە لە هاوپەیمانییەکەی ئەمریکا لە دژی داعش دەگرێت و دەڵێت کە کێشە سەرەکیەکەی پشتگوێ خستووە، ئەویش مانەوەی ئەسەدە لە دیمەشق. بەڵام ئەمریکا دەتوانێت لەگەڵ پەیەدە کاربکات بۆ لابردنی هەردووکیان.

بە فشاری گونجاوی واشنتن و ئەنکەرە، کوردی سووریا بە ئایدیۆلۆژیا سێکولار و هێزە کاریگەرەکانیانەوە دەتوانن ببن بەو هێزە زەمینییەی کە ڕۆژئاوا لە مێژە خۆزگەی بۆ دەخوازێت. ئەمریکا هەنگاوێکی پۆزەتیڤی لەمەڕ دووبارە پێداچوونەوە بە مامەڵەکردنی لەگەڵ پەیەدە هەڵهێناوە. لەکاتێکدا کە تورکیا بەهۆی کێشەی کوردەوە خۆی لە هاوپەیمانیی دژە داعشدا پەراوێز خستووە، بۆ پەکەکە و تورکیاش کارێکی گرنگ دەبێت ئەگەر ئەو پرۆسەی ئاشتیەی کە ئێستا ڕاگیراوە بەرەوپێش ببەن.

با هیوای ئەوە بخوازین کە بڕیاری ئەمریکا و تورکیا بۆ هاوکاریکردنی پەیەدە تەنها شتێکی تاکتیکی نەبێت.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# بەختی عەبادی

زۆرکەس بە حکومەتەکەی عەبادی دەڵێن "کابینەی ئینگلیزی". هۆیەکەشی ئەوەیە کە زۆر لە وەزیرەکانی و تەنانەت بۆخۆیشی هەڵگری رەگەزنامەی بەریتانین و لەو وڵاتە ژیاون. هەن ئومێدی زۆریان بەو پیاوەیە و دەڵێن مادام هەم ئێران پشتیوانیی دەکات و هەم بەو باکگراوندە رۆژئاواییەوە ئەمریکا و بەریتانیا و وڵاتانی دیکە لەپشتین، کەواتە دەتوانێت قەیرانەکانی عێراق چارەسەر بکات، بەڵام برواناکەم عەبادی هێندە خۆشبین بێت و بڕوای بەوە کردبێت کە قەبارەکەی هێندەی سێبەرەکەیەتی.

هەفتەی رابردوو لە خورماتوو وێنەی قەیرانەکانی عێراقم بەتەواوەتی دیت. تێشگەیشتم ئەو قەیرانانە لەوە گەورەترن عێراقییەکان دەسەڵاتیان بەسەردا بشکێ و بۆیان هەبێت چارەسەریان بکەن. کە دەڵێم عێراقییەکان مەبەستم عەبادی و لەویش باڵاتر، واتە سیستانییە.

موحسین بەتات، نوێنەری سیستانی لە کەرکووک پێیگوتم "مەرجەعی باڵا" زامنی پاراستنی برایەتیی کورد و شیعەکانی عێراقە. ئەو نموونەی بە فتواکەی ئایەتوڵڵا محەممەد باقر حەکیم هێنایەوە کە لە شەستەکاندا شەڕکردنی لەدژی پێشمەرگە حەرامکرد. بەو نوێنەرەی سیستانیم گوت خەڵکی کوردستان گلەیی لە مەرجەعی باڵاتان دەکەن و دەڵێن نزیکەی ساڵێکە ئەو بەغدایەی شیعە حوکمی دەکات بودجەی کوردستانی بڕیوە و ئەو لێی بێدەنگە. بەتات کەمێک داما و گوتی: "ئاخر مەرجەعییەت تەدەخول لەو وردەکارییانەدا ناکات و لەسەر هێڵە گشتییەکانی ئیدارەی وڵات رادەوەستێ". هەردوولامان بێدەنگ بووین، کەمێک دواتر بەردەوام بوو و گوتی: "راستیت پێبڵێم وەزیرەکانی حکومەتی عێراق لە مەرجەعییەت یاخی دەبن". ئینجا نموونەی بە وەزیری پێشووی پەروەردە هێنایەوە کە شیعە بووە و سیستانی هەندێک رێنمایی دەرکردووە لەسەر نێوەڕۆکی کتێبەکانی خوێندن، بەڵام "وەزیر یاخی بوو و بەقسەی نەکرد".

ئەو قسەیەی نوێنەری سیستانی هی ئەوەیە دڵەڕاوکێ دروست بکات. چونکە دەردەکەوێت ئەگەر سیستانی دۆستی کوردیش بێت، تەنیا تاوەکو ئەو شوێنە قسەکانی لەلای سیاسییە شیعەکانی عێراق بڕەدەکەن کە قازانجی بۆ پەزەکان هەبێت. بۆنموونە کاتێک فتوای دەرکرد پیاوانی شیعە لەدژی داعش چەک هەڵبگرن، بەناوی پابەندبوون بەو فتوایەوە چەندین میلیشیا دروست بوون و زیندووکرانەوە.

سادەترین چاوەڕوانی کە خەڵکی کوردستان تاوەکو ئێستا لە عەبادی هەیبێت ناردنی بودجەی کوردستانە، بەڵام وەک کەسێکی ئاگادار بۆی باسکردم عەبادی لە دانیشتنێکی چەند رۆژی رابردوویدا لەگەڵ ئەمریکییەکان گوتوویەتی ناتوانین بودجەی کوردستان بنێرین، چونکە پارە لە بانکەکاندا نییە. بەرلەوەی وەزیری دارایی عێراق، کە کوردە، دەستبەکاربێت، گوتەبێژەکانی عەبادی دەیانگوت هۆکاری نەناردنی بودجە ئەوەیە کە کوردەکان وەزیرەکەیان دانانێن و تەنیا ئەو دەتوانێ بودجە بنێرێت. ئێستا کە ئەو بیانووە نەماوە، بیانوویەکی نوێ دۆزراوەتەوە. کەسیش لە عەبادی ناپرسێت: "مادام پارە بۆ کوردستان لە بانکەکاندا نییە، ئەی مووچەی فەرمانبەرانی عێراق بە کام پارە دەدرێت؟"

هەرچەندە عەبادی شوێنی مالیکیی گرتووەتەوە، بەڵام هێشتا دەستخەت و واژۆی مالیکی بە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقەوە دیارە. سەرکردایەتیی یەکێتیش ئەم راستییە باش دەزانن، بۆیە هەفتەی رابردوو، لەجیاتی ئەوەی بچنە لای عەبادی، شاندێکی باڵایان لە دەرگای مالیکیی دا.

گرفتی عێراق یەک و دوو نین. داعش یەکێکە لە گرفتەکان، بەڵام گرفتی لەو گەورەتر سێبەری ئەو سیاسییە عێراقییە دەستڕۆیشتووانەیە کە هەریەکەیان ئەجێندای یەک دەوڵەت یان زۆرتر لە وڵاتەکەی خۆیدا جێبەجێ دەکات. ئەجێندای ئەو دەوڵەتانەی مەیدانێکی چاکتر لە عێراق نادۆزنەوە بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێکانیان. بۆیە لەم قۆناخەدا سەرۆکوەزیری لە وڵاتێکی وەکو عێراقدا زۆرتر لەوەی درەوشانەوەی ئەستێرەی بەخت بێت نەگبەتییە.






بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# بومەلەرزەیەک تورکیای هەژاند

رۆژی 29/10/2014 بومەلەرزەیەکی بەهێز تورکیای هەژاند. ناوەندی بومەلەرزەکە هەولێر بوو، بەڵام لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی تورکیا هەستی پێکرا. هێندە بەهێز بوو کە قەڵای سەرجەم رەگەزپەرستانی ئەو وڵاتەی لەرزاند.

گاڵتە ناکەم، ئەمە بەڕاستی روویدا، رۆژی 29ی تشرینی یەکەم کە ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری تورکیایە و ساڵانە بە ناوی جەژنی کۆمارەوە یاد دەکرێتەوە، ئەمساڵ بووە جەژنی کورد. خۆری کورد ئەمجار لە باشوورەوە هەڵهات و لە باکوور درەوشایەوە بۆ رزگارکردنی خۆرئاوا.

دۆستانی کورد، شانازییان بە براکانیانەوە کرد و دوژمنانیش پەست بوون. لە تورکیاش ئەمە هەر بە هەمان شێوە بوو، بومەلەرزەکە راستە ماڵی هەزاران نەژادپەرستی هەژاند، بەڵام ملیۆنان کوردی تورکیا، بیلبیلەی چاویان گەش دەبووەوە کاتێک قافڵەکانی پێشمەرگە بست بە بست بەناو ئاپۆڕای خۆشەویستیدا رێگەیان دەبڕی بەرەو کۆبانێ. ملیۆنان لەو تورکانەش کە باوەڕیان بە دیموکراسی و ژیانی هاوبەش هەیە، ئەم پێشهاتەیان بە ئاسایی و مافێکی رەوا دەبینی.

ئەگەر تەنیا تێرمێک هەبێت بۆ تەعریفی ئەم پێشهاتە، دەبێت بڵێین "وەرچەرخانی مێژوویی". وەرچەرخانێک کە لە توانایدایە قەدەری پڕ سوێی کورد بگۆڕێت و ببێتە هەوێنی ئاشتی و سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ئەم وەرچەرخانە خوێندنەوەی زۆری بۆ کرا، هەر کەسە و بە شێوەیەک لێکیدایەوە. بە تایبەتیش لە تورکیا کە من دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم، کاردانەوەیەکی گەورەی دروست کرد. بەشێک لە کۆمەڵگەی تورکیا کە خۆشبەختانە ئێستا بوونەتە کەمینە، بەوپەڕی توندڕەوییەوە هێرشیان کردە سەر رۆیشتنی پێشمەرگە بەناو "خاکی وڵاتەکەیان"دا.

گیانمان بەوە بوو دەستیان نەدەڕۆیشت هیچ بکەن، تەنیا تویتەریان بەدەستەوە بوو کە رق و کینەی خۆیانی لێوە دەربڕن. چاوێکم بە تویتەکانیاندا خشاند و دوو شتم بۆ دەرکەوت: یەکێکیان بەدبەختی و ئەوی دیکە بەختەوەری. بەدبەختییەکە ئەوەبوو کە هاووڵاتیانی نزیکترین دراوسێمان هێندە رق لەدڵ بن بەرامبەرمان. بەختەوەرییەکەش ئەوەبوو کە چیدی ئەو تەوژمی رقە لە تورکیاش نامۆیە و بە تەعبیری قەیمان ئەمجارە دەفی رەگەزپەرستان دەنگ نادات.

ئەگەر رێگەم بدەن، دەمەوێت بە چەند دێڕێک موخاتەبەی ئەو تورکە رەگەزپەرستانە بکەم کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە نەفرەتیان بڵاودەکردەوە:

ئەی برای تورکم! ئەو خاکەی تۆ ئەمڕۆ پێی دەڵێیت باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا، باوباپیرانی خۆت پێیان دەگوت کوردستان. لە سەلجوقییەکانەوە هەتا سەر دوا سوڵتانی عوسمانییەکەت هەر بە خاکی کورد ناویان دەبرد. ئەم زمانەی ئەمڕۆ تۆ بەکاری دەهێنیت، هی خۆی نییە، میراتی ئەو هێزانەیە کە لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا سنوورەکانی ئەم ناوچەیەیان بە راستە کێشایەوە.

ئەی برای تورکم! ئەو کۆمارەی تۆ پێوەی دەنازی و پێت ناخۆشە لە ساڵیادی دامەزراندنیدا پێشمەرگە بە سنوورەکانیدا بڕوات، هێندەی خوێنی تۆ بە خوێنی کوردیش بنیاتنراوە. ئەو خوێنەی ئاڵاکەتی سوور کرد لە جەستەی کوردەوە دڵۆپ بە دڵۆپ تکا هەتا دەریایەکی لە خوێن دروست کرد. کاتێک لە جەنگی چەنەقەڵا و سەربەخۆیی تورکیادا، چەکمان هەڵدەگرت و دەهاتین بۆ هاوکاریی باوباپیرانت بۆچی نارەحەت نەدەبووی، بەڵام ئەمڕۆ کە دەچین بۆ رزگارکردنی هاوخوێنانمان، خوێن دەچێتە چاوت؟

بۆچی تێناگەیت برای تورکم؟ ئێمە تیرۆریست نین... ئێمە چاومان لە خاکی کەس نییە... تەنیا داوای مافی رەوای خۆمان دەکەین! دەڵێین چیت بۆ خۆت پێ رەوایە، بۆ ئێمەش پێت رەوا بێت! دەڵێین وەرە با وەک برای راستەقینە بژین! دەڵێین ئێمەش گەلێکین وەک تۆ، ناومان هەیە، مێژوومان هەیە و دەمانەوێت ئایندەمان هەبێت، نەسڕدرێینەوە!

بۆچی تێناگەیت لەو راستییەی زۆرینەی دانیشتووانی وڵاتەکەی خۆیشت لێی تێگەیشتوون؟ بۆچی دان بەوەدا نانێی کە چیدی تۆ دەنگی ناسازیت لە تورکیادا؟ بۆ بەخۆتدا ناچیتەوە و بڵێی نیوەی تورکیا دەنگ دەدەن بە پارتێک کە هەنگاو بەرەو تێگەیشتن لە کورد دەنێت؟ تۆ بڵێی هەموو ئەوانە گێل بن و بەس تۆ راست بیت؟ بێگومان نەخێر.

وەرە واز بهێنە لەو دوعایەی کە لە خۆت زیاتر کەس پێی ناڵێت ئامین. چاوت هەڵبڕە و تێبگە کە بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگاکەت لەگەڵ تۆ نین، لەگەڵ دیموکراسی و پێکەوەژیانن، ئەوەتا نوێنەرانی ئەوان لەسەر دەسەڵاتن. ئەو نوێنەرانەش ناترسن لەوەی کورد وەک گەلێک قبوڵ بکەن و دانوستاندن و هەماهەنگی لەگەڵدا بکەن.

بە کوردی و بە کورتی، تۆ ئاسایی ببەرەوە، هەتا تێپەڕینی پێشمەرگە بە تورکیادا، لەسەر بنەمای یاسایەک کە زۆرینەی پەرلەمانی وڵاتەکەت دەنگی لەسەر دا، نەبێت بە بومەلەرزە. تۆ بڵێی پەرلەمانتارەکانت کە دەنگیان بەو یاسایە دا نەیانزانیبێ دەنگ بە چی دەدەن؟ مەعقولە پرۆژە یاساکەیان نەخوێندبێتەوە کە رێگە دەدات بە (هێزی سەربازیی بیانی) بە خاکی ئەو وڵاتەدا تێپەڕن؟ تۆ بڵێی هیچ بە بیریاندا نەهاتبێت کە پێشمەرگەش هێزێکی سەربازیی بیانییە؟

چارەسەری هەموو کێشەکە ئەوەیە کە تۆ ئاسایی ببیتەوە. وەکو مرۆڤێکی هاوچەرخ هەڵسوکەوت بکەیت. تێبگەیت کە خودی تێپەڕینی پێشمەرگە بە تورکیادا بومەلەرزە نییە، بەڵکو شپرزەبوونی بێمانای تۆ دەبێتە هۆی ئەوەی دیمەنی بومەلەرزە وەربگرێ لە وڵاتەکەتدا.



کامەران محەممەد عەزیز

# پێشمەرگە.. کەشتییەکەی نوح یان تایتانیک؟

پێشمەرگە ناچێتە کۆبانی بۆ ئەوەی رزگاری بکات، بەڵکو دەچێت بۆئەوەی هەمیشە بە زیندوویی بیهێڵێتەوە. هیچ کەسێک باشتر لە شاعیرێک ناتوانێت وەسفی گەورەیی و جوانی دیمەنی پێشمەرگە لە کۆبانی بکات، هیچ کەسێکیش خراپتر لە ئەکادیمییەک خەڵک لە چێژی ئەم جوانییە بێبەش ناکات. چارەنووسی هەر چۆنێک بێت، چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانی قۆناغێکی نوێی گەورە دەبێت لە کاروانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی لە تەواوی بەشەکان. کاریگەری گەورەی لەسەر بیرکردنەوە و مومارەسەی سیاسەتی هەر تاکێکی کورد دەبێت. سیاسەتی کوردی چەندین هەنگاو لەسەر ئاستە جیاوازەکان دەباتە پێشەوە، بەرگێکی نوێی خاوەن پاکی و شەرعیەت بە سیاسەت و خەباتی کوردیدا دەکات. جگە لەمانەش، دەسەڵات لە رێگای گوتار و ناڕەتیڤی گەورەوە دەتوانێت و دەبێت دیزاینی ئەم رووداوە بکات بە جۆرێک مانایەکی نوێ ببەخشێتەوە بە بەها و هەستە نەتەوەییەکان کە دەمێکە لە قەیرانی قووڵدایە.

سەرتاپای مێژووی دەوڵەت-نەتەوە لە رۆهەڵاتی ناوەڕاستدا بریتی بووە لە مێژووی دروستکردنی مەرگەساتی گەورە بۆ نەتەوە ژێردەستەکان. بە درێژایی سەدەی رابردوو هەمیشە کورد لە هەر شوێنێک بووبن لە ژێر پاساوی ناڕەتیڤی (پاراستنی سەروەری و نەبەزاندنی سنووری دەوڵەت) بێدەنگ کراون. بەڵام سەیر بکە ئێستا کورد چی بە سنوورەکان دەکەن. کورد لە باشوور دەمێکە کۆتاییان بە ئەفسانەکانی یەکپارچەیی و پیرۆزی و سەروەری و سنووری عێراقی مەزن هێناوە. ئێستاش هەلومەرجێک هاتووەتە پێشەوە کە کورد سنووری دەوڵەتی تورکیا دەبڕن. پێشمەرگە نەوەک هەر سنوورەکان دەبەزێنێ، بەڵکو شەرمەزاریشیان دەکات. دەمێکە (کینیتز والتن) گوتوویەتی هەلومەرج و بنیادەکان دەستنیشانی رەفتاری وڵاتەکان دەکەن، بە مانای کاپتنی کەشتییەکە ناتوانێت رێڕەوی کەشتییەکە بگۆڕێت، بەڵکو دۆخی دەریاکە ئەمە دەکات. ئەمەی هاتووەتە پێش دەرئەنجامی واقیعێکە لە سەرووی هێزی تورک و فارس و عەرەبەکانەوەیە. پێشتر گۆڕانکارییەکانی بەجیهانیبوون، دواتریش رووداوەکانی بەهاری عەرەبی، ناسەقامگیریی سیاسی لە ناوچەکەدا ژینگەیەکیان خولقاند کە کورد بتوانن مێژووی هاوچەرخی خۆیان جیاواز لە رابردووە خوێناوییەکەیان بنووسنەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا، بەشێکی گەورە لە مێژووی کورد دەرچوون بووە لە یارییەکان بە ئەنجامێکی خراپەوە. نەیارانی کورد بۆ بەختی کورد بەردەوام توانایەکیان دەبێت رێڕەوی ئەم کەشتیە بگۆڕن و چارەنووسی وەکو کەشتییەکەی تایتانیک لێبکەن و بیدەن بە بەستەڵەکێکدا. نەیارانی کورد لە تاریکترین چرکەساتی پەیوەندییەکانیاندا ژوورێکیان بۆ پیلانگێڕی دژی کورد هێشتووەتەوە. لەم ساتەدا رەنگە یەکێک لە پیلانەکانیان هێنانەوەی ئاژاوە بێت لە بەرەکانی جەنگەوە لە کۆبانی، یان هەوڵبدەن وێنەی سیاسەتی کوردی بشێوێنن و پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی خراپتر ببێت، چونکە بەشێک لە دی ئێن ئەی نەتەوەکانی ناوچەکە رەتکردنەوەی کوردە بە گێڕانەوەی دەیان چیرۆکی بێ لەزەت.

رووداوی چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانی زۆر بە خێرایی و لە بارودۆخێکی زۆر نارۆشندا بەڕێوەدەچێت، دەوڵەتمەدار بە قەولی دۆناڵد رامسفێڵد "دەبێت لەم جۆرە هەڵوێستەدا کردار بکات دواتر پلانی بۆ دابنێت". خوێندنەوەکان هەرچۆنێک بن نابێت خەڵک لە چێژی ئەم جوانییە بێبەش بکەن. کاتی نە رەشبینی نە گەشبینییە، وەک کینگ ئارسەر دەڵێت: گەشبینەکە وازی لە سەوڵ لێدان هێنابوو دەیگوت خەریکە کەشتیەکەمان دەگاتە شوێنێکی ئارام، رەشبینەکە وازی لە سەوڵ لێدان هێنابوو چونکە بێ ئومێد ببوو، بەڵام واقیعبینەکە هیچی نەدەگوت و تەنیا سەوڵەکەی لێدەدا. پێشمەرگە دەبێت بڕوات، کاتی نیگەرانی و هەڵپەڕکێش نییە. دەبێت کەشتییەکەی پێشمەرگە بەردەوام بێت لە جووڵە.



دەیڤد ڕۆمانۆ

# یەکەم هەنگاوی تورکیا لەدژی داعش

هەنگاوی رێگەدان بە چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانی تا هاوکاریی پارێزەرانی ئەو شارە بکەن، هەنگاوێکی بچووک نییە. تورکیا یەکەم هەنگاوی راستەقینەی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام نا. بۆ ئەم هەنگاوەش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستە سوپاسی تورکیا بکات.

کاربەدەستانی تورکیا بەهەموو شێوەیەک ئەوە رەتدەکەنەوە کە ئەمە هەنگاوی یەکەمی وڵاتەکەیان بێت لەدژی داعش. ئەوان دەڵێن لە زووەوە رێگە لە تێپەڕبوونی چەکدارانی داعش دەگرن و رێگە لە تێپەڕبوونی نەوتە قاچاخەکەی دەگرن. دژە وەستانەوەکە زۆر بە دڵ و گیانەوە نییە، وەک ئەوەی رۆژنامەنووسان ئاماژەی بۆ دەکەن. هەنگاوەکانی ئەنکەرە هێندەی دیکە بۆش دەردەکەون کاتێک کە بە ڤیدیۆ پێشاندەدرێت سەربازە تورکەکان لەگەڵ چەکدارانی داعش لە نزیک کۆبانی پێکەوە گفتوگۆدەکەن، دوای نیو کاژێر گفتوگۆکردن ئینجا خواحافیزییەکی دۆستانە لەیەکتر دەکەن. هەموو کەس دەزانێت کە هەر جیهادیەک بیەوێت لە سووریا شەڕ بکات، بلیتی فڕۆکەکەی بۆ ئیستەنبوڵ دەبڕێت نەک عەممان یان بەیروت یان شوێنێکی دیکە.

رەنگە هەندێک کەس و لایەن ئاماژە بۆ ئەوە بکەن کە تورکیا نزیکەی 200 هەزار ئاوارەی کوردی وەرگرتووە و ئەوەش وەکو هەنگاوی دژە داعش ئەژمار دەکەن. لەڕاستیدا ئەمە هەنگاوێکی مەردانە و مرۆیانەیە و تورکیا دەبێت لەم رووەوە دەستخۆشی لێبکرێت، بەڵام هیچ ئاماژەیەک نییە کە حکومەتی تورکیا دژی داعشە. دوای ئەوەی کە تورکیا زیاتر لە یەک ملیۆن ئاوارەی عەرەبی سووری وەرگرتووە، نەیدەتوانی رێگە لە هاتنەناوەوەی 200 هەزار ئاوارەی کورد بگرێت، بەتایبەتی کە داعش بە دوایانەوە بوو. ئەگەر رێگەیان لە هاتنە ناوەوەی ئاوارە کوردەکان بگرتبایە، کاردانەوەی نێودەوڵەتی و سەرهەڵدانی نێوخۆیی کوردی باکوور زۆر توندتر دەبوو. لە تورکیا ئەو بارگرانییەی کە ئاوارە لەسەر دانیشتووانەکەی دروستکردووە گەلێک لەو بارگرانییەی لوبنان و ئوردن و کوردستانی عێراق کەمترە.

کاربەدەستانی تورکیا بەردەوام دەڵێن کە نابێت چاوەڕوانی ئەوەیان لێبکرێت سەرباز بنێرنە سووریا، مادام وڵاتانی رۆژئاوا خۆیان ئامادە نین ئەو کارە بکەن و ئامادە نین بە ئاشکرا کار بۆ رووخاندنی رژێمی ئەسەد بکەن. راست دەکەن، بەڵام ئەو راستییەیان پشتگوێ خستووە کە هیچ کەس داوای لێ نەکردوون سەرباز بنێرنە سووریا. ئەم قسەیەی تورکیا تا دوا سنوور بێ مانایە، هەروەکو ئەو قسەیەی ئەڵمانەکان کە گوتیان نابێ چاوەڕوانی ئەوەیان لێبکرێ کە سوپاکەیان ئارامی بۆ چەند بەشێکی ئۆکراینا بگەڕێننەوە.

راستییەکە ئەوەیە کە ئەنکەرە و زۆر لە تورکەکان دوودڵن دەربارەی داعش. توندڕەویی ئەو جیهادیانە ئەنکەرە دوودڵ دەکات و فشاری رۆژئاواش قورسایی خۆی هەیە لەسەر بڕیارەکانی تورکیا. جگە لە توندڕەوەکانی باڵی راست، تورکە سێکولارەکان چاویان بە کارەکانی داعش هەڵنایەت. بەڵام تورکە ناسیۆنالیستەکان و سوننە ئیسلامیستەکانی پارتی داد و گەشەپێدان پێیان خۆشە کە دەبینن داعش هێرش دەکاتە سەر ئەسەد. ئەو راستیە پشتگوێ دەخەن کە تەنیا نزیکەی 20%ی هێرشەکانی داعش دژی رژێمەکەی ئەسەدە لە دیمەشق و زۆربەی هێرشەکانی بۆ سەر گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکەیە. ئەوان هەروەها خۆشحاڵن کە دەبینن داعش هەڕەشە لە حکومەتە شیعیەکەی بەغدا و ئەو دەستەش دەکات کە لەپشتی بەغداوەیە، واتە تاران. زۆر خۆشحاڵن کە دەبینن داعش هێرش دەکاتە سەر پارتی یەکێتی دیموکراتی و ئۆتۆنۆمیەکەی.

ئەم دوودڵی و ناتوانایییەی تورکیا بۆئەوەی کە وێنە گەورەکە ببینێت، بە سوودی تورکیا ناشکێتەوە. رەنگە دواجار کاربەدەستانی ئەنکەرە بۆیان دەرکەوتبێت کە دوودڵییەکەیان بەرامبەر داعش زیان بە کەسایەتی تورکیا لە دەرەوە دەگەیەنێت و هاووڵاتییە کوردەکانیشی هێندەی دیکە لەخۆی توورە دەکات. دوای ئەوەی کە هیچیان پێ نەما تا ئەو گەمارۆیەی سەر کۆبانێ شەرح بکەن و دوای چەند تاخیرکردنێک و دوای ئەوەی چەند جارێک بە ناڕاستی گوتیان کە کوردی رۆژئاوا چوونی هێزی پشتگیری بۆ کۆبانی دوا دەخەن، دواجار ئەنکەرە ناچاربوو رێگە بە یەکەیەکی بچووکی هێزی پێشمەرگە بدات بچێتە کۆبانی.

بەڵام ئەگەر کاربەدەستانی تورکیا بەڕاستی دەیانەوێت هاوکاربن، دەتوانن زۆر لەوە زیاتر بکەن. دەتوانن رێگە بدەن ئەمریکییەکان بنکەی ئاسمانیی ئەنچەرلیک بەکاربێنن. دەتوانن هەنگاوی جددی بگرنەبەر لە بەرامبەر هاتوچۆی جیهادییەکان بەنێو خاکی تورکیادا و گواستنەوەی نەوتە قاچاخەکەیان. لە هەموو شتێک گرنگتریش ئەوەیە کە دەتوانن بڵێن هەندێک داواکاری دیاریکراوی کوردی سووریا بۆ تورکیا جێی نیگەرانی نییە. ئەگەر تورکیا رێگە بدات سوپای ئازاد لەگەڵ پەیەدە رێکبکەوێ، ئەوا هاوپەیمانیی نێوان هەردوولا (پەیەدە و سوپای ئازاد) زۆر بەهێزتر دەبێت لە دژی ئەسەد و لە دژی داعشیش. ئەگەر ئۆتۆنۆمی کورد لە سووریا و عێراق وا لە کوردی تورکیا دەکات داوای هەمان شت بکەن، ئەوکات تورکیا دەتوانێت بڵێت هەرکەسێک دەتوانێ هەر شتێکی بوێت داوای بکات، ئەوەندەی کە داواکارییەکان لە چوارچێوەی یاسا و سیستەمی سیاسیدا بێت، بەڵام مەرج نییە داواکارییەکان جێبەجێ بکرێن. سیاسەت لە سیستەمی دیموکراسیدا ئاوا دەکرێت.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



# جوان حاجۆ چوار سیمبول کۆدەکاتەوە

12 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net

